ئەبوبەکر شوان

لەژێر ساباتی کوردەواری دا

هەولێر ٢٠١٢

لەژێر

ساباتی کوردەواری دا

لەژێر

ساباتی کوردەواری دا

ئەبوبەکر شوان

هەولێر-٢٠١٢

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

ناوی کتێب: لە ژێر ساباتی کوردەواری دا
نووسینی: ئەبوبەکر شوان
پیت چنین و نەخشەسازی ناوەوە: نووسەر
نەخشەسازی بەرگ: ئامانج ئال ئەمین
چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆشنبیری – هەولێر/ ٢٠١٢

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٤١٤) ساڵی (٢٠١٢)ی پێدراوە

مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان و خاوەنی کتێبەکە
ئەم کتێبەو کتێبەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم سایتە بخوێنەوە
www.kurdchap.com

پێشکەشە:

بە ئێوە

برا جوانخاسەکانم

*مەلا خالید

*حاکم هادی

*مامۆستا سامی

هەمیشە هەر لەشساغ بن

پێشەکی

خوێنەری بەڕێز

ئـەوەی دەیگێڕمـەوە، لێتـان نایـشێرمەوە، گـەر بـە سـۆیە یـا بەبۆیـە یـان هـی منـە یـان هـی تۆیـە، ئـەوەی تـەواوە یـان زڕە وەرمگرتـوون بـەبێ قڕە،گـوێم بـۆ هەڵخـەنیوە ئـەوەی باشـە یـا گەنیوە وا خوانی شەوچەرە، بۆتان والآیە لەسەر بـەرە، پـڕە لـە بەرهەمی مێوە،ئەوە خۆخەو هەنارەو ئەوەش سێوە، بۆیدانیـشە لەجێوە، یان بەڕاوەستان و لـەڕێوە، ئـەوەی زەرد و سـۆرە یـان شین و ڕەنگ بۆرە یان هەمەلایەنە و هەمە جۆرە، هەرچی گـوڵ و گیای دەشتە، ئەوەی دیوتە یان هەشتە، ئەوە کنێرە ئەوە شلێرە ئـەوە ڕەیحانـە و ئـەوەش مەرجانـە ، ئـەوەی شـیلان و مێخەکـە، هەمووی سەنگی مەحەکە، ئەوەی ڕژدە و بـە قینـە یـا دڵخۆشـە و یان غەمگینە،

ئـەوەی قـسەی خۆشـە، وەکـو خۆشـاو بینۆشـە، جـا ئـەوەی پێخواسە یان بێ کراسە، یان وەزیرە یان کەناسە، لێرەدا هەرچیم بینیـوە یـان بیـستووە یـان بـێ حـەزە و یـان ویـستووە، هەرچـی چیرۆکی بەجۆشـە یـا ڕووداوێکـی بەخرۆشـە یـان سـەربووردەیە و بەمانایە، ڕێزم کردوون بۆم دانایە، ئەوەی ڕوویداوە یـان هەمیـشە

بۆی سووتاوە، چ لە گوندابن یا لەشاربن، دامناون بە ڕێکی دیاربن.

ئەوەی دڵگیرەو دەلالە

یاسازگار و زولالە

جا ڕۆحەکەم: هەر نها و ڤێگاڤێ

والآی دەکەم

دەیسووێنم

دەیبژوێنم

ڕێکی دەخەم

نیشانی دەدەم

هەڵیبژێرە، ئەوەی خشڵە و ئەوەی زێڕە

ئەوەی باشە و ڕەونەقدارە و بە قاشە

لە خەیاڵتا بە وێنەوە، کۆی بکەرەوە و بیخوێنەوە، بڕوانە! لەو هەموو شتانە! سەیری کە چەند جوانن، ئەهاااا، شایانی تێڕامانن!!

نووسەر

هەولێر/٢٠١٢

پیاوە گەورەکە و نهێنی

دەڵێن: یەکێك هاتە لای گەورە پیاوێکی بەدەسەڵات، وتی: قوربان، دەمەوێ هەندێ نهێنیت بۆ بدرکێنم و گەر فەرمان دەی ئەوەی لێرەیە بچنە دەرەوە.

گەورە پیاوەکە فەرمانی دا ئەوەی لێرەیە بچتە دەرەوە.

جا پیاوەکە هاتە پێش و ویستی قسان بکاتو نهێنیەکە بدرکێنێ، پیاوە گەورە و بەدەسەڵاتەکە وتی: جارێ بوەستە!

١- گەر پیاهەڵدان و ستایش بێ ئەوا پێویستیم پێی نیە، چونکە خۆم، خۆم باشتر دەناسم.

٢- گەر بوختانیش بێ بەخەڵکان ئەوا بەوەش قبوولم نییە.

٣- گەر باقرۆی هەڵبەستراوەیە، ئەوا هەرگیز من گوێی پێنادەم.

کابرا حەپەسا و شڵەژا و وتی: قوربان، مادام وایە، رێم پێبدە لە خزمەت جەنابتان مورەخس بم.

پیاوە گەورەکە وتی: دەرگا والآیە دەتوانی برۆی لێ، ئاگاداری زوبانی خۆت بە.

* * *

کەرامەتی حەزرەتی شێخ عەبدولقادر گەیلانی

خەڵکەکە رووی لە حوجرەی مزگەوت کردبوو، گوێیان بۆ قسە و پەند و ئامۆژگارییەکانی مامۆستا قوڵاغ کردبوو، مامۆستا

فەرمووی: خوای گەورە بە چاوی زاتی قودرەتی خۆی دەبینیٚ و هەمیشە لەگەلٚ ئەو کەسانەیە کە زاهید و جاهید، خاشع و قانع دوورن لە شالووزی. بۆیە حەز دەکەم هەر وەکو لە زۆر کتێبان وا نووسراوە و هەروا دەگێڕنەوە کە ئافرەتێك کوڕی خۆی دێنێتە لای حەزرەتی شێخ عەبدولقادر گەیلانی، پێی دەلێ:

قوربان ئەو کوڕەم زۆر باسی جەنابتان و دلّی هەمیشە لە لای زاتی ئێوە بۆیە منیش لە مافی خۆم خۆشبووم، با لە خزمەت جەنابتان و خەلوەتگەی ئەو تەکیەیە بێت، بەلّکو ئینشائەلّلا، کوڕێکی باش و گوێڕایەلٚ و خوا ترسی لێدەردەچێت.

دەلێن: ئەو کوڕە لەلای حەزرەتی شێخ بوو، موجاهەدەی دەروونی خۆی دەکردو خەریکی خواپەرستی بوو.

ڕۆژێکیان، دایکی کوڕە، سۆز و موحەببەتی بۆ کوڕەکە هەلّدەقولێ، دەلێ: با سەردانی کوڕەکەم بکەم بزانم چۆنە و لە چیدایە؟.

دایکی کوڕە دەچێ و سەردانی کوڕەکەی خۆی دەکا، دەبینیٚ ئەو کوڕە جوانخاسە! چۆن جەخار و پەژموودە[1] و کتارۆ[2] بووە وا سیما و روخساری زەرد هەلّگەڕاوە و نانی جۆ دەخوا.

---

[1] – پەژموودە: بێتاقەت

[2] کتارۆ: زەعیف

مامۆستا وتی: که دایکی کوڕه بەم جۆره کوڕەکەی خۆی چاو پێکەوت، ئاگری تێبەر بوو، دڵی سوتا و بەهەڵەداوان خۆی گەیانده خزمەت حەزرەتی شێخ.

دایکی کوڕەی بینی ئەوه حەزرەتی شێخ چێشتێکی بەلەزەت، گۆشت و مریشك دەخوا، بۆیه وتی: قوربان جەنابی حەزرەتی شێخ، کوڕم نانی جۆ بخوا، جەنابیشتان گۆشتی مریشك.

مامۆستا وتی: که حەزرەتی شێخ گوێی له قسەی دایکی کوڕه بوو، بۆیه وتی: ئەڵڵا، ئەی مریشك زیندووبەوه بەفەرمان و ئیزنی خوای گەوره.

دەڵێن: مریشك زیندوو بۆوه، دایکی کوڕه سەرسام بوو.

حەزرەت فەرمووی: خوشکێ، کەی کوڕەکەی تۆ، ئەوهای لێهات هەرچی دەخوا با بیخوا.

کاکه، جا ئەوەیه گەورەیی حەزرەتی شێخ(قەدەسه سرەهو)

* * *

دزی له ئارامگای شێخ عەبدولقادری گەیلانی

هاوڕێیەکم گێڕایەوه وتی: له کوت[٢] سەرباز بووم، پێنج شەممان زۆربەی زۆری سەربازەکان بۆ خۆیان دادەبەزین، بۆ شار

---

[٢] - کوت و نەجەف: دوو پارێزگان کەوتوونەته باشووری عێراق(گوڵستان و ئارامگای ئیمامی عەلی(ر.خ) له شاری نەجەفه و ئارامگای شێخ عەبدولقادر له بەغدایه

دەچوون. هەبوو بەماشێنی خۆی دەهاتەوە هەولێر. پێنجشەممە و هەینی لەماڵ دەبوون و شەممەی بەیانیەکەی لە ئۆردی ئامادە دەبوون.

هاوڕێیەکەم بەردەوام بوو وتی: ئێوارەی پێنجشەممە هاوڕێیەکم هاتە لام و وتی: برۆ بابچینە نەجەف، هەندێ پیاسە دەکەین و شەو لە ئوتێل دەخەوین و بۆ بەیانییەکەی دەگەڕێینەوە.

منیش وتم: داوای لێبوردن دەکەم.

وتی: بۆ دەگەڵم نایێی؟.

وتم: بەخوای پارەن نییە.

وتی: لەسەر من، تۆ خەمت نەبێ.

هاوڕێیەکەم وتی: لە ئۆردی دەرکەوتین و هاتینە ناو کوت و پاشان بە ماشێن بەرەو نەجەف رۆیشتین، هەر کە گەیشتینە نەجەف. هاوڕێیەکەم گۆچانێکی کڕی و سەری گۆچانەکەی بە بنێشت کرد.

وتم: ئەوە چییە؟

وتی: هیچ نییە، با بچینە ئارامگەی حەزرەتی ئیمامی عەلی(ر.خ).

هاوڕێیەکەم وتی: چوینە خزمەت ئارامگا و بینیم ئەوە هاوڕێکەم بەهێمنی و نهێنی گۆچانەکە دەخاتە ناو ئارامگا و پارەی لێ

دەردێنێ و دەیدزێ. ئا بەم جۆرە زۆربەی پێنج شەممە و هەینیان لە نەجەف رامان دەبواردو دەمانخوارد و لێمان پاڵدەداوە.

رۆژێکیان پێی وتم: لە نەجەف بێزار بووین با ئەو جارە بچینە بەغا.

هاتینەبەغدا و یەکسەر چووینە خزمەت شێخ عەبدولقادری گەیلانی، هاورێیەکەم وەکو پیشەی جارانی، گۆچانی خستە ناو ئارامگا و پارە و پولی دەرهێنا.

لەبەغدا گەراین، چوینە لۆقەنتا[٤] چێشتێکی بەتام و لەزەتمان خوارد و پاشان خۆمان خزاندە باشترین ئوتێل بۆ حەوانەوە و خەوتن.

بەردەوام بوو وتی: من لە گەرمەی خەوان بووم، هاورێیەکەم منی لەخەو راپەراند وتی: هەڵسە خۆت بگۆرە با برۆین.

وتم: بۆ چی بووە؟

وتی: پاشان بۆت دەگێرمەوە.وتم: بابزانم چی بووە، بەو شەوە درەنگە؟.

وتی: خەونێکم بینی.

وتم: ئێی

---

٤ - لۆقەنتا: چێشتخانە

وتی: شێخ عەبدولقادر(ر.خ) دەستی خستە قنخنۆکم دەیویست بمخنکێنێ، فەرمووی: هەی ئالچاغ ئەوا هاتووی بۆ دزیکردن؟.

وتم: قوربان، تۆبە، بەس ئەوجارە بمبەخشە و لێم ببوورە.

فەرمووی: ئەوجارە لێت دەبوورم، جارێکی تر نەیەیتەوە.

* * *

مامۆستا و ئیسمی ئەعزەم

وا دەگێڕنەوە دەڵێن: لە مزگەوتی مەلا مەولود وەکو ئێستا بە مزگەوتی قازی دەناسرێ، کە دەکەوێتە ناو جەرگە و سنتەری شاری هەولێر و ڕێك لە تەنیشت مزگەوتی خانەقاە، مەلایەك هەبوو خۆشمەند و مەشرەبخۆش و هەمیشە دەم بەخەندە و سیما و روخسارێکی جوان و زۆر بە هەیبەت، ئەو نوێژکەرانەی کە هاموشۆی ئەو مزگەوتەیان دەکرد، ڕێزێکی بێ پایانییان لەو مەلایە دەنا، گەلێ مەحبووب و حلێب [5] بوو، لەناو خەڵکی وا باو بوو ئەو مەلا بەڕێزە ئیسمی ئەعزەم دەزانێ.

ئەو مەلایە دەفەرموێ: یەکێك دەهاتە مزگەوت نوێژ و ئیتاعەیەکی ڕێکی دەکردن و زۆریش لەخزمەتی من دابوو، ژوورەکەی بۆ پاك و پژۆێن [6] دەکردم و زۆربەی ئێوارانیش چایەی بۆ لێدەنام و کڕ و

---

[5] - حلێب: مەقبوول

[6] - پژۆێن: خاوێن

کـپ و بـێ دەنـگ لەلامـدا دادەنیـشت، سـەروپۆتەڵاکی بـە موسڵمانێکی لەخوا ترس دەچوو.

مام مەلا لـە قـسەکانی خـۆی بـەردەوامبوو، وتـی: ڕۆژێکیـان ئـەو پیاوە کەباسم لێوە کرد بەمنی وت: مامۆسـتا، دەڵـێن جـەنابتان ئیسمی ئەعزەم دەزانن، بۆ منیش فێر ناکەی، لەوانەیە من بتـوانم ئەو راسپاردەیە(ئیسمی ئەعزەم) وەکو بلیلبیلەی چاوانی خـۆمی بپارێزم.

منیش پێموت: بۆ نا، منیش پێویستیم بەیەکێکی لەخوا ترسە بـۆ ئەوەی ئاگاداری ئەو ئیسمە پیرۆزە بێت.

مامۆستا مەلا وتی: ئێوارەیەکی هـەر مـن و ئـەو بـووین لـەحوجرە دانیشتبووین پێموت: سێ ڕۆژان هەر لـە بەیانییـەوە تـاکو نوێـژی عەسران برۆ لەسەر قەڵا دانیـشە چـاودێری هەڵـسووکەوتی خـەڵك بکـە، ڕۆژ بـە ڕۆژ هەرچـیت بـینی وەرە بـۆ مـامی خـۆت بـە ئەمانەتەوە بگێڕەوە(تەنها بـۆ ئـەوەم بـوو، بـزانم ئـەو پیـاوە تـا چەند خۆڕاگرە، هەر بۆیەش لە ژێر ئەو تاقیکردنەوەم دانا).

پیاوەکە، هەمووبەیانییەك لەگەڵ دەسـتپێکردنی بـازاڕ، دەچـووە قەڵاتو سەیری ئاخاوتن و هەڵسوکەوتی خەڵکەکـەی دەکـرد، دوو ڕۆژان چی بینی بوو دەقاو دەق بۆ مەلای دەگێڕایەوە.

رۆژی سێیەم هاتە خزمەت مامۆستا و ئەو ڕووداوەی بۆ گێڕایەوە، وتی: ئەو بەیانییەی پیاوێکی بەتەمەن و پیر و ریش سپی هاتە سەر قەڵا و تلیسەك پووش و پەراش و قەسەری لەپێش خۆی دانا و وردە وردە دەیکردنە دەسك و بە کالاّییێك دەیبەستنەوە، وەك گەسك ڕێکی دەخستن. بەخوای مامۆستا ئەگەر پارە و پوولم هەبوایە چنگێکم لەدەست ئەو پیرەمێردە کتارۆیە دەکرد، نەمدەهێشت ئەوها عەودالّی بژێو گوزەران بێت.ئەوجا، مامۆستا بینیم قەرەولێکی[٧] نێرە حەیتە و لەندەهوڕ بە مامە پیرەی وت:ئەو گەسکانە چەندی بە چەندین؟.

مامە پیرەش پێی وت: دانەی بە دەفلوسە.

قەرەولەکە: نرخەکەی زۆرە دانەی بە پێنج فلس دەبەم.

مام پیرە: دانەی بە دەفلوسە.

قەرەولەکە تووڕە بوو، دەتوت قەستەرە[٨] هەڵیکوتایە و بە کەوشەکانی کەوتە سەر گەسکەکان و هەر یەکەیانی فڕێ دایە لایێك.

مامۆستا فەرمووی: ئێ! پاشان!

---

[٧] - قەرەول: پۆلیس

[٨] - قەستەر: دوژمن

کابرا وتی: پیرەمێردەکە هەڵساوە و دڵواپەسی[٩] پێوە دیار نەبوو، بەهێمنی گەسکەکانی کۆکردنەوە و خستیەوە بەردەمی خۆی، نە قەڵس بوو، نە تووڕە بوو، نە قسەیەکیشی کرد.

مامۆستا فەرمووی: باشە ئەگەر تۆ لەبری پێرەمێردەکە بویتایە و ئەو قەرەولەش ئەوهای بەسەر تۆ بێنایە، دەپێم بڵێ تۆ چیت دەکرد؟.

کابرایەکە وتی: مامۆستا چیم دەکرد، خۆ ستەم هەر ستەمە، لەوانەیە هەر نەبێ دەمەقاڵێیەکم دەگەڵ دەکرد و خۆ من هێندە نەوێژ نیمە.

مامۆستا فەرمووی: ئەگەر ئیسمی ئەعزەمت بزانیایە ئەو کات چیت دەکرد؟.

کابرایەکە وتی: وەللاّ، مامۆستا حەیاتی حەنتەم لێ دەبڕی.

مامۆستا مەلاّش فەرمووی: برای خۆم ئەو پیرەمێردەی کەبینیت هەر ئەو پیرەمێردە بوو منی فێری ئەوناوە پیرۆزانە کردبوو، ئەگەر پیاوێکی باش و خوانەترس نەبووایە، ئەوە خۆی بەکاری دەهێنا.

---

[٩] - دڵواپەس: نیگەران

بۆیه مامۆستا مەلا فەرمووی: کاکی خۆم تۆ بە کەڵك ئەو ڕاسپاردەیە نایێت، ئەو ناوە پیرۆزە پیاوی خۆی دەوێ هەڵیگریٚ و بیپارێزیٚ!.

* * *

مەلا شەریف و چایخانە

کاتی خۆی لەنزیك بازاڕگەی ئێستاکە بەدەروازەی مەخمور دەناسرا، چایخانەیەك هەبوو، خاوەنەکەی نێوی مام هەینی بوو.
ئەوجا ئەو کاتیش ئەوەی بەسواری وڵاغ یاخود بە پەست[١٠] خەڵکەکە بۆدانیشتن و حەوانەوە و نانخواردنێك دادەبەزین و چایە و ئاو و ماستاویان دەخواردەوە.
دەڵێن: ڕۆژێکیان مامۆستا مەلا شەریف لەو چایخانەیە داوای ماست و چایە دەکات، لەکاتی ڕۆیشتنی دا پارە دەردێنیٚ و دەڵیٚ: مام هەینی ماست و چایەکە چەند دەکا؟.
مام هەینی: مامۆستا، هی جەنابتان هیچ ناکا و لەسەر حیسابی منە.
مامۆستا مەلا شەریف توورە دەبیٚ و دەڵیٚ: باشە بۆ زوو وات نەووت خۆ من نەمزانی چۆن ئەو نان و ماستەم لە قوڕگ

---

[١٠] - ماشینی ئەو کات بوو خەڵك و کەلوپەلی دەگواستەوە

ڕووەخواریێ، هەر بیرم دەهێنا و بیرم دەبرد، ئاخۆ مام هەینی چەند پارەم لێ وەرگرێ.

دەڵێن: جارێکی تر مامۆستا مەلا شەریف لەهەمان چایخانە دادەبەزێ و هێلکە و ماست و چایە بانگ دەکا ،مام هەینی خاوەن چایخانەکە لەبەردەمی دادەنێ و دەڵێ: مامۆستا بیخۆ و دڵت هیچ نەکا و حیسابەکە لەسەر منە.

مامۆستا مەلا شەریف دەڵێ: ئا ئەوە تەواوە، هەی دەم خۆش.

خەڵکەکە دەیدەنە قاقای پێکەنین و دەڵێن: مامۆستا مەلا شەریف حەقی لەسەر هەموانە.

* * *

بەرپرس دەبێ چۆن بێ؟

پاش نوێژی عەسر هەمووومان لە خزمەت مامۆستا مەلا خالید دانیشت بووین باس و خواس لەسەر بژێو و گوزەرانی خەڵك بوو، تا ئەو کاتەی قسە و باس هاتە سەر بەرپرس و خۆش گوزەرانی هەندێکیان، کە چۆن لە پڕێك بوونەتە کوڕێك.

مامۆستا مەلا خالید فەرمووی: گەر دەتانەوێ بەراوردێك بکەین لەمیانی دەسەڵاتدارانی پێشوو ئێستا با بەسەرهاتێکتان بۆ بگێڕمەوە، کە دەبێ بەرپرس ئەوها بێت و لەناخ و دڵی خەڵکەوە هەڵقولابێ.

فـــەرمووی: رۆژێکیـــان خەلیفـــەی موســـڵمانان عومـــەری کـــوڕی خەتاب(ر.خ)پێداچوونەوەیەکی لەسەر ئەو بەرپرسانە کرد کە لـە شار و شارۆچکەکانی دەوڵەت کار بەدەست و دەستڕۆ بوون.

بۆیـە رۆژێـك بڕیـاری دا: هـەموو کاربەدەستانی دەوڵـەت لـە رۆژو کاتی دیاریکراودا بێنە کاخ [11] بۆ قسەکردن و تاوتوێ کردنی ئیش و کارەکان و باری گشتی خـەڵك و ئاگـاداربوون لـە رەوش و بـژێو و گوزەرانی موسڵمانان.

یـەکێك لـەو کاربەدەستانە کـە جلـەوی حـوکمی لەدەسـت بـوو، گەورەپیاوی بەحرێن بوو نێوی رەبیع بوو.

مامۆستا مـەلا خالیـد لـە گێڕانەوەکـەدا بـەردەوام بـوو وتـی: ئـەو رەبیعە جحێلێك بوو، چەند ساڵێك بوو خەتی سمێڵ و ریشی دانـا بـــوون، کـــوڕێکی هۆشمەنـــد وزۆرزان بـــوو، گەیـــشتە مەدینـــەی مونـەوەرە کـە پایتـەختی دەوڵـەتی ئیـسلامی بـوو، لـە هـەمان کاتیشدا گوڵستان و ئارامگای پیرۆزی حەزرەتی پێغەمبەری(د.خ) لێ یە، بەچەند رۆژێك پێش کاربەدەستانی تر گەیشتە ئـەو شـارە پـیرۆزە، بۆیـە پـێش ئەنجامـدانی کۆبوونـەوەی نـاوبراو، پلانێکـی

---

[11] - کاخ: کۆشك

دارشت، خۆی خزانده مالّی یەرفەء ئەو ئەرفەئە قەرەول و خانزای[12] حەزرەتی عومەر بوو.

جا ئەو رەبیعە بە یەرفەئی وت: هەندێ باسی ئەمیری ئیماندارانم بۆ بکە، تا لە نزیکەوە ئاگاداری سیفەت و خاسیەتەکانی رەوشتی ئەوبم.

یەرفەئی پێی وت: حەزرەتی عومەر(ر.خ) پیاوێکە مەنەندی نییە لە نێو هەموو مرۆڤی دونیا وەك:

مەگیز بەرزی، دادپەروەری، هۆشمەند و خۆشمەندی، نەخواردنی چێشتی بەلەزەت، لەبەرکردنی جل و بەرگی خوری، گوێنەدانە خزمو کەس، یەکسانی بەرانبەر هەموو شتێك.

زۆر رق و کینی لەو کەسانەیە:

رژد، شالووز، هەپە و گزنی[13] ، خانە کۆلی مۆش، هەلەپەلە لە ئیش وکار،جل و بەرگی نەرم و جوان، پیاوی لەندە هور و نێرەحەیتە، سازش[14] لەمانە ناکاو بە هەڤۆلیان[15] لە قەلەم دەدا و لێیان دلّواپەس دەبێت.

---

[12] - خانزا: خادیم، خزمەتکار

[13] - گزنی: غەش

[14] – سازش: مساوەمە

[15] - هەڤۆلّ: نەفس نزم

رەبیع دەڵێ: پاشئەوەی پرزە[16] و مەگیزی حەزرەتی عومەرم بۆ روون بۆوە و بە دیار کەوت، رۆژی کۆبوونەوەکە دەگەڵ کار بەدەستانی تر چووینە کاخ و لە خزمەتی ئامادە بووین.

مامۆستا مەلا خالید دەیفەرموو: بزانن پیتۆلی و حیکمەتی ئەو زاتە بەرز و پیرۆزە چۆن حەزی دەکرد ئەوها لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشی موسلمانان بێت و باری گوزەرانیان بزانێ.

رەبیعوتی: کە گەیشتینە خزمەتی حەزرەتی عومەر، یەکە یەکە سلاو و حورمەتی خۆمان ئاراستەی مەقامی کرد، ئەویش یەك یەك لە ئێمەی پرسی.

ناوت، لە کوێ ی، چ کارەی، مووچەت چەندە؟

ئێمەش یەك یەك بەرسقی پرسیارەکانی حەزرەتمان دەدایەوە پاشان چاوی گێرا و سەیرێکی منی کرد فەرمووی: وەرە پێش ناوت چی یە؟

– قوربان رەبیع.

+لەکوێ ی؟

–قوربان بەحرێن.

+ چ کارەی؟

–قوربان گەورەکاربەدەستی ئەوێ.

---

[16] - پرزە: نەفس

+ فەرموو بڕۆ شوێنی خۆت، منیش چوومەوەشوێنی خۆم.

دووبارەسەیری هەموومانی کرد، منی بینی وتی: وەرە پێشەوە، وتت: ناوت چی یە؟

- قوربان رەبیع.

+ مووچەت چەندە؟

- قوربان دوو هەزار

+دوو هەزار زۆرە، چی لیَ دەکەی؟

- قوربان هەزار بۆماڵ و منداڵ و بژێوی رۆژانەی خۆمان، هەزارەکەی تر پێنج سەد بۆ خزمە هەژارەکانم و پێنج سەدەکەی تر بۆ فەقیر و هەژار و لێقەوماوان.

فەرمووی: بڕۆ شوێنی خۆت.

دووبارە چاوی گێڕا، سەیرێکی منی کردئەو هەموو جارەی کە سەیری منی دەکرد رەبیع دەڵێ: لەبەر ئەوەی جلێکی خوری کۆنم پۆشیبوو، خۆم ئەوها نیشان دەدا کە من یەکێکم لە شوێن هەڵگرانی ئەو.

رەبیع دەڵێ: کە نیوەڕۆ داهات پاش نوێژ کردن، خوان راخرا و پڕاقینەکە بریتی بوو لە:

نانی مزاش، قەسپ و خورما.

مامۆستا مەلا خالید لە گێڕانەوەکە بەردەوام بوو وتی: جا، رەبیع دەڵێ، من هەر زوو دەمزانی ئەوەیە نانی حەزرەت بۆیە رۆژێك نانم نەخوارو وتم: با نانەکە لام خۆشبێ و خۆم برسیکردبوو، کە هەموومان دانیشتین بۆ نان خواردنەکە، ئەوانەی لەگەڵ مندا بوون،هەر زوو وازیان لێهێنا وچونکە هەرگیز ئەو جۆرە خواردنەیان نەخواردبوو.

بەڵام من بەتامەزرۆوە کەوتووبوومە سەر نان خواردنەکە کە حەزرەتی عومەر(ر.خ)بە تەوسەوە لە منی دەڕوانی، پێدەچوو لەسەروسیمای دیاربوو کە لە نێو ئەو هەموو بەرپرس و کاربەدەستانە منی بەدڵ بووبێ.

رەبیع دەڵێ: پاش ئە وەی بە زەوق و بە جۆشەوە خواردنەکەم خوارد، کە لێ بوومەوە شوکرانەی خوای گەورەم کرد بۆ ئەوو خواردنە بەلەزەت و خۆشە، دەستم بۆ ئاسمان بەرز کردەوە لە خوا پاڕامەوە ئەو نانەمان لێ نەبڕی، حەزرەتی عومەر(ر.خ) هەر سەیری منی دەکرد، لە دوایی دا فەرمووی:

بانگی ئەو کەسەی بکەن کە راستاڵی[١٧] کاخ بوو، وابزانم نێوی ئەلئەشعەری بوو پێیوت:

---

[١٧] – راستال: جێ ی متمانە

ڕەبیع با بچێتەوە شوێنی خۆی کە بەحرێنە و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

ئەوانەی دی هەر هەموویان با بچنەوە ماڵ و ئێمە کار بەدەستی وەکو ئەوانمان ناوێ، کە جل وبەرگ و پۆشاکی جوانیان پۆشیووە و نانی مزاش[18] ناخۆن و ئاگایان لە بارودۆخی خەڵکەکەی خۆیان نییە.

مامۆستا مەلا خالید فەرمووی: بزانن ئەو عەدالەتە بەرزە و ئەو خۆڕەوشتە بڵندە لە کێ بەدی دەکرێ. با حەزرەتی عومەر(ر.خ) بکەن بە پێشڕەو و مامۆستای خۆمان، باوەڕ ناکەم لە نێو موسڵمانانندا ستەم بمێنێ، هەمیشە خەڵك بەختەوەر دەژێ.

* * *

کچی خۆمی دەدەمێ

حاجی مەلا خالید گێڕایەوە وتی: پیاوێکی دەوڵەمەند و چاوتێر و لەخوا ترس هاتە لام وتی: من کچەکم هەیە وکوڕم نییە تۆ وەکو بانگ بێژ لەو مزگەوتە هەر کەسێك بۆ ماوەی چل ڕۆژ هاتە نوێژی بەیانیان ئاگادارم بکەنەوە کچی خۆمی دەدەمێ و دەیکەمە کوڕی

---

[18] - مزاش: نانی گەنم و جۆ

خۆم و ئەو پارە و پول و سامانەشم کە هەیەلەژێر دەستی ئەو دادەنێم.

لەکاتی قسەکردنەکەدا کوڕێکی جحێل گویێ ی لەم مەسەلەیە بوو حاجی مەلا خالیدش، بەڵێنی بە کابرای شابەزدا[19] ، گەر کوڕێك بەو مەرجەی کە هاتە مزگەوت ئەوا ئاگاداری دەکاتەوە.

جاکوڕە جحێلەکە، هەموو سپێدەیەکی زوو پێش بانگبێژ وخادیمی مزگەوت لە پێش دەرگای مزگەوت ئامادە دەبوو، نوێژ و تاعەتێکی زۆر جوان و پوختی بەجێ دەگەیاند، تا ئەوچل رۆژە تەواو بوو.

حاجی خالیدی بانگبێژ بە پیاوە دەوڵەمەندەکەی راگەیاند، کە کوڕێك هەیە، نوێژی بەیانیەکان هەرهەمووی بە جەماعەت و سیما و روخساری کوڕەکەش بە مرۆڤی شالووزان[20] ناچێ.

پیاوە دەوڵەمەندەکەش هاتە لای کوڕە جحێلەکە کە نیازی وایە کچی خۆی بداتێ و لە خۆی نزیك بکاتەوە و بیکاتە کوڕی خۆی.

کوڕە جحێلەکە وتی: ئەو رۆژەی کە تۆ و حاجی خالید قسەتان لەم بارەیەوە دەکرد، من گوێم لە ئاخاوفتنەکانی ئێوە بوو، بە

---

[19] - شابەز: بازرگان

[20] - شالووز: ڕیا

تەماحی ئەو ڕۆژە بووم کە ببمە هاوسەری کچەکەت و بۆ ئەوەی پارە و پوول و سامانەکەشت بێنە چنگی من.

بەڵام باوەڕ بفەرموو، محەبەت و خۆشەویستی خوا ئەوها لە دڵ و دەروونمدا ڕەگی داچەقاندووە، نە کچەکەت و نەسامانی هەموو دونیا لێکمان دانابڕێنێ.

* * *

دز و تفەنگ

کاک جەلال پۆڕیجە چەندی بڵێی پیاوێکی مەشرەبخۆش و قسەخۆش و بە سەلیقەیە، لە سەربووردە و ڕوودا و و بەسەرهاتی کوردەواری زۆر ئاگادارە، هەر بەخۆی گێڕاییەوە وتی: ڕۆژێکیان دز دەچێتە گوندێك و خەڵکی گوندەکە بە دزەکان دەزانن، بەهەرا و هۆریا و فیشەك هاویشتن بەدوایان دەکەون، زۆربەی خەڵك لە دەرەوەی گوند بوون، ئەو ماڵەی دزی لێدەکرێ، کچەکی دۆستی خۆی دەبێ و دێتە ماڵی کچە و بە خۆی و تفەنگەوە، باس لە ئازاییەتی خۆی بۆ کچەکە دەکات و دەڵێ: خۆزگە لێرە بوومایە بزانە چیم لەو دزانە دەکرد، ئەوجا ئازایەتی منت بۆ بەدیار دەکەوت و زێتر منت خۆشدەویستن.

تومەز یەك لەدزەكان بواری ئەوەی نەبوو خۆی ڕزگار كا، خۆی لەو ژوورەی كە كچ و كوڕەی تیا بوو خۆی حەشار دابوو.

كوڕە هەر باسی ئازایەتی خۆی بۆ كچە دەكا و تفەنگی لە تەنیشت خۆی دانابوو، لەناكاو دزەكە بواری بۆ دەڕەخسێ دەردەپەڕێ و تفەنگی كوڕەش لەگەڵ خۆی دەبا، هەر چەند هاوار دەكەن كوڕە دزە، كوڕە نەكەی، كوا تفەنگم نەخێر تفەنگ بردرا و ئێستاشی دەگەڵ دابێ نەزانرا ئەو دزانە كێ بوون.

كە خەڵك هاتنەوە نێو ئاوایی، بەسەرهاتی كوڕەكەیان زانی، كردیانە پێكەنین و بووە بنێشتە خۆشەی سەرزاران.

* * *

مەولوودی پێغەمبەر(ص)

لەوەتەی لەیادمە ئەو خەڵكەی ئێمە هەموو ساڵێك ئاهەنگ دەگێڕن و نوقڵ و ئاجیل دابەشدەكەن بە بوونەی لەدایك بوونی حەزرەتی محەمەد(د.خ)، ئەو شەوەی پێش نێوێژی شێوان بوو، خەڵكەكە وردە وردە بەرەو حوجرەی مزگەوت دەهاتن، ئاپوورەی خەڵك بە كۆمەڵ دادەنیشتن دەف ژەنینێك بوو، ئامادەبووانی هێنابووە جۆش و خرۆش، هەر كەسێ بەسەلاوات لێدان و

زیکرکردن و تێفکرین لە گەورەیی خودا و حەزرەتی پێغەمبەر خەریك بوون.

ئامادەبووان، چاوەڕوانی ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی مامۆستا مەلا ئیسماعیل گوێڕی بوون.

مەلا خدر، چای دابەشدەکرد، جار نا جاریش بەدەنگێکی بەرز سەڵاواتی لەسەر ڕۆحی پێغەمبەر(ص) لێدەدا، مامۆستا مەلا ئیسماعیل سەیرێکی خەڵکەکەی کرد و فەرمووی:

خودێ لە قورئانێ دا دەفەرمووێ: (لقد کرمنا بنی ادم)[٢١] واتە ڕێز و حورمەتمان لە مرۆڤ نا، بەوەی عەقڵێ و نەتقی پێ داوە، واتە مرۆڤ گەورەترین هۆشمەندە بەهۆی ئەو عەقڵەوە جیای دەکاتەوە لە گشت بوونەوەرەکانی تر ئەویش بەهۆی ئاخافتن و قسەکردنەوە.

ئەو خەڵکە لەلای خودای گەورە جیاوازی نییە، ئەمەیان هەژار و نەدارە و ئەمەیان خرێول و دەوڵەمەند و سامان دارە، سیما و ڕوخسارپێوەر نییە بۆ هەڵسەنگاندنی مرۆڤ، بۆیە لێردا حەزدەکەم سەربووردەییەکتان بۆ بگێڕمەوە کە کاتی خۆی ڕووی داوە.

---

[٢١] - قورئانی پیرۆز

ئامادەبووان هەر هەموویان دەمیان وەك تەڵەی تەقیو داخست بوون و وورتەیان لەدەم دەرنەدەهات، گوێیان بۆجەنابی مامۆستا قوڵاغ کردبوو.

مامۆستا فەرمووی: کاوڕاێك هەبوو، کتارۆ و شڤار [22] و خاکەسار و ڕووت و قووت لە زۆر شوێنی شار بەدی دەکرا، هەمیشە سەری بۆ ئاسمان بەرز کردبۆوە، سەیری ئاسمانی دەکرد.

خەڵك هەبوو شۆخیو گاڵتەی پێدەکرد، هەشبوو ڕێزیان لێدەنا، هەر لە شار قازییەك هەبوو نێوی(دەقیق) بوو، کە چاوی بەم پیاوەدەکەوت، قێزی لێدەکردەوە بەوەی قاچەکانی ڕەژەنی [23] لێ دەچۆڕێتەوە و پێ خاوس و ڕووت و قووت و شەوییەکی کۆنی دڕاو لەبەرە.

ڕۆژێکیان ئەو قازییە بەرەو مزگەوت دەچوو، ئەو ڕۆژەش ڕۆژی هەینی بوو، بۆئەوەی ووتاری هەینی بێژێ و پێش نوێژەکەش بۆ خەڵکەکە بکات، لەکاتی ڕێ کردنیدا ڕوو بە ڕووی ئەو پەڕپووتە دەبێتەوە.

---

[22] - شڤار: درێژ

[23] - ڕەژەن: خوێن و کێم

قازی پێ ی دەڵێ: کوڕە، کابرا بۆ ناچی پۆشاکێکی ڕێك لەبەر خۆ بکەی و چیتر لەو کۆچە و کۆلانانە نەبیت و هێندەش سەرت بۆ ئاسمان بەرز مەکەرەوە نەوەك ئەسکوردت دەشکێ.

کابرای پەڕپووت و هەژارەکە، سەیری قازی دەکا و پێ ی دەڵێ: قازییەفەندی بڕۆ بەرەو کاری خۆت نەوەك ئاردەکەت لە بیابان پەرت دەکەم و جیهانت لێ دەکەمە دۆژ[٢٤] (دەقیق بە عەرەبی یانی ئارد)

هەر لەگەڵ پایانی ئاخافتنەکەی کابرای هەژار، قازی یە فەندی خۆی لەنێو بیابانێکی سارا ئاسا دەبینێ، لێ چۆن دیتنێك ڕووت و قووت و بوونی بە ئافرەت.

قازی کە سەیری خۆی دەکا، زۆر دەگریێ و ژێوان دەبێتەوە،هاوار دەکا، بەلام فریادڕەسێك نییە ڕزگاری بکات نازانێ بۆ کوێ ڕێ کا، بۆ کوێ بچێ،چی بکا، دەگریێ و سەردولکە دەڵێ و شیوەن دەبەستێ، ئەو ڕۆژو شەوە هەر چاو دەبڕێ، بیابانێکە ماشەڵلا، لەناکاو سوارچاکێك بەدی دەکا و هانای بۆ دەبات، کابرای سواری کە سەیر دەکا ئەو ئافرەتە بە ڕووت و قوتی و بە تەنها سەرسام دەبێ بۆیە پێی دەڵێ:

---

٢٤ – دۆژ: دۆزەخ

خوشکیٚ، بۆئەوها ڕوتی، چۆن بەتەنها لێرەی، کیٚ تۆی هاوردگە و مەسەلە چی یە؟

ئەویش دەڵیٚ: بە قوربانت بم، من نامۆم، نازانم ئێرە کویٚ یە، من پیاوم، قازی شارم، لیٚ ئێستا خۆم ئەوها بینیوە خۆشم نازانم مەسەلە چی یە.

کابرای سواری پێی دەڵیٚ: گاڵتە مەکە، تۆژنی و ژن، لە ڕاهی خودا وەرە لە دواوەی من سواری قاترەکەبە و بتبەمەوەماڵی خۆم بەڵکو ڕێگا چارەێکت بۆ بدۆزینەوە.

هەردووکیان سواری قاترەکە دەبن و ڕیٚ دەگرنە بەرو بەرەو ماڵی کابرا دەڕۆن.

کابرای سواری، ئافرەتەکەی هێنایيە گوند و خەڵکی گوندی چاویان لیٚ ی زیت کردبوونەوە و گاڵتە و شۆخیان بە ئافرەتەکە دەکرد.

مامۆستا بەردەوام بوو لەسەر گێڕانەوەی ئەو سەربووردەیە فەرمووی:

کابرا بردییەوە ماڵ و دەستە پۆشاکێکی ئافرەتانەی دەبەر قازی کرد و خەڵکی گوندی شەو هاتنە ماڵی کابرا بۆ سۆراخی ئەم ئافرەتە، لێیان پرسی: ناوت چی یە، خەڵکی کویٚ ی، بۆ ئەوها هەتک کراوی، مەسەلە چی یە؟.

قـازیش وتـی: خەڵكینـە بـاوەڕ بكـەن مـن قـازیم خـەڵكی شـارم شارەكەم نێوی.....

خەڵكەكە وتیان: ئێمە لە ژیانی خۆماندا گوێمان لەو شارە نەبووە.

مەلای گوندەكە وتی: كچی خـۆم، تـۆ بـێ كەسو بـێ نـەوای گـەر حلێبی [25] بێت هەر ئێستا مارەت دەكەم، با ببێتـە سـەرداری تـۆ، چونكە شەرعەن تۆ غەوارەی [26] و نەزەرت لـەو كابرایـە و نێرینـەی ئەو ماڵە یاساغە، بۆئەوەی لێك حەلاڵ بن دەبێ ببیتە هاوسەری.

قازییە ژن وونی: شتی ئەوها چۆندەبێ، مـن قبـووڵم نییـە، بـەخوا من قازی شارم، چی بكەم هوون من ناناسم.

مەلا وتی: خوشكێ، زارۆكی ئێرەش دەزانـێ تـۆ ئـافرەتی، كیـژی خۆم خۆت هەڵمەخەڵەتێنە، ئەوە خوا دایناوە خۆ شوورەیی نییـە ئەگەر حلێبیشت نییە ئەوا دەبێ لێرە بڕۆی.

بەناچاری قازییـەژن، ڕەزامەنـدی لەسـەر زەواجەكـەدا، هـەر ئـەو دەمـانێ مـەلای گونـدی قازییـەژنی لـەكابرا مـارە كـرد و بـووە هاوسەری كابراكە.

ئا بەم جۆرە، قازییە ژن چەندین سـاڵ بـەو ژیانـەی بـردە سـەر و كـوڕ و كـچێكی لـەكابرا بـوو.ڕۆژێكیـان قازییـەژن سـەری خـۆی

---

[25] - حلێب: قبووڵ

[26] - غەوارە: غەریب

دەشــۆرد و ئەســپونی[٢٧] لــە قــژ و تیتکــی دەدا ئــاوی بــەخۆی دادەکرد، کە چاوی هەڵهێنا، خۆی لەسەر میحرابی مزگـەوت بینـی وا وتاردەبێژێ و قسە بۆ ئامادەبووانی نێو مزگەوتەکە دەکات.

هـەر بەپەلـە و بـە خێرایـی ووتـار و نوێژەکـەی تـەواو کـرد و بـە یەکێکی وت: ئەرێ من لە کەیەکەوە لێرەم؟

ئەویش وتی: قوربان ئەی من و تۆ پێکڤە نەهاتینە مزگـەوت یـانی لەوانەیە هەر کاتژمێرێ بێ.

قازی لەخۆی گەیشت، بەهەڵەپەڵـە مەنـدیلی دانـاو بـەپای خـاوس بەرەو لای کابرای پەرپووت و هەژارەکە کەوتە ڕێ.

قــازی بەهەژارەکــەی ووت: قوربــان مــن ژێــوانم لــە قــسە و ڕەفتارەکــانم تۆبــە لەســـەر دەســتی جــەنابتان، تکــا دەکــەم بمبەخشی، بەڵێن بێ خزمەتی ئێوە بکەم.

هەژارەکە وتی: منێکی خاکسار، هەژار، پەرپووت، ڕووت و قووت، بەندی خوام حەدی ئـەوەم نییـە، لـێ بـەس ئەوەنـدە جەفـەنگ و شۆخی و گاڵتە بەکەس مەکەن، هەر هەموومان بەندەی دلۆڤانین، هـەر خـوای گـەورە بەندەناسـە، خۆبـە سـیما و ڕووخـسار نییـە، پێوەر تەنها و تەنها لەلای یەزانی مەزنە، خوای بەخشندە لە تۆی بووری، من سەد جار لە تۆدەبوورم، بڕۆ سەر کاری خۆت.

---

[٢٧] - ئەسپون: سابوون

جا مامۆستا فەرمووی: کاکی خۆم

خوای گەورە بەندە ناسە

- گاڵتە بەکەس مەکەن

- ڕێز لە یەکتری بنێن

- حورمەتی یەکدی بگرن

- یەکتریتان خۆش بوێ

- ڕوو خۆش و قسەخۆش و دڵگەش بن

- ناو و ناتۆرە لە یەکتر مەنێنەوە

- چاوتێر و جوانخاسبن

- بەزەییتان بە هەژار و خاکساران بێتەوە

- دەستی یارمەتی و هاوکاری بۆ لێقەوماوان درێژ بکەن

- ئامادەی کاری چاك بن

- ڕەفتار و کردار و هەڵسووکەوت و ئاخافتن و قسەکانتان ڕێك بێ، بەجێ بێ، باش بێ.

- خوای خۆتان بەهەق بناسن، مەحبووب و خۆشەویست دەبن لەلای خودا و هەم لەلای خەڵك، یانی خەڵك بە پیاو بە کەس بزانن تا خەڵك بە پیاوتان بزانێ و ڕێزتان لێ بنێ.

* * *

بوختانکردن به ئافرەتێك

دیوەخانی گوندی تەلەلخیمی بچووك تەژی و سیخناخە بوو لە خەڵك.

مەلای گوندی یا خوێندەواران هەر جارەی بە نۆرە سەربووردە، یان بەسەرهات، یا رووداوێکی ترسناك و ناخۆش یا چیرۆکێکی بەتام و لەزەت کە ئامادەبوانی دەهێنایە جۆش و خرۆش تەرخان دەکرد تا ئەو کاتەی نۆرەی دێتن بۆ ئامادەبوانی دیوەخان باسی لێوە بکات، بەتایبەتیش لە شەوانی هەینی دا، جا وەرزەکە زستان با و بارانێکی باشیش باریبوو خۆ زێتر دیوەخان دەگەشایەوە، چونکە مژدەبەخش بوو بۆ بەهارێکی هەمیشە گوڵ و گوڵزار وخەرمانێکی پڕ لەبەرەکەت.

ئەو شەوەی کەمن ئامادە ببووم، شەوی هەینی بوو، خەڵکیش هێندە تامەزرۆ ، عەودالی[28] قسەی خۆش و نەستەق بوون بە تەوحەوە دەهاتن، گوێیان بۆ قسەکانی حەکایەت بێژ رادەگرت، وابـاویش بوو هەر جارەی یەکێك شەرەڤی خزمەتکردن و دابەشکردنی نوقڵ و چایە خواردنەوەی لەئەستۆ بگرتایە.

---

[28] - عەودالّ: پەرێشان

مام ساڵح پیاو گەورە و ماقولی گوندی بوو، هەر هەموومان ڕێزێکی بێ پایانمان لێدەنا و هێندەش پیاوێکی قسە خۆش ونەوێژ[٢٩] و لەخوا ترس و زاهید بوو، هەر لەدووڕا لە سیما و رووخساری دیار بوو، ئەو مام ساڵحە هەمیشە دەگەڵ کاری باشە و چاکەخوازی دابوو، مەحبووب و خۆشەویستی هەموومان بوو، یانی پیاوێك بوو راستال[٣٠] ، راوێژ[٣١] ، مەگیزە بەرز، مانەندی[٣٢] نەبوو، مردنی ئەو کەڵە پیاوە وەزەنگێکی[٣٣] گەورە بوو لە خزمەت و خوێش و خەڵکی گوندی، هێماییێکی[٣٤] بۆ من کرد، چوومە خزمەتی و لەتەك ئەو دانیشتم(یادی بەخێر) مامۆستا مەلا ئیسماعیل فەرمووی: ئەمشەو بەسەرهاتێکتان بۆ دەگێڕمەوە کە هەمووتان دێنێتە واقوڕمان و لە گێڕانەوەی دا دۆشدادەمێنن.

گەر بێت و درێژە دادڕی لە ئاخافتنەکاندا بکەم باوەڕ بکەن، بەچەند شەوێ پایان نابێت. بۆیە ئەو سەربووردەیە بە کورتی بۆ دەچم تا کەس لە نوێژی بەیانی دوا نەکەوێ.

---

[٢٩] - نەوێژ: کەمدوو

[٣٠] - ڕاستاڵ: مایەی متمانە

[٣١] - ڕاوێژ: مشوورەت

[٣٢] - مانەند: نموونە

[٣٣] - وەزەنگ: زەرەر

[٣٤] - هێما: ئیشارەت

مـام سـالّح فــەرمووی: مادامــەکینیّ جــەنابی مامۆسـتا مــەلا ئیسماعیل ی برام قسەمان بـۆ دەکـا و تـا نەهاتووتـە دوان:یاڵڵا، عەباس،مەجید، کارەسولّ دەی زووکەن سەماوەرەکە جۆشدەن و ئێمرۆ لەشار بوومەنوقلێکی بەلەزەت و خۆشم هاوردیە بیهێنن و با دانیشتنەکە زێتر بەزەوق بیّ، ئـادەی وریـابن چـایەکی خەسـت و تەحینی[٣٥] مان بۆ بێنن.چایە چێکرا و دابەشکرا و خورایەوە.

ماموستا ناوی خوای گەورەی لێهێنا و هاتە گۆ: ئەوەی بۆ ئێوەی باس دەکەم زۆر کۆنە پـێش هـاتنی ئـاینی ئیـسلامی پـیرۆزە. لـە زۆربەی پەرتووکەکانی مێژوو و ئەدەب و ئایینیەکان باسیان لێـوە کردووە.

دەڵێن: لە رۆژگارێکی زوو لەزەمانی جاهیلی دا پێش بەرپا بـوونی ئیسلام کچێك هەبوو نێوی(هینـدی کـچی عوتبـە) بـوو، ئـەو کـچە کچی پیاوێکی دەوڵەمەند و پیاوماقولی هۆزی خۆی بوو.

ئەو کـچە هـەروەکو باسـی لێـوە دەکـەن، گـەلیّ جـوان و شـۆخ و شەنگ بەلار و لەنجە و چاومەست و قـەد و بـالاّ بـەرز و هـەروەکو کوردەواری دەلّیّ: مێوژی بخواردایە لە گەردەنی بەدیار دەکەوت، ئەوەندە سپی و پەمەیی، هـەر دەتـوت سێوێکە و خـوای گـەورە

---

[٣٥] تەحین: تۆخ، بەرەنگ

جوانـەکانی بـە بەنـدەکانی خـۆی دەناسـێنیٚ و وەکـو تابلۆیـەکی سروشتی خودایی بوو.
جەمیل خۆی پێڕانەگیرا و وتی: مامۆستا بەڕاستی وەسفێکی شاف و کافی ئەو کچەت کرد و لەشم موچرکی هاتیٚ، دەبیٚ ئـەو کـات چ بەنجێك بێت، ئا ئەوها باسی لێوە دەکەی.
مامۆسـتا وتـی: خـەڵکی بەگـشتی عـەوداڵی مەرحـەبا و چـاك و چۆنیەکی ئەو بوو.
حەزرەتی مەلا نالی لە شیعرێکدا باس و وەسـفی ئافرەتێـك دەکـا کە نێوی مەستوورە خانمە و لە شـیعرەکەدا باسـی زێبـایی[٣٦] ئـەو خانمـە دەکـا، لـیٚ نـەیتوانیوەخۆی لەقـەد و بـاڵای هینـد بـدات، خۆشتان دەزانن ئافرەتی ڕەشتاڵە و ئەسمـەری عـارەب، چـەندان زاهید و دەروێش ودێوانەی لەڕێچکە لاداوە، بەڵام هەر چۆنیٚ بێـت ئافرەتانی دونیا لە جوانی و شۆخیدا ناگەنە ئافرەتانی خۆمان.
جـا دەنگوبـار[٣٧] لەهـەموو دوورگـەی عـارەب وابـڵاو ببۆوەلەسـەر ڕێکی و قەشـەنگی ئەوکـچە ،بۆیـە زۆر کـەس دەهاتنـە داخـوازی، لەوانەش یەکێك بە نێـوی سوهەیل کـە خـۆی خریـول[٣٨] و گـەورە

---

[٣٦] - زێبا: جوانی بۆ کچ

[٣٧] - دەنگوبار: دەنگوباس

[٣٨] – خریول: دەوڵەمەند

پیاوی هۆزی خۆی بوو، هیند ئەو کوڕەی قبول کرد ببێتە سەرداری ئەو، دەڵێن: زەماوەندێکی زۆر شیاو و گونجاوی بۆ هیند گێڕا کە شایانی مەقامی جوانی هیند بێت و خەڵکیش لە هەموو لاییێکەوە روویان لەو ئاهەنگ و گۆڤەندەدا کرد کە بەدەیان کاوڕ و حوشتر و پەلەوەڕ سەربڕانەوە و سێ ڕۆژان ئەو زەماوەندە بەردەوام بوو.

ماموستا فەرمووی: ئەو کات ئەوەی دەوڵەمەندی دیار بوایە ئەوا خیوەتگەیەکی نزیک ماڵی خۆی هەڵدەدا و ئەوەی هەژارە و بێنەوایە و رێبوارە بۆ حەوانەوە و نان خواردن خۆیان دەخزاندێ.

رۆژێکیان، سوهەیل تەماشای کرد پیاوێکی نێرە حەیتە لە خێوەتەکە، بەڕاکردن هاتە دەرەوە، سوهەیل دڵی کەوتە لێدان بەپەلە لای دا خیوەتەکە، بینی ئەوا هیند نووستووە و گومانی کاری خراپی لەژنەکەی خۆی کرد، سوهەیل بەهیندی وت: بڕۆوەماڵی باوکت (هێماییێک بوو بۆ تەڵاق دان، کاتی خۆی عەرەبەکان گەر ژنیان تەڵاق بدابایە ئەوهایان دەووت).

هیند: بۆ بگەڕێمەوە ماڵی باوکم؟.

سوهەیل: هەر ئێستا، پیاوێك لەلات بوو گومانی کاری خراپیت لێ دەکەم.

هیند: جا، چۆن شتی ئەوها لە من روو دەدات؟.

سوهەیل: ئەی بۆ ئەو پیاوە بەڕاکردن هەڵات؟.

هیند: لەوانەیە، لەبەر من کە بینی نووستوومە شەرمی کردبێ بۆیە رایکرد.

سوهەیل: نەخێر من ئەو قسەیەم قبووڵ نییە.

هیند: باشە، دیارە باوەڕ ناکەی، من دەگەڕێمەوە ماڵی باوانم، لێ لەم هەڵسووکەوتەت ژیوان[٣٩] دەبیتەوە.

سوهەیل: بڕیارێکە پاشگەزبوونەوەم لێی نییە.

هیند هاتەوە لای ماڵی باوکی، مەسەلەکەی بۆ باوکی گێڕایەوە.

باوکیشی پێی وت: کچی خۆم، تۆم لە دنیا خۆشتر دەوێ دەزانم شتی ئەوها قێزەون لە کچی من ناوەشێتەوە.

هیند، رۆژ بە رۆژ جوانی و شۆخی شەنگی بەرەو کزی دەچوو.

پیاو ماقوڵان و سەرۆك تیرە و هۆزەکان زۆریان هەوڵدا هەردوولا ئاشت بکەنەوە، بەڵام دەرگاکانیان لە روو دادەخران.

هەوڵەکانیان بەفیڕۆ دەچوون بێ سوود بوون.

رۆژێکیان هیند و باوکی باسیان لەو مەسەلەیە دەکرد، باوکی وتی: هیند، کچی خۆم ئەو سوهەیلە لەنێو عەشیرەت و هۆز خەریکە ئابڕوم ببات، ئەگەر بزانم ئەو راست دەکا ئەوە بە نهێنی

---

[٣٩] – ژیوان: پەشیمان

چەند خانەزاییێك دەنێرمە سەری و بیکوژن و لە دەست و زوبانی رزگارمان دەبێ.

هیند: باوکە، توخوا ئەگەر ئەو قسەیە بکەی، من کچی تۆم شەرەفی تۆ لەلای منە، چۆن پارێزگاری لە شەرەفی تۆ ناکەم، ئەو مێردەی من بوختانی بۆ هەڵبەستاوم، سوێند بەسەری تۆ و بەگیانی تۆ من لەو شتە بەریمە و لە پەڕی گوڵ خاوێنترم و شانازیش بە پاکی و شەرەفی خۆم دەکەم.

باوکی هیند: مادام تۆ موکڕی لەسەر پاکی و شەرەفی خۆت، دەڵێن، لەیەمەن پیاوێك هەیە زۆر حەکیمە و دانا و شارەزا و پێشبینی هەموو شتێك دەکا تەمەنی لە دووسەد ساڵ زێترە، خەڵکی ئاماژە بە لێهاتوویی و کارامەیی ئەو کاهینە دەکەن، با فریادرەسی تۆ بێت.

هیند: جا پێشنیازتان چییە؟.

باوکی هیند: پێم باشە، سەردانی ئەو کاهینە بکەین، کە پێی دەڵێن سەتیح، تۆ چی دەڵێی؟.

هیند: باوکە بە بڕیاری جەنابتان رازیم، قبووڵمە.

باوکی هیند: وەڵامێك بۆ سوهەیل دەنێرم ئێمە و خزمەکان و ئەوان و خزمەکانیان بەرەو یەمەن بەڕێ بکەوین و ئەو کێشەیە

دەخەینــە بــەر دەم ئــەو كاهینــە، بـا ئــەو بریـار دەر و دادوەربــێ لەمیانی هەردووكتان.

هیند: باوكە بۆچوونەكەی جەنابتان زۆر بە جێ یە، بۆیە مـن هـەر لە ئێستاوە ئامادەم بۆ دادگایی كردنەكە.

مامۆستا مەلا بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی ئـەو ڕووداوە كـە خـۆی لە خۆیدا بەسەرهاتێكی خۆشە مێـژووەكی كۆنمـان وەكـو فیلمـی سینەما دێنێتە پـێش چـاو، مامۆسـتا وتـی:: هـەردوو لا ڕێكـەوتن لەسەر ئەوەی كە بچنە یەمەن لای كـاهینی ئەكبـەر هـەر بـۆ ئـەم مەبەستەش خزمانی هـەردوو لا بـەزاد و ئازووقەیـەكی زۆرەوە بـە چەندین باری حوشتر و دیاری گران بەها ڕێیـان گرتـە بـەر. پـاش چەندین ڕۆژ خۆیان گەیاندە قەراخ ئەو شارەی كە كاهینی لێ یە. باوكی هیند جار نا جـار سـەیری هینـدی كـچی دەكـرد تـا بزانــێ كــچەكەی دووچــاری دڵەڕاوكێـەس[40] و نیگــەرانی بــووە یــان نــا.. جارێكیان ئاوڕێكی لەدواوە داوە بینی ئەوا هیند هەتەران[41] دەكا و پەژموودە دیارە، بۆیە هاتە لای پێی وت: كچی خـۆم ئێـستاش چ نـەبووە گـەر دەزانــی مێردەكـەت ڕاسـت دەكـا ئـەوا هـەر ئێـستا دەگەڕێینەوە.

[40] - دڵەڕاوكێەس: نیگەران

[41] – هەتەران: هەزیان،لەبەر خۆ قسەكردن

هیند بە باوکی وت: بابە گیان، پەژمووديی و دڵەڕاوکێی من لەبەر ئەوەیە، بیرم کردەوە ئەو کاهینە لەوانەیە هەندێ جار ڕاست بکا و هەندێ جاریش هەڵە، من لەوە دەترسم.

باوکی وتی: ڕاست دەکەی، لێ من تاقیدەکەمەوە وەبزانم تا چەند بۆ شتەکان دەچێ هەر بۆتاقیکردنەوەی کاهینەکە، باوکی هیند بەکارێك هەڵسا تەنها خۆی و خوای گەورە دەیزانێ.

مامۆستا مەلا وتی:: دەنگ بڵاو بۆوە بەهاتنی گەورە پیاوانی عەرەب و گەیشتنیان بەو شارەی کە کاهین لێ ی نیشتەجێ یە. هەر زوو بەڕەوڕەوەیێك کاهینی بەتەمەن و کوێریان هێنا و بەخێر هاتنی میوانەکانی کردن.

باوکی هیند وتی: ئەی کاهینی ئەکبەر بۆ کێشەیەك هاتووین و باوکی هیند وتی: چارەسەرمان دەوێ، بەلاّم پێش ئەوەی بیدرکێنم من شتێکم بەنهێنی ئەنجام داوە بۆ دڵنەوایی خۆمان و ڕاستی ئێوە...

کاهینی ئەکبەر: دەزانم تۆ لە ڕێگادا، نهێنیەکت ئەنجام داوە بۆ دڵنەوایی خۆتان و کچەکەت، با پێتان بڵێم و ئاشکرای بکەم تۆ دەنکە گەنمێکت خستووتە نێوچووکی هێسترێك.

باوكی هیند: زۆر راستە، ئێستا دڵم داكەت بۆم روون بۆوە كە تۆ لە شتەكان دەزانی. بۆیە ئێمەش هاتووینەتە خزمەت جەنابتان كێشەیەك هەیە پێویستی بە چارەسەركردنە.

كاهینی ئەكبەر:دەزانم...دەی زووكەن. هەر ئێستا ئەو ژن و ئافرەتانەی كە لە گەڵتان هاتوون با ریزین.

ئەوەی ژن و ئافرەتانی كاروانەكە هەبوون لەهەر دوو لا ریز بوون.. مامۆستا وتی:

ئەوجا كاهینەكەیان هێنا و دەستی دەخستە سەر هەر ئافرەتێك دەیوت: برۆ تۆ نیت. تا نۆرە گەیشتە سەر هیند، هیند كەوتبووە دڵەڕاوكێ و دڵی بە هەڵەپەڵە[٤٢] ترپەی دەكرد.

كاهینەكە وتی: كچی خۆم، تۆ قسەیەكت بۆ هەڵبەستراوە دوورە لە شەرەفی تۆ، بوختانێكی گەورەیە.

هیند لەخۆشیا دەمی وەكو تەڵەی تەقیوی لێهات و شاگەشكە بوو. كاهینەكە وتی: با مزگێنیەكیشت بدەمێ تۆ كوڕەكت دەبێ، دەبێتە مەلیكی عەرەب.

لەخۆشیانا ئەوخەڵكەی ئەوێ كردیانە چەپڵەرێزان و فیكە و گۆڤەندێك سێ رۆژانی خەیاند و دیاری و نوقڵ بەسەر كاهین و ئەوانەی ئامادەببون دابەشكرا دەیان مەڕ و حوشتر سەربڕانەوە.

---

[٤٢] - هەڵەپەلە: خێرا

هیند، لە نێو خەڵکەکەدا هاتوچۆی دەکرد و دەرەقسا و مەست و حەیران بوو بوو باوکی هیند شانازی بەکچی خۆی دەکرد، خەڵکەکە دەهاتن و دەستخۆشیان لەباوکی هیند دەکرد.

سوهەیل مێردی هیند هاتە لای هیند و وتی: شوکور ئەوا راستیەکان بەدیار کەوتن، ئێستا زێتر لەپێش چاوی من خۆشەویستر و ئازیزتر بووی. بەڵێن بێ تا مردن لەبیرت نەکەم و ئەوەی هەیە دەیدەم بە تۆ و پێشکەشی تۆی ئازیز و نازدار دەکەم.ئەی حەسیبە و گوشادی من.

باوکی هیند بانگی هیندی کردو دەیوت: ئەمن دەمزانی کچی من شەرەفێکی گەورەی هەیە، شتی قێزەون و نالەبار دوورە لەخانەوادەی ئێمە.

سوهەیل هات و لەپێش باوك و خەڵکەکە دووبارە داوای دەستی لە هیند کردەوە.

هیند وتی: هەی گەلحۆ، من کورێکم ببێ ببێتە مەلیکی عەرەب چۆن وا دەکەم لەتۆبێ، تۆم قبووڵ نییە بڕۆ ئەولا و بەرۆکم بەردە.

مامۆستا وتی: پاشان هەردوولا هاتنەوە مەکە و زۆر کەسی ناودار و دەوڵەمەند دەهاتنە داخوازی، لێ هیند رەتیدەکردنەوە، رۆژێکیان باوکی بە هیندی وت: کچا من، ئەوها بڕوا تۆ دەکەویتە

تەمەن و وەکو قەیرە ژنت لیَ دیَت بۆیە خوازیارم ئەوانەی دیَن پیَیان رازیبە.

هیند: باشە بابە گیان، ئەگەر ئەوجارە هاتنە داخوازیم سیفەتی داخوازیکەرەکانم بۆ بخەرە ڕوو، تا لە نزیکەوە ئاگاداربم کامیان دەگەلّ من دەگونجیّ.

باوکی هیند بەو مەرجە قبوولّی بوو.

ڕۆژێکیان باوکی هیند بەهیندی وت: کیژا خۆم،ئەوە دوو پیاو هاتوونەتە داخوازیت و هەردووکیان دەسترۆو دەولّەمەندن.

هیند: چۆن چۆنن و کێن؟.

باوکی هیند: یەکیان ناوی (سەهلە) شاعیری عەرەبە و هەبوونە و دەولّەمەندی پیّوە دیارە، ڕات چییە؟.

هیند: باوکە، مێرد بەو پیاوە ناکەم، چونکە لاژگە[٤٣] و کوڕێکی دەبیّ گەمژە و گەلحۆ، ئەی ئەویتریان؟.

باوکی هیند: ئەویدیان نێوی(ئەبو سفیانە) گەورە پیاوی عەرەبە و خریولێکی نەقۆلّایە، لەنێو هۆزی خۆی ڕەنگ و دەنگی هەیە.

هیند: باوکە من بەو پیاوە رازیم و قبوولّمە، بەمەرجێك ئاهەنگێك بگێڕی لە دونیا کەس شتی ئەوهای نەبینی بێت و نە گوێشی لیّ بوو بێت.

---

[٤٣] – لاژگ: بیّ ئەقلّ

مامۆستا وتی: لەسەر ئەو مەرجە کە هیند داینابوو ئەبوسفیان قبولی کرد و هیندی گواستەوە.

(خەڵکەکەهەر هەمووی گوێی قوڵاغ کردبوون بۆ جەنابی ماموستا مەلا ئیسماعیل).

مامۆستا فەرمووی:

ئەوجا دەڵێن: ڕۆژێك ئەو سەهلە کە هاتبووە داخوازی هیند کاتی خۆی هیند وتووبووی ئەو سەهلە منداڵێکی دەبێ گەمژە و یەغنیش[٤٤] .. وتیان: جارێك منداڵەکەی دەگەڵ باوکی دەبێ و بێچووە حوشترێك دەبینێ دەڵێ: باب، ئەوە کوڕی ئەو حوشترەیە.

خەڵکەکە قسەکەی هیندیان وەبیر هاتەوە، وتیان: ئافەرین هیند چەند ساڵ پێش ئێستا ئەو پێشبینییەت کرد، خۆ هاتەجێ، هەر بۆیەش هیند بە پێشبینی ڕووداوەکان دەناسرا.

کاڕەسولی ڕەحمەتی یادی بەخێر وتی: وەڵلاّ، مامۆستا ئەوەی جەنابت ئاماژەت پێدا، ڕووداو و بەسەرهاتێکی خۆش بوو، توبی خوا مامۆستا شەوی هەینی تر چیرۆکێکی ترمان بۆ بگێڕەوە، کاکە خەرجی ئەو شەو هەر هەمووی لەسەر منە و گەر خوا تەمەن درێژکا ئەوە پێنجشەممە دەچمە شاری میوە و نوقلّی خۆش دێنم

---

[٤٤] – یەغنیش: گەلحۆ

و هەر بەم بۆنەوە مەولوودی پێغەمبەریش(د.خ) دەخوێنینەوە با خوای گەورە بەخێری بگەیەنیٚ.

مامۆستا فەرمووی: باشە کاکە بەسەرچاوان.

مام قەرەنی وتی: مامۆستا، بەخوای خەرجی شەوی تر لەسەر منە چونکە من بژێو گوزەرانیم لەو باشترە، بۆیە قبوولْم نییە.

عەبدولڕەحمان وتی: کاکە، هەر شەوەی با خەرجی دیوەخان و ئەوەی دەخوریٚ و دەخورێتەوە لەسەر ئەوکەسانە بێت کە بەشداری تیا دەکەن، لیٚ هەندێك با لە دەرەوەی بازنەبن، خەرجییەکە لەسەر من و جەمیل و کاڕەسول و مەجید و عەباس..ناوی چەند کەسانێکی هێنان وتی: هەموو جاران ئاجیل[٤٥] لەسەر منە.

مامۆستا فەرمووی: کاکە منیش داخیلی لیستەکە بکەن.

بەردەوامبوو لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکان وتی: جا، ئەو هیندە کوڕێکی بوو ناویان نا(مەعاویە) بە لەدایك بوونی، ئاهەنگێکی گەورەیان بۆ سازدا و ووردە ووردە نەش و نمای دەکرد، پەروەردە کرا، گەورە بوو.

---

[٤٥] - ئاجیل: چەرەزات

زەنگی هاتنی ئیسیلام لێیدا ، ئالاَی پیرۆزی ئیسلام هەڵکرا و بەرز کرایـــەوە بەرابەرایـــەتی پێـــشەوای مرۆڤایـــەتی پێغەمبـــەرمان محەمەد(د.خ).

یـاپش یـاپش خەڵکەکـە هاتنـە نێـو ئـەو ئاینـە پـیرۆزە و لـەژێر سێبەری چەتری پڕ شکۆداری حەوانەوە و بـەرەو دونیـای روونـاك تاك پەرستی دەهاتن.

هەندێك لەسەرۆك تیرەکان بەرەنگاری ئـەو ئاینـە هـاتن، بـەوەی، بەرژەوەنـدی تایبـەتی دەرەبەگایـەتی خۆیـان تێکدەشـکێ و بەندایەتی و کوێلایەتی لەناو دەچێ خـەڵك وەکـو دانـەکانی شـانە دەبن و ئازاد و سەربەست گوزەر دەکـەن، یـانی جیـوازی رەش و سپیو هەژار و دەوڵەمەند و چین و توێژەکان یەکسان دەبێ وەکـو شانەی قژ.

هـەر بۆیـەش(ئەبوسـوفیان) دژایـەتی پێغەمبـەر و ئـەو ئاینـەی دەکرد،عەرەبـە بوودەلـەکانی هانـدەدا بـۆ بـەرانگاری بوونـەوە بلاَوبوونەوەی ئەو دیسپلینە[46] و ئەو سیستەمە[47] بێ هاوتایە زۆر ئـــازاری موســـڵمانەکانیان دەدا، بـــۆ گەڕانـــەوە و پاشگەزبوونەوەیان لە ئاینی نوێ، هاتنەوەیان بۆ بت پەرستی.

---

[46] - دیسپلین: زەبت

[47] – سیستەم: نیزام

بەلاّم ئەوانەی کە دەهاتنە نێو ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە بیر و
اوەڕێکی پۆلاّیین و مەگیز بەرزەوە بەرگری و خۆفیداکاریان
دەکردن.

چەندین جەنگی گەورە لەمیانەی کوفر و بڕوا روویدا، لەوانە کە
جەنگێك بەنێوی لەنێو بردنی ئیسلام پێکهێنرا بەهەموو هێزو توانا
و سامانەکانی کافر و پیاوە گەورەکانیان، بەلاّم خوای گەورە
هەمیشە پالّپشت و پشتیوانی خواپەرستانە هەر بۆیەش سەرانی
کافرە فەرمەسۆنەکان لە گۆڕەپانی جەنگدا دووچاری شۆك هاتن،
کە چۆن ئا ئەوها قارەمانانە ئەو موسلمانانە بەرگری ئەو دینە
نویٚ و پیرۆزە دەکەن، چەند پیاو گەورەی کوفر و بتپەرست
رۆحیان بە دۆزەخ سپێردرا، لەوانەش باوك و برا و مامی ئەو
هیندە کە باسمان لێوەی دەکرد.

پاش چەندین سالّ، مەککەی موککەرەمەی پیرۆز لە چنگ کوفر
و بتپەرستی رزگاری بوو، هاتە ژێر رکێفی ئیسلام.

مەعاویە(ر.خ)لیٚ بیٚ بووە ئیسلام، ئەبوسفیانی باوکی و هیندی
دایکی ئەوانیش هەر بوونە ئیسلام. مەعاویە بووەدەلاك و
نووسەری پێغەمبەر(د.خ)، هەر ئەوزاتە بووە مەلیکی عەرەب و
واتە پاشای هەموو دەولّەتی ئیسلامی.

بۆچوونەکانی کاهینی ئەکبەری یەمەن هاتە دی.

خەڵکەکـەی دیوەخـان، دەمخۆشـیان لەجـەنابی مامۆسـتا کـرد بەوەی بەسەر هاتێکی وروژاند، کـە شـایانی تێڕامـان بـوو وەکو فیلمـی سـینەمایی لـە شاشـەیەکی گـەورەدا هــزر و مێـشکی ئامادەبوانی جۆشدا.

تکایان لیَ ی کرد، گەر بۆی لوا و بۆی رەخسا ئـەوا جـارێکی تـر بەسەرهاتێکی دیکەیان بۆ باس بکات.

مام سـاڵح وتـی: حـەیف نییـە، دیوەخـان باسـی، قـسەی ئـا لـەو جۆرەی لێنەکریَ، بزانن چەند خۆشە و چەند بە سوودە.

((خوای گەورە ڕۆحی بـەرزە فـرِی ئـەو زاتانـە بـە بەهەشـت شـاد بکاتن)).

* * *

مام ساڵحی تەلەلخێمی بچووك

مام سـالح گـەورەو پیـاو مـاقووڵی رۆژبـەیان بـوو، بـە لوتـف و خەندە و مەشرەبخۆش و زاهید و لەخواترس بوو.

ئەو مام سالحە هەر چەند هەبوون نەبوو، لـیَ چـاوتێر و پـەناگـەی لێقەوماوان بـوو، دەبوایـە قـسە و ئامۆژگارییـەکانی بـە ئـاوی زێـڕ بنووسرابایەوە، دیوەخان بەو زاتە جوان بوو.

گەر رۆژێك مام سالح سەفەری بکردایە، ئـەوا ئـەو گونـدە خـەمۆك دەبوو، هەر وات دەزانی چۆڵە و کەسی لیَ نییە.

گەر بۆی بلوایە ئەوا هەمیشە دەگەڵ مامۆستا مەلا ئیسماعیل گوێری دەبوو، هێندەی خۆش دەویست بە کاکی خۆی لە قەڵەمی دەدا یانی دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی لە یەك جەستە و ڕۆح دابوون سوێندی گەورەیان بەسەری یەك بوون.

زۆربەی شەوان بە یادکردنەوەی لەدایك بوونی حەزرەتی پێغەمبەر(د.خ) مەولود دەخوێندرا و شیعری بەپێزو دەوترا، قسەی خۆش و ڕەفتار و ئاکاری جوان دەهاتنە کایەوە.

مام سالح نەخۆش دەکەوێ، خەون دەبینێ جا فەرمووی: لەخەوما وەرەقەیەکیان پێدام و وتیان: مامۆستا مەلا ئیسماعیل پاش تۆ بە پانزە ڕۆژ دەمرێ.خەونەکەی مام سالح ڕاست دەرچوو، مامۆستاش پاش پانزە ڕۆژان وەفاتی کرد.

هەزار سڵاو بۆ گیانی پاکی ئەو دوو کەڵەمێردە، ، ئەو دوو ئاکار جوانە.

* * *

مانگ دیتن

مامۆستا مەلا ڕەشاد موفتی، قازی شەرعی هەولێرێ بوو، پیاوێکی زانا و دانا و شاعیر، هەمیشە دیوەخان و حوجرەی مزگەوتی خۆی سیخناخە دەبوون لە خەڵك و لەنێو خەڵکی شار پیاوێکی مەحبووب و خۆشەویست بوو، خۆی گێڕاییەوە وتی:

جارێکیان پیاوێکی بەتەمەنی پشت کۆماو هاتە لام و بەمنی ووت: دەمناسی؟منیش ووتم: چۆن ناتناسم، ئەی تۆ نیت هەموو ساڵان دێ ی بۆ لام و گەواهی مانگی ڕەمەزان دەدەی و بە چاوتیژی خۆت مانگ دەبینی.

وتی: ڕاست دەکەی جەنابی قازی، بۆیە هاتوومەتە لات، تا تۆبە لەسەر دەستت بکەم، چیتر ئەو درۆیە نەکەم بڵێم مانگم بینیوە.

قازییەفەندی وتی پێمووت: یانی تۆئەوەندە ساڵە بەدرۆ شاهیدیت دەدا،باشە بۆ و لەبەرچی و لە پێناو چی، خۆ گوناهو ئۆباڵی ئەو خەڵکەت هەموو کەوتۆتە سەر.

کابرا وتی: وەڵلاّ، قوربان تا بڵێن بەخوای ئەو پیاوە چاوی تیژە بەس بۆ هەندێ ئەوەم کردووە.

قازییەفەندی وتی: پێمووت برۆ تۆبەییەکی نەسوح بکە و جارێکی تر نەگەڕێیەوە سەر ئەو ڕەفتارە خراپەت.

* * *

فەقێ و ئیسمی ئەعزەم

مامۆستا تا دەهات باری تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو، فەقێیەکی هەبوو، کوڕێکی باش و خاس لەخواترس، فێرە ئیسمی ئەعزەمی بکات.

بۆ ئەم مەسەلەیەش مشکێکی خستە دەسرۆکێك و لەناو زەرفێکی دانا، بانگی فەقێیەکەی کرد و پـێ ی ووت: کـوڕی خـۆم بـڕۆ ئـەم ڕاسپاردەییە[٤٨] بدە بە مامۆستا مەلا محەمەد، هەر زوو بگەڕێوە.

فەقێش وتی: بەسەرچاو مامۆستا.

مەبەستی مامۆستا تەنها بۆ دەستپاکی ئەو فەقێیە بوو و بەس.

فەقێ لەڕێگا بینی ئەو شتە دەجوولێتەوە، دەستی بۆ برد شتێکی نەرمە، گرێی دەسترۆکەکەی کردەوە مشکێك دەرپەڕی، بەڕاکردن هاتەوە خزمەت مامۆستا، وتی: مامۆستا،جەنابت شۆخیت[٤٩] پـێ کردم.

مامۆستا وتی: چاڤا[٥٠].

فەقێیەکە وتی: دەسرۆکەکەم کردەوە مشکێك دەرپەڕی.

مامۆستا فەرمووی: کوڕی خۆم، لەدڵی خۆمدا بڕیارمدا بـوو پـێش ئەوەی بمرم، دونیای فانی جـێ بهـێڵم، ووتم: بـا ئیـسمی ئـەعزەم وەکو ئەمانەت بیدەم بە تۆ و تا بیپارێزی، تەنها دەستپاکی نەبێ تۆم تاقی نەکردۆتەوە، بۆیە ئەو شتەم رێکخست تـا لـە نزیکـەوە

---

[٤٨] - ڕاسپاردە: ئەمانەت، ئەسپاردە

[٤٩] - شۆخی: گاڵتە

[٥٠] - چاڤا: چۆن

ئاگاداری ئـەمینی تـۆبم، لـێ بـۆم دەرکـەوت تۆشـایانی ئـەم راسپاردەنی، چونکە ئەمە پیاوی خۆی گەرەکە.

* * *

شەوە شیر [51]

سـاڵانی زوو گرانـی دادێ، جـا خـەڵکی گونـدان ئـەوەی مـەڕ و مـاڵاتی هـەبوو ڕوویـان لـەو شـوێنانە دەکـردن کـە لـەوەڕەکانیان خۆش بوون.

دەڵێن: جارێکیان ماڵە عارەبێك لا دەدەنە گوندێك لـە گوندەکانی قەراج و بۆ حەوانەوە شەوێك مانەوە بارگەیان دادەگرن.

مام عارەب، ماڵێك دەستنیشان دەکا، کە شەو باڵی ڕاکێشا، گەر لوا تەلیسە کاێك بدزێ.

درەنگانی شەو مام عارەب بەرەو ماڵەکـە بەڕێکـەوت بـۆ کـادزین، گەیشتە ماڵەکە و چووە کاندین و تا پێ ی کرا کای لە تەلیسەکە کرد، لەناکاو گوێ ی لـە خـشپەی پـێ ی ئافرەتێـك و زرینەگـەی خشل هـات و بەهەڵـە داوان شـەوە شـیرێك هـەبوو خـۆی خزانـدە نێوی و خۆی حەشاردا، هێندەی نەبرد کوڕێك بـە دزە دزە خـۆی

---

[51] - شەوەشیر: وەکو قەرتارەی ترێ وایە لـە چیلکەدار دروستدەکرا، شیر و ماست و جووجەڵەیان لە ژێری دادەنا

له ژووریٚ نا، مام عارەبیش وا لەژێر شەوە شیرەکەیە گویٚ ی لە قسە و باس و ماچ و مڕی کچە و کوڕەکەیە.

کچەکە دەیووت: لاْوۆ، زۆر زەحمەتە ئەمن لۆ توو بم.

کوڕە: وەللاْ، ئەتو هەر لۆ منی.

کچەکە: دەزانم، بەرانەکینیٚ باب و براکانم رازیٚنابن.

کوڕە: بەمەلا و شێخ و پیاوانی گوندی دەرێم کە باب و براکانت ڕازی کەن.

کچە: کوڕە ئەدی بەخۆت نازانی باوانم چەند کەللە ڕەقن.

کوڕە: حەیاتم، کوو نازانم، بەرام ئەمن هەر ئەتوم دەویٚ.

کچە: وەللاْ، ئاگاشت لیٚ نابیٚ ئەمن دەدەنە کوڕەکی.

کوڕە: کیٚ حەدی هەیە ئەتوی لەمن کا، چما پارچە پارچەی ناکەم.

کچە: باشە بزانم چ دەکەی.

مام عارەب لەژێر شەوە شیرەکە، هەموو لەشی هاتبووە لەرزین نەوەك ئاشكرا بێت.

کوڕە تووڕە بوو وتی: وەللاْهی هەموویان دەکوژم.

کچە: کوڕە دەبڕۆ، کوشتن، کوشتن چی یە، خۆت لە پێشە من ئازا دەکەی و کەسیشت پیٚ ناکوژریٚ.

کوڕە تووڕە بوو دەستی بردە بەر پشدێنی و خەنجەرەکەی دەرهێنا تا هێزی هەبوو خەنجەری چەقاندە شەوە شیرەکە و وتی: ئەوها دەیکوژم.
خەنجەر بۆئاودیو نابێ و بەسەری عارەب ناکەوێ(مام عارەب لەبەر ئازاری خەنجەرەکە هەتا توانای هەبوو هاواری کرد: یە یومە..یە یومە. کوڕە و کچە لەترسان لە ژوورەکە دەرپەڕین، هەر یەکی بۆ لایێ ڕایکرد.
مام عارەبی بەستەزمانیش بەسەروکەللەی بەخوێنەوە گەڕاییەوە(تەڕ نەچووە دزین).

* * *

جگەرە کێشان

مامۆستا مەلا ئەبوبەکری هەمەوەندی(یادیبەخێر)بە مەلا ئەبوبەکری دووگردکاندەناسرا، چەندی بلێی زانا و دانا لە نێو خاس و عام رێزێکیزۆری لێ دەندرا، زۆریش حەزی لە خواردن و جگەرە بوو..ئەو زاتە نەخۆش دەکەوێ، پزیشکی دێننە سەر و پشکنینی بۆ دەکا و دەڵێ: نابێ مامۆستا چیتر جگەرە بکێشێ، چونکە تەندروستیان لە مەترسی دایە.
هەر کە پزیشك دەچێتە دەر، دەفەرموێ: زووکەن جگەرەیەکم بۆداگیرسێنن، با دکتۆر بۆ خۆی هەر بلێ.

جا دەیوت: ئەگەر لە گیان دان بووم دوو پلم[٥٢] بەرز کردەوە، بەهەڵە نەچن، دەڵێم: جگەرەیەك بخەنە نێو هەردوو پەنجەمەوە.

* * *

سەدەقە کردن

گوندەکانی لای خۆمان دوو شوێنی هەبوون بۆگردبوونەوەودانیشتن، یەکیان مزگەوت لە خزمەت مامۆستا و ئەوی تریان دیوەخانی گوندی. بە ڕۆژ لە مزگەوت و بە شەوانیش لە دیوەخان، خۆ ئەگەر دیوەخان نەبوایە ئەوا حوجرەی دانیشتنی مەلای مزگەوت دەبووە کۆڕ و کۆبەندی گوندی.

عەسرێکیان پاش نوێژ کردن هەمووومان ڕوومان لە حوجرەی مامۆستا کرد و مامۆستاش فەرمووی:دەی زووکەن یەکێکتان چایەمان بۆ چێ کا، تا بەسەرهاتێکی خۆش و پڕ مانا و سوود بەخش بگێڕمەوەکە لە ئاستیدا سەرسام و دۆشدا دەمێنن.

یەکێك بەپەلە چایەی ئامادە کرد و چایەمان خواردەوە و گوێمان قۆلاغ کرد و دەممان وەك تەڵەی تەقیو داخست.

مامۆستا فەرمووی: ئەوەی دەیگێڕمەوە بەسەرهاتێکە و ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە و دوورە لە باقرۆ، دەڵێن: ڕۆژێکیان

---

[٥٢] - پل : پەنجە

پیاوێکی دەوڵەمەندی رژد[٥٣] لەماڵ دەگەڵ خێزانەکەی دانیشتووە و چێشتێکی بەلەزەت و بە گۆشتی مریشك رازاوەتەوە خەریکن دەیخۆن، لەناکاولە دەرگای حەوشە درا و ژنەکەی هەڵسا دەرگاکەبکاتەوە، بینی ئەوە فەقیرێکی کتارۆ و خاکسار[٥٤] راوەستاوەو دەڵێ: بۆ خاتری خوا برسیمە گەر کەرەم بکەن تیلەنانێکم بدەنێ.

ژنی دەوڵەمەندە رژدەکە، بەپیاوەکەی دەڵێ، هەژارێکە داوای نان دەکا و دەڵێ برسیمە و تیلە نانێکم بەنێ.

کابرای دەوڵەمەندی چاوبرسی، هەڤری[٥٥]، هەر لە ژوورڕاڵە کابرای فەقیر دەقیژێنێ و جنێوی پێدەدا.

ژنەکەی دەڵێ: خۆ وەزەنگ[٥٦] ناکەین قەی چی دەکا گەر پاروە نانێکی پێبدەین.

دەوڵەمەندی چاوبرسی دەڵێ: نا فەقیر و خاکسار و هەژار تەنها بۆ مردن باشن، لێی گەڕێ با بڕوا.

---

[٥٣] - رژد: ڕەزیل

[٥٤] - خاکسار: فەقیر

[٥٥] - هەڤری: ڕەزیل

[٥٦] - وەزەنگ: زەرەر

کابرای هەژار دەست بۆ خوای گەورە پان دەکاتەوە، سکالای بۆ بەرز دەکاتەوە.

مامۆستا فەرمووی: کاکە، قەدەر وادێنێ ئەوپیاوە دەوڵەمەندە دەکەوێتە سەر ساجی عەلی و هەشتەبای خوای نامێنێ و بەفلسی دەڵێ دینار، رۆژی، مانگێ، ژنەداوای تەلاقدەکا و پیاوە دەوڵەمەندەکە دەکەوێتە سەر کۆچە و کۆڵان،دەست بۆ ئەم و ئەو پان دەکاتەوە.

مامۆستا بەردەوام بوو وتی: رۆژێکیان ئەو کابرای دەوڵەمەند کە فەقیر بووە لە دەرگایماڵێك دەدا، ژنی ماڵەکە دەرگای دەکاتە دەبینێ فەقیرە و دەوای لەتە نانێ دەکا و بەپەلەدەگەڕێتەوە لای مێردەکەی دەڵێ: ئەوە کۆنە مێردەکەی منە، کاتی خۆی من ژنی ئەو بووم، مێردە نوێیەکەی بە ژنەکەی خۆی دەڵێ: برۆ هەر ئێستا ئەو مامرە و ئەو چێشتەی بۆ ببە با بیخوا.

مێردە نوێیەکەوی بە ژنەکەی خۆی دەڵێ: قورئان بە حەقت بە ساحێبت من ئەو فەقیرەم کە کاتی خۆی هاتمە دەرگەتان تۆ سکت بەمن سووتا و مێردەکەت چێشت و مریشکی لەپێش بوو دەیخوارد، قیژاندی منی دەرکرد، خوای گەورە ئەو پارە و سامانەی لێسەندەوە و منیش بە شوکر و ملکەچی بۆ خوای گەورەی خۆم، پارە و پوولی دایە من و تۆشیکردە ژنی من.

باب دەسنوێژی بشکێ

خەڵکەکە لەدیوەخان پاڵکەوتو بوون، مام ئۆمەر هات و سڵاوی کرد، دوای ئەوەی چایەکی هەڵقوڕاند. وتی: ئیمڕۆ لە ماڵ لەگەڵ ئیبۆی کورم دانیشت بووم پێکەوە چایەمان دەخواردەوە، لە پڕێکا ئیبۆ بایەکی لێ بەربوو، بانگی عەسری دا، منیش دەست نوێژم هەبوو، هەڵسام کە نوێژی خۆم بکەم، ئیبۆ بەمنی ووت: هۆ باب، دەستنوێژ هەڵگرەوە. وتم: کوڕم، دەستنوێژم هەیە پێویست ناکات دووبارە دەستنوێژ بشۆمەوە.

وتی: ئاخر وا باشترە.

ئیبۆ موکوڕ بوو لەسەر دەستنوێژ شووشتنەوەم.تومەز دەیویست بایەکە لەسەر من ساغ کاتەوە، بۆیە پێموت: کوڕم قەتم نەزانیوە کوڕ تڕی بکا و باب دەسنوێژی بشکێ.

* * *

ڕەحمەت لەو

ژن و مێردێکی شەبەك هاتبوونە گوندی . حەشتەبای خوایان نەبووڤ، خەڵکەکە بێشە و هەرەوەزییان بۆ کرد و ژوورێك و هەندێ کەلوپەلی پێویستیان بۆ تەرخان کرد.

تەنهایەك مامری[٥٧] قوندەیان هەبوو، قوماشێکی سووری لە قاچەکانی ئالاندبوو تا زوو بیناسێتەوە.

دەڵێن: مامرەکە وون دەبێ و کابرای شەبەك لەسەر بانی دیوەخانەوە هاواری دەکرد دەیوت: رەحمەت لەو، لە بابی ئەو، مریشکەك قوندەر، دەرپێ سۆر لەبەر ،کێ دیتی با بینیتی ئەوا هی من.

* * *

کورتان دروو

دەڵێن: لەو هەولێرە، چەند کورتان درووەك هەبوون لەناو بازاڕیش دەناسران و کۆلانی تایبەتی خۆیان هەبوو، پێی دەوترا: کـــــــــــــۆلانی کورتانـــــــــــــدرووان.

پیاوێك هەبوو کورتاندروو لەترسی دزین و بردنی پارە لە ماڵەوە، ئەوەی هەی بوو هەر هەمووی خستبووە نێو کورتانێك جوانیش دووروبووی، کەس گومانی لەو شوێنە نەدەکرد.

ڕۆژێکیان ئەو کورتانەی کە پارەی تێکردبوو دەیفرۆشێ پاش ماوەیەك ئەوجا وەبیری دێتەوە کە کورتانەکەی فرۆشتووە.

---

[٥٧] - مامر: مریشك

دووچاری دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەبێ، بەوەی ئەو پارە و پوولەی هەیەتی هەمووی بە فیڕۆ ڕۆیشت.
چەند بیر دێنێ و بیر دەبا نازانێ فرۆشتوویەتی یە کێ.
تا ڕۆژێکیان، پیاوێك کورتانێك دێنێ و دەڵێ: دووبارە کورتانەکەم تەژی قەسەڵ بکەوە.
کورتاندروو، لەکاتی کارکردنی دەبینێ ئەوە پارە و پوولەکە بەهەمان ناونیشان و ژمارە وا لە نێو کورتانەکەیە. پارەکە دەردێنێ و زۆر شوکری خوا دەکا، پارەش لە پیاوەکە وەرناگرێ.

* * *

بەردە دێمە خوارەوە

یەکێك بەخۆی گێڕایەوە وتی: تازە مۆز لە بازاردا دەفرۆشرا، منیش مۆزەکم کڕی بۆ تاقە کۆرپەکەم، کە هاتمەوە ماڵ مۆزەکە پڵقابۆوە.
خێزانەکەم وتی: کە چوویتە بازاڕ سێ مۆزان بکڕە یەك بۆ من و یەك بۆ کوڕەکەت خۆ دەمێکە مۆزمان نەخواردووە.
وتی: هاتمە بازاڕ سێ مۆزم کڕین، یەك مۆزم خستە گیرفانی لای ڕاستەم و ئەوی تر لای گیرفانی چەپە و ئەوەی سێیەم خستمە بەرگی دواوەی پانتۆڵەکەم.

نەفەر هەڵگرەکە هێندە قەرەباڵغ بوو بە زەحمەت دەتتوانی سەرکەوی، هەر چۆنێ بێ خۆم گەیاندە لای دەرگا و تا وەسەرکەوتم، هەستم کرد هەردوو لای گیرفانەکانم تەراتی گرتووە، شوێن نەبوو دانیشم، وەکو خەڵکەکە لەناو ماشێنەکە راوەستام توند مۆزەکەی دواوەم بەدەستی گرت لەدڵی خۆمدا وتم: هەر نەبێ، با ئەو مۆزە ساغ دەرچێ.

پاش ماوەییێك، کابراییێك لە دواوەی من دەستی دا شانم وتی: کاکە، هینەکەم بەردە دێمە خوارێ.

منیش لەخۆم تەریق بوومەوە، وتم: کاکە هەر وام زانیوەمۆزەکەم گرتووە.

* * *

کڕینی هێستر

مام سمایل پیاوێکی کورتە باڵای کتارۆ و باش و خاس بوو، خەڵکی یەکێك لە گوندەکانی کەندیناوە بوو.

دەڵێن: دوو هێستری هەبوون، بۆ کێلان بەکاری دەهێنان، لێ ئەو کاتەی(نێر)ی لێگیر دەکردن لاییێك بەلاری لەبەر چاوانبە روونی

دیار بوو، یانی هێسترێك له هێسترێك نزم تر بوو، یانی بۆ شۆڤ[٥٨] کردن نەدەگونجان.

مام سمایل گێڕایەوە وتی: هێستره قەد نزم و کورتەکەم بردە مەیدانی ئاژەڵان لە هەولێر هەر زوو فرۆشتم بەڵکو بە هەندێ پارەی تر هێسترێکی وەکو بەرزە وڵاخەکەی تر بکڕم و تا لەکاتی جووت و کێلاندا وەکو یەك بن لە ژێر نیرە کە ئازار نەچێژن.

ئەو رۆژەی بۆم نەلوا هێسترێك بکڕم، خانچیەکەی هەولێر وتی: ئیمشەو دەگەڵ من بەو خوا یار بێ بەیانیەکەی هێسترێکی باش و جحێلت بۆ دەکڕم.

بەیانیەکەی چوومەوە مەیدانی ئاژەڵان و هێسترێکی کورتان بەرز و ریشمە جوان بە قەشاویشەکی پوختەوە هێندەی پارە ترم لەسەر پارەی هێسترە فرۆشەکەی خۆم لەسەر خست و کڕیم و سوار بووم و زۆر پێی کەیفساز بووم لە خۆشیان گۆرانیم دەچڕی لە رێگا قۆشمەم پێدەکرد تا زوو بگەمەوە گوندی.

پلکە زرێخی خێزانی کە چاوی پێکەوت پێی وتم: کوڕە سمایل ئەوە دەڵێ ی هێسترەکەی خۆمانە؟

ئەمنیش وتم: دەلاچۆ، هەی چەقاوەسو، جا تۆ چووزانی هێستر چی یە.

---

[٥٨] - شۆڤ: جووتکردن

ئەحمەدی کوڕم وتی: بابچم بزانم هێسترێکی چلۆنە.

مام سمایل وتی: ئەحمەد هاتەوە کردییە پێکەنینێك هەر مەپرسە.

منیش وتم: هەتیو تۆ شێتی؟

ئەحمەد وتی:بابە، ئەوە ئەوە هەر هێستری خۆمانە، ئەها ئەوەتانێ خالّی پشتی.

مام سمایل وتی: تومەز ئالیکێکی زۆریان دەرخوارد دابوو کورتان و ڕێشمەی جوانیان بۆ دانابوو و قەشاویشەکی جوانیان بۆ کردبوو، بەمانە منیان هەڵخەلەتاند و فریویان دابووم.

هەر هێسترەکەی خۆم بە پارەیەکی زۆرتر کڕیبۆوە، بەمجۆرە جامبازەکان فێڵیان لێکردم.

* * *

تەلاق دانی ژنێك

شێروان چەند ڕۆژێ بوو چوو بووە شاری، دیوەخانی گوندی وەکو جاران ئەو شەوق و جۆش و خرۆشەی نەما بوو.

هەر کێ دەهات دەیووت: بۆ شێروان دیار نییە؟

بۆ کوێ چووە؟

خۆ نەخۆش نییە؟

چونکە شێروان کوڕێك بوو، هێندە مەشرەبخۆش و قسەخۆش و بە سەلیقە بوو، لەلای هەمووان کوڕێکی مەحبووب بوو، مانەندی نەبوو.

شێروان وەژوور کەوت بووە چەپڵەرێزانی ئامادەبووان.

پاش چاکوچۆنی و ئەهوال پرسین، روو بە رووی چەندین پرسیار هات: لەکوێ بووی؟ بۆ دیار نەبووی؟ بۆ کوێ ئۆغرت کردبوو؟ ئەوە ئەو پرسیارانە بوون کە لە شێروان دەکرا.

شێروان وتی:خزمینە بەسەرهاتێکم بۆ ئێوە ئامادە کردووە،، ئەوەی بەسەری هاتووە خۆی لە چایخانەکەدا لەلای ئێمەی گێڕایەوە.

وتیان: ئێ ی، بگێڕەوە بزانین چی یە!

وتی: من لە چایخانەکەی ژێر قەلا چایەم دەخواردەوە، پیاوێکی ئەفەندی تووڕە و توند وەژوور کەوت لە پێش چاوی ئەو خەڵکە بەرۆکی پیاوێکی گرت ئەوەی جنێو هەیە لە فەرهەنگی شەڕ پێیدا و بووە مەرافەێك[٥٩] هەر مەپرسە.

حەوێز وتی: باشە بۆ جونێوی پێدا،لەسەر چی بوو؟

شێروان وتی: پەلە مەکە با قسەکان تەواو بکەم.

---

[٥٩] – مەرافە: شەڕو هەرا

ئەکرەم وتی: حەویز لێ ی گەڕێ با بەسەرهاتەکەمان گوێ لێ بێ.

ئەحمەدە رەش وتی: تو شەرەفتان، ئەگەر قسەی پێ ببڕن.

جا شێروان هاتەوە گۆ: ئەوانەی لە چایخانەکەدا بوون تکایان لە کابرای تووڕە و توندە کرد، واز لە جنێو شەڕهێنان بێنێ، چونکە بۆ هەموو لایێك شەرمە و ئەمەیش لە ئێوە ناوەشێتەوە.

بۆیە یەکێك ماچی کرد و لەتەك من داینیشاند،وتی: مەسەلە چی یە؟

کابرا وتی:کاکە من لە نێو ئامانەکەدا دانیشتووبووم لەگەڵ خێزانم، ئەو برادەرە(هەی هەیە)[٦٠] ، لەدواوەیئێمەلەسەر تەختێك دانیشت و بەخێر هاتنم کرد و پارەکەم بۆدا.

بەمنی وت: ژنی دووەم دێنێ و زەماوەند دەگێڕی لەدوای هاوڕێیەکانت ناردووە بۆ منیشت بانگێشت نەکردووە.خۆ منیش وەکو ئەوان دەمتوانی سەیارەیێ بەکرێ بگرم.

منیش وتم: زەماوەندی چی،حاڵی چی،گاڵتەمان پێمەکە.

وتی:وەللاّ، ئەگەر ژنەکەت بزانێ، خۆی دەکوژێ(دەیزانێ ئەوەی نك[٦١] من لەتەك من ئەوەژنی منە)لێ هەر بەئەنقەست تا شەڕەکەی تیرکات.وتم: کوڕە، واز بێنە، قسەی وا مەکە.

---

[٦٠] - هەی هەی: بۆ جنێودانە

ئەو(هـەی هەیـە) خـۆی تـووڕە و خـەمگین کـرد وتـی:بـڕۆ قـسەت دەگەڵ ناکەم و راستەن دابەزی.

من و خێزانەکەم، لە ئامانەکە دابەزین و ژنەکەم کردیە بۆڵە بۆڵ و قسەی هەلەق و بەلەق و لەسەر شەقامەکە حەیای بردم.

وتم: ئافرەت باوەڕ بکە ئەو کابرایە هاوڕێمە و گاڵتەم دەگەڵ دەکا هەر بۆ ئەوەی بوو تۆ هەراسان کا.

ژنەکـەم دەیـوت: وەلـلا، راسـت دەکـا، بـۆ درەو دەکـا، ئـەو سەروسیما و پۆتەلاکی لە هی درۆزن ناچێ.

منیش دەموت: ژنێ، بەخوا، هەر بـۆ گاڵتـە وای کـرد و هیـچی تـر نـا.نـەخێر بـووە شـەڕ و پێکـدادانمان و شـەڕە جنێـو و قـسە بەیەکتری گوتن،چۆوەماڵی بـاوکی ئـەوە مانگێکـە ژیـانم بووەتـە دۆزەخ.

پێیان وت: بۆ نەهاتوویە لای یـان سـەردانی مـاڵی ئـەو هاوڕێیـەت نەکرد، تا بیبەیتە ماڵ و قەناعەت بە ژنەکەی بهێنێ کـە شـتی وا نییە و تەنها بۆ فشە و گاڵتە وای وتووە.

وتی: کاکە، زۆر هاتمـە چایخانە و مـاڵی ئـەویش نـازانم لەکوێیـە، بەخۆشی دەیزانی کەتنێکی کـردووە، بۆیـە خـۆی لـەمن حەشـار دابوو.

---

[61] - نك: كن، لا

وتیان: باشە،چیتان کرد، بەچی گەیی؟

وتی: بەسەری ئێوە، بەشەرەفم هەر ئێستا لە دادگا دێمەوە ژنەکەم تەلاقی لێوەرگرتم، توخوا ئەمە گاڵتەیە خوا نەخواستە و ئەللا قۆیسەن خۆی بەمەلا دادەنێ، ئەوها ماڵی وێران کردم، خوا ماڵی وێران کا..نازانم چی بکەم؟ روو لەکوێ بکەم؟توخوا هاورێیەتی بەو جۆرەیە

* * *

نیگارکردن لەسەر دەفر

ئەحمەد ئەو رۆژەی چوو بووە شاری، باسی خۆشی و کۆچە و کۆڵان و شەقامەکانی بۆ دەکردین، وتی: ئیمرۆ نیوەرۆ لە لۆقەنتا شتێکی سەیرم بینی.

وتیان: چۆن؟

وتی: نیوەرۆکەی بۆ نان خواردن چوومە لۆقەنتا نانێکی بەلەزەتم خوارد، بێنگۆ ناخۆش.

وتیان: نۆشت بێت.

وتی:خاوەن لۆقەنتا دۆشداما بوو، دەیوت: هەرچەند ئەو کابرایە گزنی کرد، لێ ئافەرین بۆ ئەو هونەرە جوانە.

منیش وتم: چی بووە، چی روویداوە !

وتی: هەر ئێستا، پیاوێك نانی خوارد، كە هەڵسا بەمنی وت، ئەوە پارەكەم لەسەر دەفرەكە داناوە.

منیش وتم: باشە كاكە، سوپاس.

چووم پارەكە بێنم، تەماشا دەكەم نیگار و وێنەی دیناری لەسەر دەفرەكە كێشاوە.

ئەحمەد وتی: كە سەیرم كرد، دەقاودەق دیناری بەراستیە، بەخاوەن لۆقەنتاكەم وت: باشە، من دینارێكت پێدەدەم ئەو دەفرە بدە بەمن، خاوەن لۆقەنتایەكە وتی: باوەڕبكە بەسەد دیناریشنایگۆڕمەوە، هەر ئێستا لەدیوار لەلای خۆمی هەڵدەواسم، گەر هاتەوە پێی دەڵێم: هەموو جاران وەرە نانبخۆ و پارەم ناوێ، دیارە هونەرمەندێكی بەتوانایە.

* * *

فیتاوفیت

یەكێك سوێندی خوارد وتی: لەدیوەخانی كوێخای گوندی دانیشتوو بووین، ئەسكەندەر كە پێیان دەوت: كەدە،شەمچەی[٦٢] دەرهێنا و بۆ ئەوەی جگارەیەك داگیرسێنێ، زلووكی[٦٣] لێدا، گڕی

---

[٦٢] - شەمچە: شەقارتە

[٦٣] - زلووك: دەنكەشقارتە

نەگرت، ئەوجارەش یەکێکی تری لێخشاند گڕی نەگرت، لەوانەیە ده زلووکی لێخشاند، بەڵام دانەدەگیرسا.

ئەوجارە زلووکێکی دەرهێنا و پێش ئەوەی لە شەمچەکەی بخشێنێ، وتی: بەتەلاقم پێنابێ.

لێیخشاند داگیرسا، خەڵکەکەی دیوەخان وتیان: ترحێۆ

ئەوجا زلووکێکی دەرهێنا و وتی: بەتەلاقم پێ دەبێ.

دەنکە شقارتەکە پێ نەبوو.

ئەوجا ئەسکەندەر وتی: کاکە ئەوە فیتاو فیت[٦٤]، وەکو خۆی لێهاتەوە،

خەڵکەکە هێندە پێکەنین مەپرسە.

* * *

هەوری

یەکێك گێڕایەوە وتی: رۆژێکیان لە چایخانەدا دانیشتووبووم پیاوێك هات و دانیشت و هەوری لەسەرنابوو پڕبوو لە گوڵێنگ بەداوی باریك باریك لەلا چەنەگەکانی شۆڕ بووبوونەوە.

شاگردە هاتوتی: مامە بەخێر بێ ی، چی دەخۆیەوە؟

هەوری[٦٥] لەسەرەکە: خۆشبی چایەکی خەستم بۆ بێنە.

---

[٦٤] - فیتاوفیت: وەکو یەك

[٦٥] - هەوری: مشکی کاتی خۆی بۆجوانی پیاوان لەبری جەمەدانی لەسەریان دەنا

شاگردەچای بۆ ی هێنا و بەکابرای وت: خاڵە ئەوە چییە

لەسەرت ناوە؟

هەوری لەسەرەکە: ئەوە پێ ی دەڵێن: هەوری یا مشکی.

شاگردەکە زۆر پێکەنی شۆخی بەکابرا کرد و پێ ی وت:

مامە دەڵێی خەتی موەلیدەیە؟

هەوری لەسەرەکە وتی: ڕاست دەکەی خۆیەتی.

شاگردەکە: دە خەتێکم پێ بدە.

کابراش دەستی بۆ هینەکەی خۆی درێژ کرد و وتی:

بەس خەتی ڕەئیسی ماوە گەر دەتەوێ.

شاگردەکە لەخۆی تەریق بۆوە و من و پیاوەکەش زۆر پێکەنین،

بەکابرام وت:

دەم خۆش وەلاَمێکی باشت لەدەستنا.

* * *

جگەرەکێشان و سوێند خواردن

یەکێك وتی: لەگوندی پیاوێك هەبوو جگارەی زۆر دەکێشا، ڕۆژێکیان هێندە دەکۆخێ تا بێزار دەبێ، سوێند دەخوا دەم لە جگەرە نەدا، پاشان ژێوان دەبێتەوە دێتە لای مەلای گوندی و مەسەلەکەی بۆ دەگێڕێتەوە.

مامۆستاش دەڵێ: دوو ڕێگات لە پێشە.

یەك: سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بوون.

دوو: دە کەس نان دان بە تێری.

جا کامەیان بکەی ئەوە کەفارەتی سوێندەکەیە.

هەر هەمان پیاو دێتە مزگەوت و لەڕێ زۆر دەکۆخێ لەگەڵ هەر کۆخەیەك بایەکی لێ بەر دەبێ، شەرم دایدەگرێ تەڵاقدەخوا چیتر جگەرە نەکێشێ.

ئەو دەیوت: ئەو پیاوە وەکو سەرمەستانی لێهاتبوو، هەمیشە پەژموودەو بێ خولق، هەر خەیاڵی جگەرەی لەسەر بوو نەشدەوێرا دەست بۆ جگەرە بەرێ.

ئەو وتی: ڕۆژێکیان لەسەر سەکۆی دیوەخان ڕاوەستا بووین.

یەکێك هات و وتی:

مام عەولاً پلکە زرێخ مرد (پلکە زرێخ خێزانی مام عەولا) بوو..مام عەولا وتی: یاللاّ، جگەرەیەکم بۆ داگیرسێنن، هەر لەو ڕۆژێوە تا مردیش جگەرەی هەر دەکێشا.

* * *

دوعاکردن

دەڵێن: یەکێك هەبوو لەشار پێیان دەووت: بۆرە. ئەو بۆرەیە هەموو ڕۆژێ دوعا و نزای دەکردن، زۆریش حەزیلە فیزلێدان و پارە و پۆل بوو.دەیان ووت: بۆرە دوعای دەکرد لە خوای

دەپاڕایەوە، دەیوت: خوایە هێندە پارەم بدەیێ لەژمارەدنی بێزارم کەی.

دەڵێن: دوعاکەی بۆرە قبول بوو.

ڕۆژێك دەوڵەمەندێك لەلای خۆی دایدەمەزرێنێ تەنها پارەی پێدەژمارد، تا ماندوو دەبوو.

بۆرە دەیوت:

ماشاللاّ، دوعایەکەم چەند زوو قبول بوو.

* * *

زمانی عەرەبی

لەپەنجاکان خەڵکیان بانگێشتی خزمەتی سەربازی دەکرد، قوشە کە نێوی خورشیدە، ناوی هاتەوە مەختاری گوندی پێ ی ڕاگەیاند کە دەبێ بچێتە هەولێر و مەسەلەی عەسکەری لەگۆڕێیە.

ئەو قوشەیە، دوعا حافیزی کرد ولێیدا و ڕۆیشت.

قوشە بووە عەسکەر و سێ مانگی ڕەبەقی خەیاند نەهاتەوە، پاشان مۆڵەتی فەرمی ئۆردی وەرگرتوو هاتەوە.

لێمان پرسی: ئەرێ، قوشە باسی سەربازیمان بۆبکە.

قوشە وتی: کوڕە مارەوەدان عەسکەری مردن و ژینە هێندەت ماندوو دەکەن، وەکو کەرێ ڕاتدەکێشن.

پرسیان: باشە بۆ ئەوها مایتەوە و ئەی فێرە عەرەبی نەبووی؟

قوشـــه وتـــی: بـــه ســـیّ مانگـــان، ئـــەوجا مۆڵـــەتت دەدەنـــیّ، جارێکیانزابت بە ئێمەی وت: هەر کەسێ بڵێ **ضابط** بەڵێن بێ دە ڕۆژ دەینێرمـەوە ماڵـەوە، یەکێکماندەگەلـە نـاوی فازیلـە،جا ئـەو فازیلـە، هەسـتاوە وتـی: **ضـابط** ، زابتەکـە ئافـەرینی لـێ کـرد و ئێمەش چەپلەمان بۆی لێیدا، پێی وت: هەر ئێستا دە ڕۆژانت بۆ دەنووسم، ناوت چی یە؟

فازیل وتی: فازیل.

زابتەکە وتی: وەی وەی کـەی فازیلـە،**فاضل**–ە وەلـلاّ، مۆڵەتەکـە وەرناگری.

ئێمـەیش کردمانـە پێکـەنین، کـوڕە بـاوکم عـارەبی هێنـدە ڕەقـە بەخوای زەحمەتە فێربم.

* * *

پاشای فارس

دەڵێن : جارێکیان کیسرا پاشای فارس لە یەکێك لەدانایانی پرسی؟

– مندالّت هەیە؟

دانا: بەڵێ، قوربان جەنابی کیسرا.

–کامیانت زۆر خۆشدەوێن؟

دانا: قوربان، خاوەن شکۆ

ئەوەی بچووکە تا گەورە دەبێ

ئەوەی دیار نییە تا دێتەوە

ئەوەی لە سەفەرە تا دەگەڕێتەوە

پاشای فارس پرسی: خواردنت چی یە؟

دانا:قوربان، نانی گەنم

ئەوجا کیسرا بە کابرای دانای وت: ئەوەیە عەقلی نانی گەنم.

* * *

دزیکردن ئەوها دەبێ

دەگێڕنەوە دەڵێن: لە دەوروبەری ئەو شارە گوندێك هەبوو پیاوەکانی خەریکی دزیکردن بوون، ژنەکانیشیان بۆیان دادەپۆشین و تەفرەی خەڵکیان دەدا، هێندە بە فرت و فێڵبوون،خەڵکی لە ئاست دزیکردنەکانیان دۆشدادەما و واقیان وڕ دەما.

جارێکیان لە ماڵێکی شاری، مانگاییێك دەدزرێ و ماڵەکە سکالای دەبەنە بەردەم مەرکەزی پۆلیس بەوەی درەنگانێ شەو مانگایەکیان لەماڵەوە لێدزراوە، کە ژیان و گوزەرانیان تەنیا و تەنیا شیریئ ئەو مانگایەیە، پۆلیس بەو کارە قەلس دەبێ و دەڵێن: دیارە ئێمە نووستووین.

بۆ لێکۆڵینەوە و گەیشتن بە ئەنجام، پۆلیسی ئەو ڕۆژگارەی ئەوسا پشتی بە شوون هەلگران دەبەست، لە هەولێر پیاوێك هەبوو، نێوی مام عەلی شوون هەلگربوو، هێندە کارامە و لێزان و بەتوانا بوو، زۆر بەدیقەت دزییەکانی ئاشکرا دەکردن.

پۆلیس پەنای بردە بەر ئەو شوون هەلگرە، چونکە خۆیان چەندییان کرد نەیان دەزانی دزییەکە چۆن کراوە، بۆ کوێ چووە،هەر بۆیەش روویان لەو مام عەلی یە کرد،مامعەلی یان بردە شوێنی دزییەکە، واتە: ئەومالەی مانگاکەی لێ دزراوە.

مام عەلی شوون هەلگر، بە دیقەت سەیری شوێنەکەی دەکرد تا پەنجە مۆری مانگاکەی بۆ دەرکەوێ، بشزانێ بەرەو کوێیان بردووە،مام عەلی بەشوێن پێ ی دزە و مانگاکە رێ ی کرد.

دزیکرەکان بەم کارەیان زانی هەر زوو لە گوندی لە یەکێك لە مالەکان چوارپەلی مانگایان بەستەوە و دەم و قەپۆزیان بەپەتکی گرێ دا و لە ژوورێکیان درێژ کرد و بانگی ژنەکانیان کرد:وەرن بکەنە گریان و فیغان و بابەڕۆ، بۆ ئەوەی گەر هەر کەسێك هاتە گوندی، بلێن: یەکێك مردووە.

مام عەلی شوون هەلگر، بەچەند پۆلیسەوە هاتنە گوندەکە و تا ئەو مالەی کە مانگایەکەی لێ ی حەشار دراوە.

مام عەلی شوون هەڵگر و پۆلیسەکان بینییان ئەوە شیوەن گێرانێکە هەر مەپرسە..مام عەلی وتی:ئێرە، ئەو ماڵە، ئەوا دواین شوێنە کە مانگایەکەی هاتوتی، لێ چیبکەم خۆ دەبینن ئەوا پیاوێك مردووە، شین و فیغانە.

لە گوندەکە، مام عەلی و پۆلیسەکان وەدەرکەوتن و گەڕانەوە.. خەڵکەکەش بەو گزنی[٦٦] و هەپە[٦٧] یە خۆیان رزگارکرد و کردیانە پێکەنین و ئەوجارەش لەچنگ مام عەلی شوونهەڵگر و پۆلیس دەرباز بوون.

* * *

دزیکردن

هەر لەهەمان گوندا ئەوەی پێشتر باسمان لێوە کرد، کە چۆن مانگایەکیان دزی و چۆن بە پیتولی[٦٨] خۆیان مام عەلی شوونهەڵگر و پۆلیسیان فریودا و ئەوجارەیان هەمدیس لەدەوروبەری شار دزییەکی ناقۆلا ئەنجامدرا، دووبارە پۆلیسو حەسحەس چوونەوە هەمان گوند.

---

[٦٦] - گزنی: فێڵ

[٦٧] - هەپە: فێڵ

[٦٨] - پیتول: شارەزا

پاش پشکنین و لێکۆڵینەوەیەکی ورد، هیچییان دەست نەکەوت، پۆلیسەکان بە ناچاری و نەگەیشتن بە ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، گوندەکەیان جێهێشت، چونکە ئەوەی پیاوی گوندەکە بوو هەر هەموویان خۆیان لە پەنا گردۆڵکە و پەسێوان حەشاردابوو.

بۆیە ژنەکانیان چووبوونە سەربانەکان، هاواریان دەکرد:وەرنەوە، وەرنەوە ئەمجارەش بووە فشە.

ئا بەم جۆرە پۆلیسیان چەواشە[٦٩] دەکردن.

* * *

کەری ناو کۆڵانان

حاجی ئەحمەد کە خەڵکی دیبەگەیە، بە ئەحمەدە رەش دەناسرێ، چەندی بڵێی قسە خۆشە و لە قسەکردندا تام و چێژی پێدەبەخشی بەخۆت نییە وا دەکا، سەری بۆ بلەقێنێ و گوێ ی بۆ هەڵخەی، ئەو گێڕاییەوە وتی:

لە دیبەگە من و مام ئاغا لەماڵە خزمێك بۆ نانی نیوەڕۆ بانگێشت کرابووین، خوانی بە چەندین چێشتی بەهاری رازابۆوە،مەبەستم لە چێشتی بەهاری وەکو: تۆلەکە،کەنگر، کاردی دۆمبەلان و سەرباری ئەو خوارنانەش، گۆشتی پەلەوەڕی دانابوو.

---

[٦٩] - چەواشە: هەپە، فێڵ

ئەحمەدەڕەش وتی: خواردنێکی زۆر و خەرجییەکی زۆر واقمان ورما.

مام ئاغا وتی: کاکە، ئەو خواردنە زۆرەت بۆ کردووە.

خزمەکە وەڵامی داوە و وتی: مام ئاغا، وەکو کەری ناو کۆڵان ئەولا و ئەولا بکە. بزانە ترپی دەمێنێ.

ئەحمەدە رەش وتی: بووە پێکەنینێك، نانەکەمان گێرە پێکرد و کەوتینە سەر گازەرەی پشت.

* * *

پەتك دزین

یەکێك بە توومەتی مانگا دزین دەستگیر کرابوو، هێنایانە دادگا و لە پێش جەنابی دادوەر راگیرا.

دادوەر: کورە قەت شەرم ناکەی، دزی لە خەڵك دەکەی.

تاوانبار: قوربان، دزی چیم کردووە تەنها پەتکێکم بردووە.

دادوەر: هەی چەتوون راست بێژە، نەوەك فەرمان دەدەم دارکارییەکی خراپت بکەن.

تاوانبار: قوربان، پەتکەکە لە ملی مانگایەکەوە بوو.

دادوەر: ئێ چی تریش؟

تاوانبار: گۆلکەکەیش بەدواییەوە بوو.

..وەر: مانگا و گۆلك، دزیون، دەڵێ ی پەتك، هەی سلساری
..لیتە .

تاوانبار: ئێ، قوربان من بۆ پەتك چووم مانگا و گۆلك خۆیان بەدوامەوە بوون.

پۆلیس و خەڵکەکە کردیانە پێکەنین.

* * *

دادوەری ڕێوی

دەگێڕنەوە دەڵێن: پیاوێکی ڕێبوار بەتەنها لە ڕێگادا دەڕۆیشت، لە شوێنێکەوە بەرەو شوێنێکی دیکە دەچوو، کە هێندە دوور بوو لە گوندەکەی خۆی، بەدەمڕێگەوە کەوتووبووە ڕیژگاوێك و بە ئەندێشەیەکی قووڵەوە و خۆی خزاندبووە نێو خەلوەتگەی کپی و بە هێمنی و ئارامی هەنگاوی دەنان، بیری دەهێنا و بیری دەبرد چۆن ڕوو بە ڕووی کێشەکان ببێتەوە، لەناکاو گوێبیستی نەڕەیەك بوو، دەنگەکەی زۆر لەلا نامۆ بوو، چونکە بە دەنگی ئادەمیزادان نەدەچوو.

پاش دۆشدامانێك بەرەو دەنگەکە چوو تا گەیشتە نك شوێن دەنگەکە، بینی شێرێك کەوتۆتە نێو تۆڕێکی ئاسنینەوە، هەر کە شێرەکە چاوی بەکابرای ڕێبوار کەوت ئەم دەمەتەقێیە لە نێوانیاندا هاتە ئاراوە:

شێر: کاکی من ماندوو نەبی.

ڕێبوار: خوا خۆشت کا.

شێر: جەنابتان خاوەنی ئەم تۆڕەن؟

ڕێبوار: نەخێر،پەیوەندی بەمنەوە نییە.

شێر: ئەی چۆن ڕێتبێرە کەوت؟

ڕێبوار: بەکارێکی خۆمەوە خەریکم،دەڕۆمە شوێنێك.

شێر: مادامەکینێ تۆ خاوەنی ئەم تۆڕەنی، تکایە ڕزگارم کە.

ڕێبوار: گەر ڕزگارت کەم، لەوانەیە کابرای تۆڕچی یانی نێچیروان لێم زوێربێ و دۆژمنایەتیم بکات.

شێر: نەگۆشتم دەخورێ و نە ئێسقانم بەکەڵك ئێوەی مرۆڤ دێت، تەنها و تەنها کەوڵەکەمە گەر سوودێکی بۆ ئێوە هەبێت.

ڕێبوار: دەترسم، ڕزگارت کەم بمخۆی!

شێر: ئای لەوە، جا چۆن شتی وا قێزەون دەکەم، مەترسە ناتخۆم، خۆ من هێندە نامەردنیم.

ڕێبوار: (بێ ئەوەی بزانێ ئاکامی کارەکەی بەچی دەگات) دەروازەی تۆڕەکەی بۆ والا دەکات و شێرەکە لەنێو تۆڕەکە دێتە دەرەوە.

شێر: هەی گەمژەی غەنیش،من ئەوا چەند ڕۆژێکە لەنێو ئەم تۆڕە بەندم، زۆرم برسییە بۆیە دەتخۆم.

ڕێبوار: کوا چاکەی من؟ ئەی بەڵێنی جەنابتان؟

شێر: ئێوەی مرۆڤ هەمیشە حەزتان لە چەوسانەوەی ئەوانی دی یە، خۆتان زۆر بە زل و گەورە دەزانن بۆ چاوترسانی ئێوە بۆیە هەر دەتخۆم.

ڕێبوار: من کاری خۆم دواخست، تا چاکەتان دەگەڵ بکەم، کەچی جەنابتان سوورن لەسەر ئەوەی کە بمخۆن؟کوا بەڵێنی جەنابتان، نەخواستە ئێوە پاشای دارستانن و ئاژەڵان لەژێر ڕکێف و دەسەڵاتی تۆن، ئەم کارە لەشەوکەت و مەقامی جەنابتان ناوەشێتەوە.

شێر: بەم پیاهەڵدانە، هێندێك لەخۆی بایی بوو وتی: ڕاست دەکەی چارە و حەلێکی دیکەم هەیە.

ڕێبوار: قوربان، فەرموو بێژە.

شێر: هەلەکت بۆ دەڕەخسێنم، سێ شت دەکەینە دادوەر.

ڕێبوار: دادوەر بۆ چی؟

شێر: ئەگەر هەر سێکیان وتیان بیخۆ، ئەوا دەتخۆم، ئەگەرنا ئازادد دەکەم.

ڕێبوار: قوربان، پاشای ئاژەڵان، من ئەو چاکە گەورەیەم لەگەڵ جەنابتان کرد، بری چاکەش هەر چاکەیە.(هل جزاء الاحسان الا الاحسن)[٧٠]

شێر: نەخێر بڕیارێکە، پاشگەز نابمەوە.

ڕێبوار: لێم گەڕێ با بڕۆم.

شێر: نا شتی ئەوها نییە.

ڕێبوار: دوام مەخە با بڕۆم، تکات لێدەکەم.

شێر: ئەوەی تو دەیڵێ ی لە فەرهەنگی مندا نییە.

ڕێبوارەکە چەند تکا و نزای کردن هەر سوودی نەبوون بۆیە دەگەڵ شێرەکە، کەوتنە ڕێ بۆ چارەنووسێکی نادیار.

داری بە بەر کەدادوەری یەکەم بوو وتی: بیخۆ، بەڵگەشم ئەوەیە بەرهەمەك دەخوات، لق و پۆپم دەسوتێنێ بۆ چێشت لێنان و خۆشووشتن و نانکردن و خۆ گەرمکردنەوە و هەروەها کەرەستەی ماڵم لێ دروست دەکات.

مانگا دادوەری دووەم بوو، ئەویش بڕیاری خواردنی کابرای دا،بەڵگەی باوەڕ پێکراوی هێناکە دەیسەلمێنێ مرۆڤ ستەمکارن و تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان کار دەکەن و هەموو شتێك لە خۆیان

---

[٧٠] – قورئانی پیرۆز

بەنزمتر و کەمتر دەزانن بەوەی ناهێڵن شیرەکەم بۆ بێچوەکانم بێ و شوڤ و کێلانم پێ دەکەن، گۆشتەکەم دەخۆن، پێستەکەکەشم بۆ زۆر شتی پێویستی خۆیان بەکار دەهێنن.

شێرەکە: خۆ باش گوێت لە قسەکانی ئەو دوو دادوەرە بووی بەوەی مافیان بەمنداوە کە بتخۆم.

رێبوار: جا فەرموو بمخۆ و نە بژی و نە مردنە بۆ چی یە؟

شێر: نەخێر تا دادوەری سێیەم بڕیار نەدا، حەزم لەستەم نییە، زوڵم و زۆرداری پەتکی کورتە.

لەدووڕا رێوی بینی ئەوا شێرێك لەگەڵ مرۆڤێك گفتوگۆیانە لەدڵی خۆیدا وتی: شێر و مرۆڤ کوجا مەرحەبا، بەهەلەپەلە و هەڵەداوان خۆی گەیاندە لای شێر و وتی: بەخێر بێ ی ئەی پاشای گەورە و مەزنی ئێمە، سالاری ئێمە ، بە راستی تەشریف هێنانی بەڕێزتان بۆ ئەم دەڤەرە خۆی لە خۆیدا مژدە بەخشە بۆ هەموو لایێك، بەخێربێن سەرچاوان و گەورەتان کردین.

شێر بە فیزێکەوە وتی: زۆر سوپاس مام رێوی.

مام رێوی بەشێرەکەیوت: قوربان ئۆغربن.

(رێبوارەکە دەیویست بێتە دوان، مام رێوی لێ ی خوڕییەوە): هەی گەوجەی گەلحۆ، تا جەنابی پادشای مەزن هەبێ ئێوە حەددتان نییە قسە بکەن.

مام ڕێوی: پاشا فەرموون

(شێرەکە سەربووردەکەی لە سیری تا پێوازی بۆ مام ڕێوی گێڕایەوە) مام ڕێوی بە تیلەی چاوان سەیری ڕێبوارەکەی کرد و چاوێکی بۆ نوقاند، ڕێبوارەکە فەرامۆشییەکی هاتە بەر)

مام ڕێوی: قوربان، جەنابی خاوەنشکۆ، خۆتان دەزانن داری عەدالەت دارێکی قورسە و هەردوو لای بە ئاگرە، پێش ئەوەی خەڵکی بسوتێنم، دەبێ خۆم بسوتێنم.

ڕێبوار: مام ڕێوی...

مام ڕێوی: تۆ بە هیچ جۆرێ مافی قسەکردنت نییە.

شێر: ئێ، چارەی چییە؟

مام ڕێوی: قوربان ئەگەر بڵێم بیخۆ، دەترسێم خوای گەورە ڕۆژی قیامەت بڵێ ئەوە چ حوکمێك بوو دات، گەر بڵێم مەی خۆ، هەمدیس دەترسم خوای گەورە بڵێ بۆ بێ دادیت نواند، چۆن دڵت هات ئەو پاشایە نازدارە برسیبێ.

شێر: باشە، بڕیارتان چییە؟

مام ڕێوی: قوربان،ئەگەر بەزەحمەتی نەزانن حەز دەکەم شوێن و جێگای تۆڕەکە ببینم، تا هێڵکاری ونەخشازی بۆ بکەم، ئەوجا بڕیارەکەی خۆم دەدەم.

شێر: زۆرباشە، زەحمەت نییە با بڕۆین.

مام ڕێوی مێشك و هزری شێری مەشغول دەكرد، نەوەك لەناكاو چنگێك لە ڕێبوارەكە گیركات، جار نا جاریش چاوی لەكابرای ڕێبوار دەنوقاند(ئامازەێك بوو بۆ دڵنەوایی و ئارامی ئەو)گەیشتە شوێنی تۆڕەكە.

شێر:مام ڕێوی فەرموو ئەوەیش تۆڕەكەیە.

مام ڕێوی بەتووڕەییەكەوە: كوڕە كابرا خۆیەتی.

ڕێبوار:بەڵێ خۆیەتی ئەوە تۆڕەكەیە.

مام ڕێوی: ئای مرۆڤی خۆپەرست، چۆن دڵتان هات پاشای ناسك و نازدار لەم شوێنە بەند بكەن، بەڕاستی مایەی تەوهین[٧١] و لاقرتێ[٧٢] یە.

كە ڕووی كردە شێرەكە وتی: قوربان گەر بەزەحمەتی نەزانن، بچنە ناو تۆڕەكە بۆ ئەوەی بە بەڵگەوە حوكمەكە بدەم.

شێرەكە خۆی خزاندە ناو تۆڕەكە.

مام ڕێوی وتی: بەڕێزتان لەكوێ پاڵ كەوتوو بوون؟

شێرەكە: ئا لێرەدا لێ ی دانیشت.

مام ڕێوی دایە قاقای پێكەنین و شێرەكە وتی: ئەوە بۆ دەخەنی مام ڕێوی.

---

[٧١] - تەوهین: ئیهانە

[٧٢] - لاقرتێ: هزل

مام ڕێوی: قوربان چۆن نەخەنم، ئەی ئەوەتا دەرگای تۆڕەکە والآیە، جەنابتان دەتوانن بێنە دەرەوە و خۆتان لە تۆڕەکە ڕزگار بکەن.

شێر: نا، نا، دەرگای داخرابوو.

مام ڕێوی: ئارەقە تك تك لە حەژمەت ستەمی مرۆڤ لە لەشمدا دەچۆڕێ، بزانە ئەو ستەمە بێ ئابرووی یە ئەوە شتێکی ناجۆرە، بەکابرای وت: هەی گەمژەی یەغنیشن خۆ دەبینی، پاشای ناسك و نازدارو سالاری ئێمە چەند پەژموودەیە، کوڕە دەرگایەکە داخرابوو؟

ڕێبوار: بەڵێ مام ڕێوی.

مام ڕێوی بەئەسپایی دەرگاکەی داخست و بە شێرەکەی وت: هەی گەلحۆ، لەجیاتی خەلاتی ئەو کابرایە بکەی کەچی دەڵێ ی دەتخۆم و مرت لێ خۆشکردبوو، جا بۆ خۆت هەر لەنێو تۆڕەکەبە تا دەتۆپی.

بەکابراکەشی وت: خوای گەورە عەقڵی داوە بە مرۆڤ بۆ ئەوەی بیر لە شتەکان بکاتەوە، جارێکی دی بەبێ مشوورەت خواردن بڕیار نەدەی.

کابرای ڕێبوار زۆر سوپاسی مام ڕێوی کرد بەوەی لەچنگ ئەو شێرەی ڕزگار کرد، وتی: تا دەمرم منەت باری جەنابتانم.

نا، تۆ خاڵم نی

دەڵێن: پیاوێك هەبوو ، هەندێ یەغنیش و گەوجە بوو. ڕۆژێك لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی لەنێو قەیسەری هەولێر دەگەڕان. ئەوگەوجەیە پیاوێکی بینی راوەستا و دەستی ماچ کرد و چاك وچۆنییەکی گەرمی لەگەڵ کرد.

پیاوەکە پێ ی وت: کاکە جەنابتان بۆ ناناسم؟

گەوجەکە: قوربان ئەی جەنابتان خاڵم نین؟

پیاوەکە: نا، وەللا ئەوا یەکەمین جارە بەخزمەت یەکدی دەگەین.

گەوجەکە: ببوورە، وەللا هەروام زانی خاڵۆی منی.

هاوڕێیەکەی وتی:لەبازار ئەو سەر و ئەو سەرمان دەکرد، هەمدیس چاویبەهەمان پیاوەکە کەوتەوە وتی:خاڵۆ، تازە پیاوێکم بینی زۆر شێوە و روخساری بەتۆ دەچوو، گەر بمزانیایە چۆن دەستی ئەو گەوادەم ماچ دەکرد.

پیاوەکەوتی:وەللا، من هەمان کەسم کە ئێستا چاکوچۆنیت لەگەڵ کردم و ئەوە یەك دووش بەخۆت گەوادی ئەمان گەواد.

گەوجەکە: قوربان، ببوورە وەللاهی زۆر بەخاڵۆی من دەچی، دڵتان چ نەکا گاڵتەم کرد.

هاوڕێیەکەی وتی: ئەو جارە خاڵۆی خۆی چاوی بەمن و ئەو کەوت بانگی کرد، هاورێ گەوجەکە پێ ی وت: برۆ تۆ خاڵۆی من نی.

خالۆی هەر بانگی دەکرد: کوڕە وەرە، وەرە .
نەخێر گەوجەکەهەر دەیوت: نایێم تۆ هەمان پیاوەکەی، خالۆی من نیت.

* * *

میوان و هەنگوێن

مام مەلا سەعید(یادی بەخێر)خەڵکی گوندی تەلەلخێمی بچووک بوو، پیاوێک بوو بەقەد بەژن و بالآی خۆشەویست بوو، مەشرەبخۆش و قسەخۆش بوو.

ڕۆژێکیان خزمێك سەردانی دەکا و شەویش لەلای دەمێنێتەوە.
مام سەعید بە پوورە(فاتم)ی خێزانی دەڵێ: ئەو هەنگوێنەی بۆ خالیدمان هەڵگرتووە(خالید کوڕی مام سەعید بوو لەشار دەیخوێند) بیهێنە لەگەڵ پێخورەکان لەسەرخوان داینێ، تا میوانە خزمەکەمان بزانێ هەنگوێن دەخۆین.
سپێدە خوان بە ماست و هێلکە و هەنگوێن رازایەوە.
کابرای میوان: تیکەی[٧٣] ئەوهای لە هەنگوێنەکە دەدا، دەستی بۆ ماست و هێلکە نەدەبرد(گەروا بڕوا هەنگوێن بۆ خالید نامێنێ) بۆیە مام سەعید دەستی میوان دەگرێ و پێ ی دەڵێ: خزمە،

---

[٧٣] - تیکە: پاروو

دەست بۆ هێلکە و ماستەکە بەرە، دەڵێ ی دوژمنایەتیت دەگەڵ هەنگوێنەکەیە.

بووە پێکەنین، ئەو هەڵوێستە تا ساڵانێك ببووە بنێشتە خۆشەی سەرزاران.

دەیانوت: تەڕ، خالید هەنگوێنی نەخوارد.

* * *

ماشین و تەلیسی کا

یەکێك گێڕایەوەوتی: ڕۆژێکیان هاوڕێیەکم ماشێنی کڕی بوو، هێند بەنەزانی لێی دەخوڕی، چەندین جار خۆی لە دیوار و ئەولا و ئەولا دادا.

بۆ ئەهوال پرسینی چوومە سەردانی پێمووت: دەگەڵ ماشێنەکەت چۆنی؟

وتی:فێڵێکی باشم دۆزیوەتەوە، ئیتر چیتر وەزەنگ نابم.

وتم: چۆن؟

وتی: وەرە سەیرکە، چۆن تلێسێك کا و پووشم داناوە گەر هاتمەوە خۆ، خۆم لەدیوارەکە نانێم بە تەلیسە کایەکە دادەدەم، ماشێنەکە سەلامەت دەردەچێ.

* * * *

ئاخر لووسه دەخزم

مامۆستا عەبدوللاّ وتی: تازە دەروازەی قوتابخانە والآ کرابوو، ئەو منداڵانەی کە نوێدەخرانە بەر خوێندن ریزمان دەکردن، یەك یەك لە پۆلدا لەسەر تەختەکان شوێنمان بۆدەست نیشان دەکردن.

مامۆستا عەبدوللاّ وتی: رۆژێکیان قوتابییەك لەدەوام دواکەوتوو بوو، لەدەرگایدا من لە ژوورەوە بووم، هاتە ژووریٚ تەختە نەبوو لەسەری دانیشیٚ.

بەگریانەوەوتی: مامۆستا لەکویٚ دانیشم؟

منیش پێموت: رۆڵە وەرە لەسەر سەرم دانیشە.

منداڵەکەش کە بینی قژم رووتاوەتەوە، وتی: مامۆستا ئاخر لووسە دەخزم.

* * *

رزگار بوونی گۆرپە

پیاوێك سوێندی خوارد وتی: رۆژێك لەسەر کۆپری [٧٤] رێم دەکرد،ئافرەتێك مەلۆتکەییەکی هەلگرتبوو، قاتریك خۆی لە

---

[٧٤] - کۆپر: پرد

ئافرەتەکەدا، کۆرپە ساوایەکە لەدەستی ئافرەتەکە کەوتە خوارێ و خزایە نێو رووبارەکە.

پیاوەکە وتی: نێوان کۆپری و رووبارەکە بەبەرزایی چەندین بالأی مرۆ بوو، من و خەڵکەکە بە ڕاکردن و پاڕانەوە لەخوای گەورە، کۆرپەکە کەوتبووە سەر ئاوەکە لەناکاو قەلێ هات و دەنووکی لێگیر کرد و بەرزی کرد و فڕاندی.

ئەو خەڵکەی لەوێ بوو کردیانە هەرا و هۆریا و دەست بەرزکردنەوە لە قەلەکە، قەلەکە لەوبەر لەپێش چاوی هەموومان کۆرپە ساواکەی لەسەر زەوی دانا و پارچە قوماشێکی لە مەلۆتکەکە دڕاند، بەرزی کردەوە هەڵفڕی.

منیش بەراکردن کۆرپەکەم هێنا و خستمە نێو ئامێزی ئافرەتەکە.

* * *

مەڕی قوربانی

یەکێك گێڕایەوە وتی:هاتمە شار بۆ کڕینی کاوڕێك. پەتکم لە ملی خست و وردە وردە ڕێم کرد، شەوم بەسەر داهات لامدا خیوەتێك، بینیم ئافرەتێك پاڵکەوتووە. پاش سلاو کردن، وتم: من میوانم ئیمشەو لێرە دەمێنمەوەبۆ بەیانییەکەی دەڕۆم.

ئافرەتەکە وتی:ئێمەو میوان وا بۆ خۆمان لەبرسان دەمرین.

بینیم تیله نانێکی کرده بالووله و خواردی، منیش واقم ووڕما، هێنده‌ی نه‌برد پیاوه‌که‌ی هاته‌وه وتی: تۆچی؟

وتم: میوانم.

وتی: یاخوا به‌خێر بێ ی ، ده‌ی ئافره‌ت نانێکمان بۆ ئاماده بکه تا بیخۆین.

ئافره‌ته‌که وتی: بڕۆ خۆت ئاماده‌ی بکه.

کابرا وتی: بووه ده‌مه‌قاڵێ و مه‌ڕافه له میانی ژن و مێرده‌که..

پیاوه‌که هاته لام و وتی: تۆ میوانی من بیت و سکت برسی بێ، به‌هه‌له‌په‌له ئه‌و کاوره‌ی من بۆ قوربانیم کڕیبوو، که پاره‌که‌ی‌له‌لایه‌ن خه‌ڵکی گوندی کۆ کرابۆوه، سه‌ری بڕی، گۆشتێکی زۆری لێنا و هێنای من وئه‌و لێمان خوارد و جار جاریش بۆ خێزانه‌که‌ی له‌ته گۆشتی بۆ ده‌هاویشتن و ده‌یوت:ده‌ی بیخۆ.

به‌یانییه‌که‌ی که هه‌ڵسامه‌وه، سه‌یرم کرد پیاوه‌که لێره نه‌ماوه و کاوڕه‌که‌ی منیش سه‌ربڕا بوو، دلگران بووم وتم: جا، چۆن وه‌ڵامی خه‌ڵکی گوندی بده‌مه‌وه؟ له‌و دڵه‌ڕاوکێ یه دابووم؛ پیاوه‌که کاوڕێکی له‌گه‌ڵ خۆی هێنابوو وتی: ئیمشه‌و کاوڕه‌که‌ی تۆم سه‌ربڕی، گۆشته‌که‌مان پێکه‌وه خوارد، ها ئه‌وه کاوڕێکی گه‌لێك له کاوڕی تۆ باشتر و قه‌ڵه‌وتر و جوا نتر، ئه‌وه‌یش هه‌ندێ گۆشت ده‌گه‌ڵ خۆت به‌ره.

منیش سوپاسم کرد و هاتمەوە گوندی، مەسەلەکەم بۆ گێڕانەوە.

* * *

قورئان خوێندن

دەگێڕنەوە دەڵێن: کاتی خۆی پاشایەك هەبوو، دادپەروەر و لەخوا ترس، چەند ساڵێك وڵات لە ژێر حوکم و دادی ئەو پاشایە بەهێمنی و ئارامی بەڕێوە دەچوو، نەخۆش دەکەوێ و دەمرێ.

کوڕی پادشا، شازادە جێگرەوەی باوکی دەبێتە پادشای وڵات.

بە حەسحەس و ئاژدانەکان رادەگەیەنێت، بڕۆن جاڕدەن لەوڵات، هەر کەسێ ستەمی لێکراوە و ناهەقییان بەرامبەر کردووە، ئەوە دەرگای کاخ والایە.

زۆرکەس دەچوونە دەربار، هەر لەوێ پاداشت دەکران.

یەکێك قورئان خوێن بوو، چەندی کردی نەیدەتوانی بگاتە خزمەت پاشا.

بۆیە هەموو رۆژێ دەچووە سەر گۆڕی پاشای باوکی و قورئانی دەخوێند، ئێ ئەوە خوایە بەڵکوکەسێ، حەسحەسێ بە پاشا رابگەیەنێت تا خۆی بخزێنێتە نێو کۆشك و بەڵکو پاشا لەبری ئەو چاکەیە خەڵاتی بکات.

چەند ڕۆژێك ئا بەو شێوەیە دەچووە سەر گۆڕ و دوعا و قورئانی دەخوێند، یەکێ نەبوو پێ ی بڵێ: ئافەرین.

لەدڵی خۆیدا وتی: خەڵکی قسەی باش ناگێڕنەوە تا قسەی خراپ و ڕەفتاری خراپ هەبێت، بۆیە ڕۆژێکیان دەستی دایە مەترەقێ گۆڕی پاشای دایە بەر داران، خەڵك و عەوام و حەسحەس لێ ی کۆبوونەوە و قۆڵبەسییان کرد و هێنایانە لای پاشا، وتیان: خاوەنشکۆ پاشای ئێمە، ئەو پیاوە کەوتبووە سەر وێزەی گۆڕی باوکت بەداران و جنێوی ناشیرینیشی دەگوتێ.

پاشا: کابرا ڕاستە بەو کارە هەڵساوی؟

قورئان خوێنەکە: گەورەم جەنابی پاشا، من ئەوە دەمێکە قورئان لەسەر گۆڕی باوکت دەخوێنم و دوعای بۆ دەکەم، بەڵکو یەکێك بە جەنابتان ڕابگەیەنێ و بانگم بکەی خەڵاتم کەی،ئەوە چەندین ڕۆژە، دیارە کەس تۆی لەو کارە ئاگادار نەکردۆتەوە، بۆیە وتم: واباشە چیتر قورئان نەخوێنم با بکەومە وێزەی باوکی خوالێخۆشبووی بەڕێزتان، بۆم ڕوونە کە کاری خراپە و قسەی خراپ بۆ جەنابتان دەگێڕنەوە، نەوەك من خوالێخۆشبووی باوکت بەقەد باوکی خۆم خۆشدەوێ.

...ا وتی: راست دەکەی، من پیاوی راستگۆم خۆش دەوێ.
...بریە فەرمانیدا: خەزنەدار هەر ئێستا خەلاتی دەکەن و مانگانەش مووچەی بۆ تەرخان بکرێت.

* * *

جۆ بخۆ

یەکێك گێڕاییەوە وتی: لەگەڵ فەقێ ئەحمەد لەپێش دەروازەی مزگەوت ڕاوەستابووین، یەکێك هات و سڵاوی کرد و بەفەقێ ئەحمەدی ووت: مام فەقێ ئیمڕۆ گوناهێکی گەورەمکردییە.
فەقێ ئەحمەد وتی: ئەو گوناهە چی یە ئا ئەوها پەشۆکاوی؟
جحێلەکە: مام فەقێ لە کۆڵانێك ڕێمدەکرد، ئافرەتێك بانگی کردم و منی بردە ژوورەوە و خۆی ڕووت کردەوە، منیش زۆر ترسام ڕامکرد و ئەوە نەزەرە و گوناهێکی گەورەییە؟
فەقێ ئەحمەد: باشە چیت دەوێ؟
جحێلەکە: چیبکەم باشە، بە ڕۆژووبم، نوێژ بکەم، پارە بدەم، تۆبە بکەم؟
فەقێ ئەحمەد نەختێ دۆشداما و سەیرێکی من و جحێلەکەی کرد، ئەوجا وتی: کوڕم بڕۆ سێ ڕۆژان جۆ بخۆ
منیش تەماشای فەقێ ئەحمەد و جحێلەکەم کرد، سەرم سوڕما.

جحێلەکە وتی: قوربان بۆ من خەرم ؟[٧٥]

فەقێ ئەحمەد: ئەی خەر چۆنە، ئەو نیعمەتەت ڕەتکردۆتەوە.

کاکە هێندە پێکەنین، خەڵکەکە سەیری ئێمەیان دەکرد، دەبێ بۆ وا پێبکەنین..دووایی فەقێ ئەحمەد وتی: کوڕی خۆم نییەت شەرتە.

* * *

بادەنۆش

عەبدوللا عەباس، کوڕێکی جوامێر و مێرخاس بوو، لەنێو خەڵك بەکاك ڕێبوار دەناسرا، ئەو وتی:

مەیخۆرەکانی هەولێر بەپەنجەی دەست دەژمێردران، چەند کەسانێك بوون و دەناسران، نەفرەتیان لێ دەکرا.

کاك ڕێبوار بەردەوام بوو وتی:

کاتی خۆی پزیشکەکانی هەولێر چەند پزیشکێك بوون، لەوانە دکتۆر نەجیب و دکتۆر ئاکوب و دکتۆر عەبدولڕەزاق و...هتد..هێندە زۆر نەبوون، هەر خانەوادەییەك گەر نەخۆشیان هەبوایە ئەوا دەچوونە لای ئەو دکتۆرەی کە دەیانناسی.

---

[٧٥] - خەر: کەر

هاوڕێیەکەم وتی: لەوبەر شەقامەکە نازانم کام دکتۆر بوو بانگی پۆلیسی دەکرد و بینیم ئەواعومەر دەمبەرو کەمال تێگرە لە نۆرینگەکە دەهاتنە دەرەوە، منیش ووتم: چی یە خێرە؟

کەمال تێگرە وتی: کاکە ئەوا عومەر دەمبەری برادەرم نەخۆشە دەڵێم: دختۆر بەشەڕەفم ئێستا پارەم پێ نییە کە پارەم بوو حەقەکەت دەدەمەوە، ئەویش دەڵێ کاکە بڕۆن وا دەزانن دوکانی بەقالیم هەیە.

عومەر دەمبەر هێڵنجی دەهاتێ تومەز زۆری خواردبۆوە، کەمال تێگرەش هەر سەرخۆش بوو، بەولا و ئەولا دەچوو دەیگووت: کوڕە، ئەم هەولێرە دکتۆرێکی موسەقەف نییە، بەقەرد ئیش ناکەن.

* * *

تۆبەی نەسوح

یەکێك هەبوو، زەندیق و لەخوانەترس و هەموو جارێ گاڵتەی بە ئیسلام و ئایین دەکرد، هێندە گومڕا[٧٦] وهەڤۆل[٧٧] بوو خەڵکی

[٧٦] - گومڕا: بزربوون

[٧٧] - هەڤۆل: نەفسنزم

گەڕەك هەر هەموویان دەیانناسی و بەفەرمەسۆنیان[78] لەقەڵەم دەدا، باوەڕ بکەن من خۆم چەندین جار شیرەت و ئامۆژگاریم کردووە کە بگەڕێتەوە سەر سکە و ڕێچکەی ڕاست و ڕەوان، لێ هەر وای دەزانی گوێزانی بۆ دەژمێری و ژیوان بوونەوەی نەبوو.

لەناکاو سیخورەکان[79] هاتن لە ماڵێیان دەرپەڕاند و دەستگیرییان کرد.

خۆی گێڕاییەوە وتی:

کە منیان دەستگیر کرد بە ماشێنێکی تایبەت منیان بردە فەرمانگەی تایبەتی خۆیان.

لەپرسگەی یەکەم ناویان نووسیم و بەرەو پرسگەی دووەم منیان برد و لەوێش ناو و ناونیشانیان لێ وەرگرتم، بەرەو پرسگەی سێیەمیان بردم، هەر لەوێش بۆ جاری سێیەم ناوی تەواو و ناونیشانی منیان وەرگرت و لە تۆمارگەیەك نووسیانەوە و کە بۆ ژووری تاکە کەسیم بەرن، کە دەربازبوونی زۆر زەحمەتە.

خۆی وتی: لەدڵ و دەروونمەوە هاواری خوام کرد ووتم: خوایە تۆبە و هەزار جار تۆبە، بەڵێنبی چیتر لە فەرمانت دەرنەچم و

---

[78] - فەرمەسۆن: کافر

[79] - سیخور: ئەمن

خوایە هەر تۆ فریادڕەسی لێقەوماوانی، خوایە هیوا و ئاواتم هەر زاتی تۆیە، خوایە رزگارمکەی.

خۆی وتی: لەو مناجاتە دابووم لەناکاو دوو سیخور یەکیان لە ژوورەوە هێنا پێدەچوو، بەرپرس و کاربەدەست بێت، یەکیان پای گرتبووە دەست و ئەوی دییان دەستەکانی، لە پڕ دەنگێکم بۆ هات، دەنگێك لە پەنهانی خوداوە وتی: هەڵسە..نازانم چۆن جورئەتم داخۆم و هەڵسام یارمەتی ئەو دوو سیخوڕەم دا، لەپێش چاوی ئەو هەموو سیخوڕانە، لەو پرسگەی کە لێی بووم و هی دووەم و هی یەکەمیش، کەس لەمنی نەپرسی تۆ چی و بۆ کوێ دەچی؟ ئەونەخۆشەمان خستە نێو ماشێنێك و لەدەرگای سەرەکی فەرمانگەکە هاتینە دەرەوە و ئەوان بەرەو خەستەخانە ڕۆیشتن و منیش لەسەر شەقامەکەی بەردەمی فەرمانگەکە ماشێنێکم راوەستاند منی گەیاندە نزیك ماڵە خزمێکمان و لەوێ دا دەبەزێم.

خۆی وتی: ئەو نزا و دوعایەی کردم خوای گەورە لێی قبوڵ کردم، منیش تۆبەییەکی نەسوحم کرد، تا ماوم خوای خۆم لەخۆم نەکەم و گوێڕاییەڵی فەرمانەکانی زاتی پیرۆزی ئەوبم.

ئێستا ئەو کوڕە بەتەمەن چووە، هێندە خۆشمەند[80] و هۆشمەندە مەگیزە بەرزە، نور لەنێوچەوان و سیمای بەئاشکرا بەدیار دەکەوێ.

* * *

دوو برایەکە

یەکێك سوێندی بۆ خواردم وتی: خزمێکمان ئەو بەسەرهاتەی بۆ گێڕامەوە کە دوورە لە باقرۆ و گاڵتە کردن.

وتی: من لەگەڵ دوو برایان کاری دارتاشی خانووبەرەمان دەکرد، وەکو برای گیانی بە گیانی بووین و ژوورێکمان لە گەڕەکێك بەکرێ گرتبوو، هەمیشە تەبا و کۆك و رێز و خۆشەویستیمان بۆ یەکتر هەبوو.

خزمەکەم وتی:زۆریان لێکردم و سوێندیان لێخواردم دەگەڵ ئەوان بێمەوە هەولێر، چونکە ئەو دوو برایانە ماوەییەکی کورت بوو ژیانی هاوسەرییان پێکهێنابوو، بۆ خۆیان لە گەڕەکی تەیراوە خانوێکیان بەکرێ گرتبوو کە بریتی بوو لە دوو ژوور و مەتبەق.

منیش ووتم: برام ئێوە تازە هاوسەرگیریتان لا کردووە، بۆ خۆتان بڕۆن بەیانییەکەی وەرنەوە.

---

[80] - خۆشمەند: مستبشیر

وتیان: ئیلا و بیلا، بڕیارمان داوە هەر چۆنێ بێت دەبێ لەگەڵمان بێی شەوێك لەهەولێر دەمێنینەوە و بەیانییەکەی دەگەڕێینەوە بەغدا.

خزمەکەم وتی: هاتینە هەولێر و چووینە ماڵەوە و بۆ خۆیان پێك شادبوونەوە، کات هاوین بوو جێی من و هەردوو براکە لەسەربان ڕاخرا، شەو ڕاشکا، خزمەکەم وتی: هێشتا چاوم نەچووبووە خەو، بینیم بەئاسپایی برا گەورەکە، خۆی خزاندە خوارێ و دوای ماوەییەك گەوڕاییەوە، منیش خۆم مات کردبوو گوایە خەوم لێکەوتووە، هێندەی پێنەچوو برا بچووکەکەش بەهێمنی خۆی خزاندە خوارێ و دابەزی، بووە دەنگە دەنگ، تومەز ژنەکەی پێیوتبوو: ئەی ئێستا لەلام نەبووی، شەرمە با کاکت و میوانەکە بەخەبەرنەیێن، برا بچووکەکەش دەیووت: ئافرەت وەڵلا من نەبوویمە دیارە کاکم هەڵەی کردووە.

کابرا وتی:خزمەکەم سوێندی خوارد من گوێم لەهەموو قسەکانی ئەوان بوو، جا برا بچووکەکە بەدەنگێکی نزم بانگی برا گەورەکەی دەکرد دەیووت: کاکە، کاکە(دەیویست کاکی تێبگەیەنێت کە هەڵەی کردووە) دیسان هەر وتیەوە: کاکە، کاکە.

برا گەورەکە سەری شۆڕکردەوە خوارێ وتی: کوڕە، هەی قوزەلقورت، یەکیان...و وەرە سەرەوە با میوانەکە تێمان نەگا.

خزمەکـەم وتـی: پاشـان بـۆم بەدیارکـەوت، بـرا گـەورە و بـرا بـچووکەکە بـە ژنـی خۆیـان ووتبـوو: جێـی خـۆت بێنـە نزیـك پەیژەکە[٨١] ، بۆیە برا گەورەکە هەڵەی کردبوو، هـەر وای زانیبوو ژنی خۆیەتی.

* * *

هەڵەکردنی پیاوێك

یەکێك وتی: خزمێکمان لە ڕێگا لەگـەڵ ئافرەتێك پێکدەگـەن، پاش چاك و چۆنی و ئـەهواڵ پرسـین وردە وردە ڕێیـان دەکرد. ئێوارە داهات خزمەکەم بە ئافرەتەکی ووت: خوشکێ ئەوا ئێـوارە داهات، گوندی ئێوەش دوورە وەرە ئیمشەو لەماڵی برای خۆتبە و بەیانییەکەی بۆی دەرچە.

کابرا وتی: خزمەکەم ئافرەتەکەی بردەوە ماڵ و شەو لـە ژوورەوە دەگەڵ خێزانەکەی جێی بۆ چێکرابوو، درەنگانی شـەو خزمەکـەم دەچێتە لای خێزانی بۆ دەستلەملانێ کردن.

جـا خزمەکـەم دەیـووت: بـەیانی کـە لەخـەو ڕابـووم، ئـاو گـەرم نـەکرابوو، بەخێزانەکـەم ووت:ئـەوە بـۆ ئـاوت گـەرم نـەکردووە؟ ئەویش وتی: بۆ؟ خزمەکەم پێی ووت: ئەی ئیمـشەونەهاتمە لات؟

---

[٨١] - پەیژە: قالدرمە، پێبلیکە، پەلکان

ئەویش وتی: نەوللاّ.خزمەکەم پرسی: کوا ئەو ئافرەتە میوانە؟ ژنەکەی وتی: هەر زوو دەرپەڕی، جا خزمەکەم وتی: ئافرەت بەو قورئانەی هەڵەم کردووە با زوو خۆم بشۆم و بەڵکو چاوم پێدەکەوێ هەرنەبێ گەردەونی خۆمی پێئازاد بکەم.

کابرا وتی: خزمەکەم ناوی گوندی ئافرەتەکەی لەبیر چووبۆوە، جا گوند بە گوند دەگەڕا و دەیووت: ئەرێ چ ژن لەو ڕۆژانە نەچووبووە سەفەرێ؟ چەندین گوندی دەڤەرەکەی کردبوو، هەر بۆی نەدۆزراییەوە و خزمەکەم هەر بەو خەفەتەوە سەری نایەوە و مرد.

* * *

خۆزگەی فەقێیان

دەڵێن:کۆمەڵە فەقێیەك لە حوجرەی مزگەوت کۆبوونەوە کە چەندین سوختە و موستەعید بوون، باس و خواسیان لە سەر خۆشی ژیان و لەزەت وەرگرتن بوو.

مامۆستا مەلا ئەحمەدی کاولۆکان کە بەمەلا ئەحمەدی هەولێری دەناسرا، ئەویش ئەو کات لەو کۆبوونەوەیە بەشداربوو.

یەکێك لە موستەعیدەکان وتی: با هەر یەکێك لە ئێمە ئاوات و خۆزگەی خۆی بخاتە ڕوو.

فەقێیەك وتی: خۆشترین کاتم ئەو کاتەیە کە خواردنەکی بەلەزەت و چەور بخۆم و پاشان دوو چای تەخینی بخۆمەوە.

فەقێیەکی دیکەش وتی: خۆشترین کاتم ئەو کاتەیە کە بەئاواتـەوە دەڕوانمە مامۆستای خۆم و پێمدەلێ: فـەقێ وەرە ئـەو ژنـەت لـێ بەمارە بەجاش بکەم.

مەلا ئەحمەدی کاولۆکان وتی: من بـەو ئاواتـەم، کـەژنم هێنـابێ و بەیانی زوو مەلا ژن سەماوەر و پێخوری ئامـادەکردبێ بلـێ: مـەلا هەستە نان بخۆ.

فەقێیەکی دی وتی: کەس لە ئێوە خۆشی و خۆزگەتان وەکو من نییە.

فەقێیەکان وتیان: دەی بابزانین تۆ دەلێ ی چی؟

ئەویش وتی: هەرە ئـاواتی گـەورە و خۆشـترینکاتم دەسـتەجلێکی نـوێ و بۆنـدارم پۆشـیبێ و لــەناو مێرگێکــی بــەگولۆگولزار پالکەوتووبم و دەستم لەملی شۆخێك کردبێ.

* * *

دەستنوێژ

دەلـێن: یـەکێك هاتــە شــاری، لــەلای دوکانێـك دەسـتنوێژی شووشت بۆئەوەی نوێژی خۆی بکات.

منداڵێکی هەولێری پێیووت: مامە ئەو ئاوە بە پارەیە.

کابراش وتی: جا خۆ نەمخواردۆتەوە تەنها دەستنوێژم پێ هەڵگرتووە.

منداڵە هەولێرییەکە وتی: جا کەیفی خۆتە من پارەم دەوێ و دەبێ دەفلووس بدەی.

کابراش وتی: بۆ خاتری خوا، کەی دەستنوێژ بەپارە بووە.

منداڵەکە وتی: وەللاّ، من پارەی خۆم دەوێ.

کابراش پێیەکی بەرز دەکاتەوە باییەکی لێبەر دەبێ و دەڵێ: ڕۆلە ئەوەش دەستنوێژەکە.

* * *

دیرهەم و دینار

لەدیوەخانی گوندی خەڵکەکە مەرافە و گاڵتەیان بەیەکدی دەکرد، لەناکاو مامۆستا تەشریفی هێنا و ئامادەبووان ئارام بوونەوە و هێمنیان نواند، لەبەر دووکەڵی جگەرە و کزی ئاگری لالەکە بەتەواوی دەموچاوی یەکتریان نەدەناسییەوە ئەگەر زۆر بە دیقەت سەیر یەکییان نەکردبایە، نەتدەزانی کێ لەوێ دانیشتووە.

مەلای گوندی فەرمووی: باشە، کێ دەزانێ پارە بۆ هاتە کاییەوە؟

یەکێ وتی: لەبەر بەها و سوودی خۆی.

یەکێ تر وتی: بۆ ئاسانکردنی شت و مەك و کەلوپەلەکان.

یەکێکی دی وتی: بۆئاڵوگۆڕکردن و سەودا کردن.

یەکێ تر وتی: بۆبەردەوامی بژێوی ژیان.

مامۆستا فەرمووی: دەمتان خۆش، ئەوانەی ئاماژەتان پێیاندا هەر هەمووی ڕاستن. باشە بۆناوی لێنراوە دینار و دیرهەم؟

خەڵکەکە هەر بیریان دەهێنا وبیریان دەبرد، بێسوود بوو، کەس وەڵام و بەرسڤی ئەم پرسیارەی لەلادا نەبوو.

مامۆستا فەرمووی: دیرهەم و دینار هەم دینبەرە و هەم دنیا بەرە، دەتوانی بەو پارە دین و دونیا شت هەبن، چونکە:

در[٨٢]هەم: هەم[٨٣] دووڕە ، هەم غەمە

دینار: هەم دینە[٨٤] و هەم ئاگر

* * *

عیماد بۆ خۆی کوشت؟

یەکێك ئەو بەسەرهاتە تراژیدیایەی لەدانیشتنێکدا بۆ کۆمەڵە خەڵکانێك گێڕاییەوە کە چۆن باس لەخۆکوشتنی عیماد دەکات کە خزمێکی نزیکی ئەوە.

---

[٨٢] - در: دووڕ

[٨٣] - هەم: غەم

[٨٤] - دین: ئایین

وتی: خزمێکم هاته لام بەندکردنی عیمادی ئامۆزامی پێڕاگەیاند.
منیش بۆ بەیانییەکەی چوومە بەندیخانە و چاوم بە عیماد کەوت.
ووتم: عیماد، تۆ دووره شەڕی پێم نالێی لەسەرچی بەندکراوی؟
عیماد: بوختانێکی گەورەیان پی کردیمە و پۆلیسیش منی دەستگیر کرد و منیان هێناوەتە ئێرە.
ووتم:ئاخر لەبەر چی؟
عیماد: دوێنێ شەو لەلای هاوڕێیەکم بووم، تا درەنگانێ پێکەوە دانیشتین، پاشان هەڵسام، لەڕێگا بینیم ئەوە دوو ئافرەت لەسەر شەقامەکە بەو سەرما و سۆڵە ڕاوەستاون، دەستیان بۆ بەرزکردمەوە، منیش هەڵوەستەیەکم کرد.
ئافرەتێکی بەتەمەن وتی:رۆلە، خێرت دەگاتێ کچەکەم نەخۆشە گەر یارمەتیەکمان بدەیت تا خەستەخانەکە.
منیش ووتم: پوورێ فەرموون بەسەرچاو، دیار بوو لەڕێگا ئافرەتە پیرەکە دەیووت: دەی کچی خۆم ئەوەش وەکو کوڕی خۆمانە هەر زوو ڕزگارت دەبێ.
ووتم: پوورێ خێرە؟
وتی:کچەکەم لەوانەیە منداڵی ببێ.
عیماد وتی: لەپێش خەستەخانەکە هەردووکیان دابەزین، ئافرەتە پیرەکە وتی: کوڕم، زۆر مەمنوون دەبین، گەر چاوەڕێمان بکەی،

تۆ خێرت کردووە.منیش ووتم: باشە پوری، بەسەرچاو، چووم لەلای پۆلیسەکانی پرسگە دانیشتم، هێندەی پێنەچوو بەرپرسیارەکە هاتە پرسگە و بەمنی ووت: کاکە مزگێنیم بدەری کوڕەکتان بوو. منیش ووتم: سستەر ئەوە هیچی من نییە تەنها من بۆ خێر ئەوانم هێناوە.

ئافرەتە پیرەکە وتی: کوڕی خۆم، کوڕێکتان بوو، یاخوا پیرۆزتان بێ.

منیش ووتم: پووری، ئەوە چی دەڵێی، کەی من باوکی ئەو کوڕەم؟

من و پیرەژنەکە لێمان بووە دەمەقاڵە و مشتومڕ، جنێوی پێدام و بە پۆلیسەکانی ووت: بیگرن و بەندی بکەن، ئەوە تەعدای نامووسی لێ کردووین، ئەو مندالەش هی ئەوە.

پۆلیسەکان منیان دەستگیر کرد و دادوەر تەوقیفی کردم، ئەوجا وەرە خێری بکە و بوختانانیشت پێ بکەن.

خزمەکەی عیماد وتی: بەعیمادم ووت چۆن شتی ئەوها ڕوودەدات؟، ئەو ماستە موووەکی تێدایە..عیماد وتی: بەخوای چۆنی دەگێڕمەوە درۆی تیا نییە.

خزمەکەی وتی: منیش پێمووت، تەحەمولکەو خەفەت مەخۆ من چارەسەرێکت بۆ دەدۆزمەوە.

خزمەکەی وتی: هاوسەر و ماڵی عیماد لە عیماد بەگومان بوون، دەیانووت: دیارە ژنی هێناوە، دەبا پیرۆزی بێ و با لە بەندیخانە بکەوێ.. منیش پێموتن: نا، عیماد شتی وا ناکاو بوختانە، وا دەڕۆمە دادگا سەرێك لەدادوەر دەدەم بزانم ئەوان چی دەڵێن.

چوومە دادگا و کێشەکەی عیمادم خستە بەردەم جەنابی دادوەر.

دادوەر وتی: عیماد تاوانبارە، دەبێ بە سزای خۆی بگات، بەڵام بۆ دڵنەوایی ئێمە و بەدەرکەوتنی ڕاستییەکان ڕۆژی دووشەممە ڕەوانەی پزیشکی دادوەری دەکەم با پشکنینی بۆ بکەن و بیدەنە تاقیگا.

خزمەکەی وتی: عیمادیان بردە لای پزیشك و تاقیگای بۆ کرا، هەمدیس ڕەوانەی بەندیخانە کرایەوە.

باوەڕ بکەن لەم کەین و بەینە نزیکەی مانگێکی خایاند، پاشان لە دادگا عیماد بانگ کرا.

دادوەرەکە وتی:کاکە راپۆرتی پزیشکی سەلماندوویەتی تۆ سیمەنت مردووەبۆیە منداڵت نابێ، ئەوە تۆم ئازاد کرد، ئێستا دەتوانی بچییە دەرەوە.

عیماد وتی: قوربان جەنابی دادوەر، سوپاس بۆخوا ڕاستییەکانئاشکرا بوون، وەلێ من خێزاندارم و دوو منداڵیشم

هەیە، گەر سیمەنم[٨٥] زیندوونەبێ چۆن منداڵم دەبێتن، خۆ من جێکێش[٨٦] نیم.

خزمەکەی وتی: عیماد ئازاد کراو هاتەوەماڵ و خزم و کەس و هاورێیەکانی سەردانیان کرد.

لێ، هەر جارەی عیمادم بدیبایە غەمگینی پێوە دیاربوو، سەر و سیمای پووچ ببوونەوە، جارێکیان عیماد درکاندی وتی: باشە، گەر ئەو دوو منداڵە لەمن نەبن ئەی لەکوێن؟

ئەوە پرسیارێك بوو لەمنی دەکرد.. منیش پێمدەوت: حەتمەن لە تۆن و دوودڵی و نیگەرانی ناوێ، ئەم جۆرە مۆتەکە لەخۆت دوور بکەرەوە، ئەگینا دووچاری نەخۆشی دەروونی دەبی و ئەو کات ناچارم بتخەمە شێتخانەوە.

عیماد وتی:سبەی ئێوارە وەرە پێکەوە سەردانی دکتۆر دەکەین با تاقیکردنەوەکم بۆبکات دڵ داکەوێ.

بەیانی هەردووکمان پێکەوە چووینە نۆرینگەی پزیشك و دکتۆرەکە بەکاری پێویست هەڵسا و ئەنجامی شێکردنەوەکەی ئشکرا کرد وتی: کاکە بەداخەوە جەنابتان منداڵتان نابێ.

---

[٨٥] – سیمەن: مەنی(هی پیاو)

[٨٦] - جێکێش: گەواد

...ماد سیما و ڕوخساری گۆڕا پرووزی[87] ، ووره دابەزی و کەوتە لە ڕاوکێ.

خزمەکەی وتی: کوڕە، ئەوە درۆیە هەر گوێشی پێ مەدە.

ڕۆژێکیان عیماد بەهەڵەداوان هاتە لام و ئاگری لە چاوانی دیار بوو، وتی: دەزانی ئیمشەو ژنەکەم تەنگاو کرد و چەکم لێ سوار کرد ڕاستییەکەم پێ بڵێ، بەڵێنیشم دایێ هەرگیز ئەو نهێنییە نەدرکێنم و تەنها خۆم و ئەو پێی بزانین.

پێموت: ئەو منداڵانە هی کێن و دەستت لەگەڵ کێ تێکەڵ کردییە؟.ئەویش هەر دەگریا و هەر دەیووت: لەتۆن.. پاشان بەقسەی خۆش و هەڕێی دیاری بەها وزێڕ و تەلا هاتە ڕاوێ و وتی: ئەو منداڵانە لەبرای خۆتن دەمێکە پێك فێرین و دەستمان لەنێو دەستی یەکدی ئاڵاندووە.

خزمەکەم وتی: هەر وام زانی ئاوێکی ساردیان پێداکردم، مووچڕکم لەلەشی دادەهاتن و خەفەتباری کردم، بیرم کردووە چۆن ئەو برایەی ئەو ئیشە قێزەونەی ئەنجامداوە، لەدڵی خۆمدا تف و نەحلەتم لەهەردووکیان دەکرد.

خزمەکەی عیماد وتی: پێموت، تۆ هێندە خۆش باوەڕ مەبە، لەوانەیە ژنەکەت پیلانێکی بۆ براکەت داڕێژتبێ.

---

[87] - پرووز: عەزم

عیماد وتی: نا، نا، پیلان نییە، ژنەکەم ڕاست دەکا.
خزمەکەی عیماد وتی: عیماد شەوێ برا و دوو منداڵەکەی و ژنەکەی کوشت پاشان خۆی کوشت، ماڵەکە بەجارێ ڕەشپۆش و وێران بوو.

* * *

لەمنیان دەدا و ئەتووشیان.....

دیوەخانی گوندان ببوونە مەکۆی ڕۆشنبیری و کۆڕبەندی هەموو شتێك کە لەخزمەتی کۆمەڵگەی کوردەواری دابوون، باس لە چەندین شتی بەپێز و خۆش و قسەی نەستەق و ڕژدی و چاوتێری و خاکساری و هەبوون و نەبوون دەکران.
پیرێکی بەساڵاچوو تەمەنی لە نەوەد ساڵی بوو، خۆی ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێڕامەوە وتی:
لە گوندەکەی ئێمە چەند کەسانێك هەبوون، زۆر چاوتێر وخێرۆمەندبوون، بەڵام ئەوەی من ئێستا دەیگێڕمەوە باسی پیاوێکی ڕژد و بەفێڵ و چاوبرسی دەکەم، هەرچەندە ئەو پیاوە هەبوون و دەوڵەمەند بوو، مێگەلە مەڕێکی زۆری هەبوون، هەرگیز ڕۆژێك لە ڕۆژان نەخێری لێ دەکرد و نەمەڕێکی سەردەبڕی.
مامەی پیر لەقسەکانی خۆی بەردەوام بوو وتی: من هەرزەکاربووم، ڕۆژێك بووە خۆشی و گۆڤەند لەناو گوندی وتیان:

ئێوارەهەر هەمووتان داوەتکراون بەژن و پیاو و منداڵان بێنە ماڵی مام ڕەشەی.

لەنێو خەڵکی گوندی بووە مقۆ مقۆ و قسە و قسەلۆک دەربارەی مام ڕەشەی، بەوەی لەژیانی خۆی تێری نەخواردووە و دوژمنی ددانەکانی خۆیەتی و ماڵ و منداڵەکانی لەبرسان و ڕژدی ئەو پیاوە خەریکە لەنێو بچن، مەسەلە چی یە و چی بووە و چی ڕووی داوە، ئا بەم جۆرە لەناکاو ئەو خەڵکە بەتێکڕا بانگێشتی نانخواردن بکرێن.

ئێوارە داهات، خەڵکەکە بەرەو ماڵی مام ڕەشە ڕۆیشتن، مام ڕەشە بەزەردەخەنە و پێکەنینەوە پێشوازی لەو هەموو خەڵکە دەکرد هەر دەیووت: بەخێربێن بەسەرچاو.

حەوش و ژوورەکان سیخناخە بوون لە خەڵکی، پیاو لەلایەک و ئافرەتانیش لەلایێکی دیکە.

خوان ڕاخرا و ئاو و نان و کەوچك داندرا و چێشت بەدەفری گەورە گەورە ڕیزکرا و بۆ هەر یەکێك گۆشت داندرا.

مام ئاغاو مەلای گوندی و چەند پیرێکی گوندی بەجیا خوانیان بۆ ڕازایەوە، نان خورا و دەست شورا، ئەوجا چایە هات و هەر کەسێ یەك دوو چای هەڵقۆڕاند.

مەلای گوندی هەستاوە سەرپێی و دەستخۆشی و ئافەرینی لەمام ڕەشە کرد.مام ڕەشەش وتی:مامۆستا، من مەمنوونی جەنابتانم ، ئەو داوەتەشم پێکنا تەنها بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتێك بوو کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر بەسەر من هات و مایەی تێڕامان و سەرسوڕمانە، بۆیە حەزم کرد ئەو بەسەرهاتە بۆ عامەی خەڵکی گوندی بگێڕمەوە، ئێ ئەمەیش چۆن دەکرێ، ئەگەر هەموو خەڵکی گوندی کۆنەکەمەوە و گوێیان لە ڕووداوەکە نەبێ سوودی نییە و ئامانجی خۆی ناپێکێ، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئەو خواردنەوەم ڕێکخست تا بەسەرهاتەکەتان بۆ بگێڕمەوە.

مام پیرە وتی: جا، مام ڕەشە لەسەر تەختێك بەرانبەر خەڵکەکە دانیشت و وتی: تکا دەکەم گوێم لێڕاگرن:

پێش سێ چوار ڕۆژ دایکی حوسەی بەمنی ووت: پیاوەکە زۆر حەزم لەجەرگ و ناوە بۆ مەڕی سەرنەبڕین و گۆشتەکەش وادەکەم بەشی مانگێکمان بکات، خۆ کوفر نییە، منیش ووتم: ئافرەت جا من لەبەر جەرگ و ناوێك سەربڕم خوا قبوڵ ناکا، ناوەللا دەچمە پردێ لەوێ جەرگ و ناوێکت بۆ دێنم، گۆشتفرۆشەکان بەلاوەی دەنێن(ئەو کات شەرم بوو خەڵك جەرگ و ناو بخوا، دەدرا سەگ و پشیلەکان).دەفلوسیشمان ناچێ و مەڕەکەشمان بۆ دەمێنێتەوە.

ژنەکەم وتی: جا چی بڵێم گەر تۆ ئەوها ڕژد و بەخیل بی.

گوێم بەقسەی ژنەکەم نەدا و سواری گوێدرێژەکە بووم و پردیٚ ماتم خۆت بگرە.

مام ڕەشە وتی: کە ئێوارە داهات لەدڵی خۆمدا ووتم: واباشە لەو گوندە ئەمشەو بمێنێمەوە.

مامۆستا وتی: یانی چوویتە پردیٚ!

مام ڕەشە: بەڵیٚ قوربان، چووم و جەرگ و ناوێکم دەگەڵ خۆم هێنا و ئێوارە درەنگ بوو، ووتم: با خۆم لەو گوندە ماتکەم و بۆ بەیانییەکەی دەگەڕێمەوە گوندی.

هەر لەلای بەرایی گوندی لەدەرگای ماڵێکمدا و ئافرەتێك دەرگای بۆ واڵا کردم و فەرمووی لێکردم و کە چوومە ژوورەوە، ئافرەتەکە بەتەنها بوو وتی: مێوان یاخوا بەخێر بێی، لەوانەیە هەر ئێستا سەردارەکەم[88] بگەڕێتەوە ماڵ، ماڵ ماڵی خۆتە و مێوانیش میوانی خوایە.

ئافرەتەکە هێندە مەشرەبخۆش و قسەخۆش بوو، لەخۆم تەریق بوومەوە، هەر زوو چای چێکرد و ئاو و چای بۆ هێنام و سەردارەکەی هاتەوە ئەویش وەکو ژنەکەی زۆر بەخێرهاتنی کردم

---

[88] - سەردار: مێرد

و وتیشی: دەمێك بوو چاوەڕوانی زاتێکی وەکو جەنابتان بووین یاخوا بەخێر بێ ی.

پیاوەکە بەژنەکەی ووت: کێردم بۆ ئامادە بکە و هەر زوو مەڕێکی خستە سەر زەوی و سەری بڕی.

مام ڕەشە وتی: ژنی کابراش چێشتێکی بەلەزەتی چێکرد و گۆشت و پلاوێکی زۆری دانا، من و کابرا و ژنەکە هەرسێکمان پێکەوە لیمان خوارد و پاشان دەستمان شۆرد و چاییەمان خواردەوە.

مام ڕەشە وتی:مێردی ژنە و ژنە بەمنیان ووت:مامە تۆ دانیشە ئێمە دەچینە ئەو ژوورە، مامۆستا باوەڕ بفەرموو بەبێ شەرم حینگە حینگیان بوو و ماچ و مڕیان گوێ ی کاس دەکردم، هێندەی نەبرد هەردووکیان بەدڵێکی خۆش و بە پێکەنینەوە هاتنەوە لام و تۆزێ دانیشتن و ژنەکەی و کابرا دەستیاندایە کوتك و دایاندەگرتە گۆڕێکی دەستکرد و پاشان ژنەکە گەرماوی سازدا و هەردووکیان دیسان لەپێش چاوانی من خۆیان خزاندە گەرماوەکە و خۆیان شۆرد و دەستە جلێکی تازە و نوێیان پۆشی، هێندە جوان بووبوون دەتووت: فریشتەن و داوایان لێکردم خۆم بشۆم، منیش ووتم: سوپاستان دەکەم پێویستیم بەخۆشۆردن نییە.

مامۆستا: وەللاّ، ئەوە سەربووردەییەکی خۆشە، ئەدی کاکە ژن و مێرد چەند تەبا و کۆك و یەك دەنگ و یەك ڕەنگ بن هێشتا هەر کەمە، ئەم ژن و مێردە نموونەیان نییە و بۆیە دەبێ هاوسەرێتی ئەوها بێت و لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێزلێنان بێت.

خەڵکەکە، لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە ورتەیان لەدەم دەرنەهات، دەمیان وەك تەڵەی تەقیو داخست بوو، زۆر بەتاسەوە گوێیان بۆ مام ڕەشە قولاّغ کردبوو.

مام ڕەشە وتی: تا درەنگانی شەوێ، هەرسێکمان پێکەوە دانیشتبووین، ئەو ژن ومێردەش قسەیان لەیەکتر وەردەگرتەوە و زۆر ڕێز و حورمەت و تەقدیری یەکیان دەگرت، خەڵکینە باوەڕ بکەن بەخیلیم بەم ژن و مێردە دەبرد، هێندەم خۆشویستن دەمویست قوتیان بدەم، ئافەرین ژن و مێرد هێندە یەکدیتان خۆش بوێ.

مام ڕەشە بەردەوام بوو وتی: بەگیانەکەم، حەیاتەکەم، دڵەکەم، لەگەڵ یەك دەدوان، قسە و باسی دونیایان بۆ دەکردم، ئا ئەوهامان کرد ئەوها کرا، چووینە سەیرانگا، سەردانی ئەوێ و ئەوێمان کرد هەر بەخەندە و بەسۆزەوە وەلاّمی یەکتریان دەدایەوە.

منییش لەو کارانەی ئەو ژن و مێردە سەرم سوڕما بوو، بۆیە جورئەتمدا بەخۆم و پێمووتن: دەتوانم پرسیارێکتان لێبکەم؟

هەردووکیان بەتاسەوە وتی‌ان: فەرموو قوربان بە تەوحەوە گوێ لە پرسیارەکەت ڕادەگرین، ئارەزوو مەندین جەنابیشتان بێنە دوان و قسان بکەن.

مامۆستا فەرمووی: مام ڕەشە لەوانەیە منیش بزانم تۆ چی دەڵێی؟

دەڵێی:

زۆر بەخێرهاتنی منتان کرد

کاوڕتان سەربڕی

لەگۆڕەکەتاندا

پێکەوە جووت بوون

خۆتان شۆرد

مام ڕەشە: وەڵڵا، مامۆستا هەمان ئەو قسانەی جەنابتان بوون، من پرسیارم لێکردن: ووتم، سەرم لە ئێوە سوڕمایە و حیکمەت چی یە و لەم کەین و بەینە.

مێردی ژنە وتی: حەز دەکەی بزانی مەسەلە چی یە؟

ووتم: ئەرێ وەڵڵا، زۆریش بەپەرۆشم!

وتی: کابرایێك هەبوو زۆر دەوڵەمەند و ساماندار و هەبوون، لێ زۆر ڕژد و چاوبرسی و قرچۆك، خزم و کەسی ئەو پیاوە تەنها من بووم، نەخۆش کەوت، لێی پاڕامەوە بچێتە لای پزیشك، دەیووت ناچم بۆ پارە لە دکتۆری خەرج کەم ماوەیێك بەو نەخۆشییە مابیەوە و مرد.

ئەو ژنە کە ئێستا ژنی منە، ژنی خزمە قرچۆکەکەم بوو، ژنەکەیم لەخۆ مارە کرد و بووە ژنی من و ئەو سامان و پارەییەی هەر هەمووی کەوتە ژێر چنگی من، ئەو ژنەی لەبرسان کوشتبوو.

بۆیە کە ژنەکەم لەخۆم مارە کرد،هەردووکمان بەڵێنمان دا یەکتری تا ماوین لە ژیان بەخۆشی و کامەرانی بژین و بەبێ دڵی خۆمان نەکەین و قەدری میوان بگرین و هەرگیز لەیەکدی دڵگیر نەبین.

خۆ بەچاوی خۆت بینیت چۆن کەوتووینە هیزەی کابرا، لە گۆڕەکەمان دەدا، ئەو کابراییە شایانی لێدانە، چونکە ئەو سامانە و ئەو ژنە جوانە نەیزانی بیخوا.

خۆ بینیت چۆن پێکرا جووت بووین، گەرماومان کرد و نانێکی پوختەمان خوارد، ئەوا نەریتی هەموو ڕۆژانی ئێمەیە.

مام ڕەشە وتی: پێمووتن، یاخوا پیرۆزی یەکتری بن، بەڕاستی هەردووکتان ژن و مێردێکی رزۆر ڕیك و پێکن ، ئەو نان و ئەو... و ئەو گەرماوەشتان یاخوا عافیەت و نۆشتان بێت.

خەڵکەکە ، هەر هەمووی چاوی لە مام ڕەشە کردبوو، گوێیان لە قسەکانی ڕاگرتبوو بزانن مەسەلەکە بە چی دەگات و بۆ کوێ دەڕوا.

مام ڕەشە وتی: شەومان بەو قسانە بەڕێکرد، خۆزگەم دەخواست کەی ڕۆژ دەبێتەوە و بگەڕێمەوە گوندی، بەیانی سپێدەکەی هەر زوو خۆم ئامادە کرد و نان و پێخوڕ و چاییە خوراییەوە و بەمنیان ووت: مامە ، تۆ مامی ئێمە، وەکو مامی خۆمان سەیرت دەکەین، توخوا هەر جارێك ڕێت بەو ڕێیە کەوت، حەز دەکەین سەردانمان بکەیت و بەدیدارت شاد دەبین.

منیش: زۆر زۆر سوپاسم کردن و ووتم: من منەتباری جەنابتانم، خوای گەورە هەر سەلامەت و لەش ساغتان بکات، بەڵێنیشم پێدان کە جارێکی تر بچمەوە لایان.هەر کە گەیشتمەوە ماڵ بەدایکی حوسەم ووت: ئافرەت کاوڕێك سەربڕە. وتی: کوڕە شێتی، ئەتوو کاوڕ سەربڕی!! پێم ووت: بە قورئان ئەوە بووە دوو کاوڕ، وتی: مەسەلە چی یە؟ ووتم: کچێ لە منیان دەدا و ئەتوویان...ئەوجا، مامۆستا ئەوە دەرسێك بوو بۆ من، منیش بەڵێن بێ لەسەر دەستی جەنابتان و خەڵکی گوندی هەتا ماوم لە ژیان ئەوەی بەمن بکرێ کەمتەرخەمی نەکەم و لەخزمەت گوندی و خەڵکی گوندی دا دەبم.

مامه پیره وتی: کاکه، کردمانه چەپڵە ڕێزان و گۆڤەندێك هەرگیز ئەو ڕۆژە خۆشەم لە یاد ناچێتەوە.

* * *

ئەقڵ

لە حوجرەی مزگەوت چەند کەسانێك لە خزمەت مامۆستا دانیشتبوون لەوانە حاجی محەمەد و حاجی مەلا خالید و مام کەریم و سۆفی عەلی و چەندانی دی بەداخەوە ژبیرم نەماوە ناویان بهێنم.

حاجی محەمەدپرسی: مامۆستا باشترین شت چی یە بۆ مرۆییێ؟

مامۆستا فەرمووی: ئەقڵ.

سۆفی عەلی وتی: ئەگەر ئەو مرۆڤە ئەقڵی نەبوو؟

مامۆستا فەرمووی: ڕەوشت بەرزی.

سۆفی عەلی وتی: ئەگەر ڕەوشت بەرزی نەبوو؟

مامۆستا فەرمووی: پارە و پوول و سامانە.

حاجی خالید وتی: مامۆستا ئەگەر پارەو پولی نەبوو؟

مامۆستا فەرمووی:

ئەگەر ئەقڵی نەبوو

ڕەوشت بەرزی نەبوو

پارەو پولیشی نەبوو

بروسکەیەك لە ئاسمان بێتە خوارێ و بیسوتێنێ

* * *

پیاوی باش

کۆمەڵە کەسانێك لە حوجرەی مزگەوت لە خزمەت مامۆستا مەلا ئیسماعیل دابووین.

فەرمووی: پیاوی چاك و پیاوی خراپ دوو جۆرن.. پیاوی چاك و پیاوانە، هەمیشە وەکو گەڵا سەوزە و هەرگیز ناوەرێ.

پیاوی خراپیش وەکو پارەی قەڵپە.

یەکێك پرسی: مامۆستا یانی چۆن؟

مامۆستا فەرمووی: پارەی قەڵپ ئەو کاتە بۆت بەدیار دەکەوێ کە بەکاری دێنی.

هەروەها دەیفەرموو: ئادەمیزاد وەکو مانگ وایە یانی دوو لای جیاوازی هەیە.

یەکیان: ڕووناك

ئەویتریان: تاریك

ئەو کەسەش براوەیە کە لایەنی ڕووناك هەڵدەبژێرێ.

* * *

بەڕۆژووبوون

عەباسی مام ساڵح کە خەڵکی گوندی تەلەلخێمی بچووکە، خۆی گێڕایەوە وتی:

سەرەتای ساڵانی پەنجا بوو، من و چەندین لاوی کورد بەبیانووی خزمەتی سەربازی بەرەو پایەتەختیان(بەغدا) و لەوێش بۆ ئۆردی ئەبوغرێب بردین مەشق و ڕاهێنانێکی زۆریان پێ دەکردین.

مانگی ڕەمەزان داهات، ئەفسەرێکی ڕەشی بوودەڵە، هێندەی ماندوو دەکردین پیاوم دەویست خۆی ڕاگرێ لەبەر تاوی گەرما و مانگی تەمموز و حەوانەوەمان نەبوو.

ڕۆژێکیان لە گۆڕەپانی مەشقکردن ئەفسەرەکە وتی: کێ بەڕۆژووە، با دەست بەرز بکاتەوە.

منیش دەستم بەرز کردەوە سەیرم کرد، تەنها من و بەس.

ئەفسەرەکە وتی: بڕۆ هەر زوو ڕۆژووەکەت بشکێنە، ئەگەرنا زۆر ئازارت دەدەم.

وتم: من ، بۆ خوا بەڕۆژوو دەبم، بۆ تۆ بەڕۆژوو نابم و ئەوە فەرزە و دەبێ بەجێی بگەیەنم.

ئەفسەرەکە زۆری لێدەکردم، منیش زێتر موکوڕ دەبووم.

عەباسی مام ساڵح وتی: باوەڕ بکەن ئەو ئەفسەرە، حەشرێکی پێ کردم ، عارەب وای بە حوشتر نەکردووە، هێندەی ئازاردام و

مەشقێکی یەکجار قورس و زۆری پێکردم، دەیووت، ئە ئاوها ناچارت دەکەم ڕۆژووەکەت بشکێنی.

عەباس وتی:

ڕاکە، وەرەوە، بڕۆ، دانیشە، بووەستە، دەستت بەرزکەرەوە، ئەوەندەی ماندوو کردم سەربازەکانیش بەزەییان پێم دەهاتەوە، لێ دەسەلات نەبوو تا لەهۆش خۆم چووم و ئاگام لەخۆم بڕا.

عەباس بەردەوام بوو وتی:

کاکە، خەونم بینی لەخەودا پیاوێکی نوورانی لێوانێک[٨٩] ئاوی دامێ و منیش خواردمەوە.

لە خەوەکە ڕاپەڕیم ئەوە سەربازەکان لەسەروکۆکم گلێ بووینەوە، چاوەڕێی مردنی منن.

کە هەڵسامەوە دەتووت تازە ئاو و نانم خواردووە ، لە جاران بە جووڵە و چالاکتر بووم.

ئێستاشی دەگەڵدابێ، تام و لەزەتی ئەو ئاوە لەسەر زارم وەک بنێشتە خۆشە وایە.

* * *

[٨٩] - لێوان: پەرداخ

سێ سیفەت

مام حەمەد کە دەهاتە دیوەخان، خەڵکەکە تێکڕا لەبەری هەڵدەستان و ڕێزێکی زۆریان دەگرت، بەشەوقەوە گوێیان لەقسەکانی دەگرت، ئەو مام حەمەدە قسە خۆش و قسە زان و پیتۆڵ بوو، ڕۆژێکیان وتی:

من سێ سیفەتم هەس، دەیگێڕمەوە بۆ ئەوەی دەرسی لێ وەرگرن و ئێوەش پابەندبن تا خەڵك بە پیاومەندتان بزانێ.

بەردەوام بوو وتی: لەوەتەی تەمەن گەیشتۆتە حاڵی حازر، نەچوومەتە نێوان دوو کەس ئەگەر خۆیان بانگیان نەکردبم.

لە دەرگای گەورە پیاو و بەدەسەڵات و دەوڵەمەندم نەداوە، گەر خۆیان بانگیان نەکردبم.

من هەمیشە لەگەڵ کۆمەڵ بوومە، کاری چاکەم کردووە و پەندێکی کوردیش هەیە دەڵێ: لەگەڵ عامێ برۆ شامێ.

مام حەمەد دەیووت: هۆ کاك...لێبوردن و لێخۆشبوونت هەبێ، بۆ لای خراپە و خراپەکاری هەنگاو مەنێ، تووڕەبوونت بۆ خوا بێ و هەمیشە لەخواترس بە، ئەوانە کامڵ بوونی ئەقڵە.

* * *

تەمبەڵخانە

پیرەمێردێکی بەساڵاچوو گێڕایەوە وتی: من منداڵ بووم، ئێستاش وەبیرم دێ وتیان: میری فەرمانی داوە شوێنێك بۆئەو کەسانە تەرخان کا کە پەککەوتە و پەژموودە و بێ سەرپەرشت و کەتەرە و لۆژ[٩٠] و بێکەسن.

پیرەمێردەکە وتی: لەنزیك قەڵا خانووەکیان بۆ ئەم مەبەستە کردەوە ، جا ئەوەی پیرەمێردو پەککەوتە و بێکەس بوون، ڕوویان لەو خانەیە دەکرد و ناوزەد دەکران، خانەکەش بەنێوی(خانەی بێنەوایان) بەلام کوردەواری خۆمان پێ ی دەووت: (تەمبەڵخانە).

ئەو خانەیە: خزمەتگوزاری بۆ دامەزرا، هەموو ڕۆژێ خاوێن و پەژوین دەکرایەوە و چێشتی بەلەزەتیان بۆ لێدەندرا و جێ و پێگانێکی نەرم ونیانیان بۆ ئامادە کرابوون.

ئەو خانەیەتا دەهات خەڵك ڕووی تێدەکرد، تا وایلێهات تژی بوو لەمرۆڤی بێ بەرهەمو خەرجی ئەو تەمەڵخانەیە ڕووی لە زیادبووندەکرد، پارە خەرجکراوەکە میری هێنایە قسە کە بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك و دەرباز بوون لەم کێشەیە.

---

[٩٠] - لۆژ: تەمبەڵ

ـ ەمێردەکە وتی: باوکم ئەو کات مووچەخۆری میری بوو وتی:

ی پلانێکی بە پیلان و دەهۆ دارێژتووە بۆ ئەم مەسەلەیە.

ووتم: بابە، ئەو پلان و پیلانەچی یە؟

باوکم وتی: ڕۆڵە بۆتی ئاشکرا ناکەم، لێ دوای چەندڕۆژێ ئەنجامەکەی بەدیار دەکەوێ؟

وتم: توبی خوا، گەر بۆم ئاشکرا نەکەی.

وتی: بەمەرجێ نەی درکێنی.

وتم: باشە، نایدرکێنم.

وتی: کورم پلان و پیلانەکە بەم جۆرەیە: سووتانی خانەکەیە جا ئەوەی ڕزگاری بوو ڕایکرد، ئەوەناوی لەخانەکە دەسڕێتەوە و بەلاوەی دەنێن، بەڵام ئەوەی توانای ڕاکردن خۆ دەربازکردنی نەبوو ئەوا لەتەمبەڵخانەکە دەیهێڵنەوە و خزمەتی دەکەن.

پیرەمێردەکە وتی: پاش چەند ڕۆژێ دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە تەمبەڵ خانەکە ئاگری تێبەر بووە، جێنشینەکانی ئەو خانەیەش هەر هەموویان ڕزگاریان بووە. بۆیە میری تەمبەڵ خانەکەی داخست و ئەو نیعمەتەیان لەکیس چوو.

* * *

نەخۆش بوونی کوڕێك

دەگێڕنەوە دەڵێن: پیاوێك کوڕەکەی هێندە نەخۆش دەبێ دێتە سەر مردن.

چووە لای پزیشك پێ ی دەڵێ: گەر کوڕەکەم چاك کەیتەوە پاداشتێکی زۆرت دەکەم، لەژیانت شتی ئەوهات نەبینی بێ و لەخۆشیانا شاگەشکە بیت.

دەڵێن: ئەو پزیشکە ڕۆژی دووجار سەردانی کوڕە نەخۆشەکەی دەکرد و ئەوەی لەتوانای دابوو بۆ چارەسەری ئەو کوڕە بەکاری دەهێنا، باوکەکەش هەر جارەی بە پزیشکەکەی دەووت: دکتۆر کەس نازنێ من چیم بۆ داناوی، تەنها خوای گەورە نەبێ.

پزیشکی خۆش باوەڕ وای لێهات داو ودەرمانی لەم لا و ئەولا دەهێنا، بەڵکو ئێ، ئەوە خوا ئەو کوڕە نەخۆشە تەندروست باش بێت وئەویش بە پاداشتی خۆی بگات.

ڕۆژ هاتن و ڕۆژ چوون، کوڕەی نەخۆش ووردە ووردە باری تەندروستی بەرەو باشی و خاسی دەڕۆیشت.کوڕە هەستاوە سەرپێ و باوکی کوڕەش لەخۆشی چاك بوونەوەی کوڕە تاقانەکەی چەقەنەی لێدەدا.

دکتۆرەکە، هاتە ماڵی کوڕە و بەباوکی کوڕەی ووت: دەبزانم خەلات و پاداشت چین؟

باوکی کوڕە وتی: وەڵلا، چی ننییە شایانی تۆبێت، لێ بڕۆ سکاڵای دژی ئەم دراوسێیە دەوڵەمەندەم بکە و بڵێ سەد دیناری من قەرزارە بۆمن ناگەڕێنێتەوە، من و کوڕەکەم بکە شاهێد، ئێمەش لەبری چاکەی تۆ گەواهیت بۆ دەدەین.

پزیشکەکە دەچێە لای قازی و سکاڵای دژی پیاوە دەوڵەمەندەکە تۆمار دەکات، کە گوایە سەد دیناری بەقەرز لێ ی وەرگرتووە، ئێستاش خۆی لێ نامۆ کردووە و بۆی ناگەڕێنێتەوە.

قازی ئەمر دەکا بچن کابرای دەوڵەمەند قۆڵبەست بکەن و بیهێنن دیارە ئێرە بێ قازی یە؟

کابرای دەوڵەمەند دێنن. قازی پێی دەڵێ:

هەر ئێستا سەد دیناری ئەو پزیشکە بدەرەوە.

دەوڵەمەندەکە دەڵێ:

قوربان درۆ دەکا، من پارەی ئەو قەرزارنیم.

قازی: با چۆن، قەرزار نیت، ئەوا دوو شاهێدی هەیە، شاهیدەکان دێن و سوێند دەخۆن کە تۆ سەد دیناری ئەو پزیشکە قەرزاری.

ئا بەم جۆرە کابرای دەوڵەمەند قەرزبار دەکەن و سەد دیناری بەزۆر لێوەر دەگرن.

* * *

هەمووتانم فێرە.....

یەکێك گێڕاییەوە وتی: خزمێکم ژنەکەی مرد و سێ کوڕی هەرزەکاری بەجێ هێشتن، کەس نەبوو بنەوانیان بۆبکا و نان و خواردنیان بۆ ئامادە بکات، ئەو خزمەم زۆر پەرێشان بوو هەمیشە غەمگین و پەژموودە بوو، تا ڕۆژێکیان خزمەکان دانیشتن بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە تا گفتوگۆی لەبارەوەبکەن، هەر هەموویان کۆك بوون لەسەر ئەوەی ژن بێنێ، ئەویش دەیووت: من تازە ژنم ناوێ..پاشان ئێمە بڕیارماندا با ژن بۆ کوڕی گەورەی بێنێت،هەر نەبێ لەو دەردەسەرییە ڕزگاریان دەبێ.

کچێکمان بۆ دەست نیشان کرد و هەردوولا ڕەزامەندییان لەسەردا.

کچە گوازراییەوە و هاتە ماڵەکە، ئیش و کارەکانی زۆر بە باشی و بەڕێکی بەڕێوە دەچوون، هەمووجارێ باوکی کوڕە سوپاسگوزاری خۆی ئاڕاستەی خزمان دەکرد.

ساڵێکی پێنەچوو،کوڕی گەورە کە ژنییان بۆ هێنابوو، کت و پڕ لەناکاو مرد.

خزمانی هەردوولا کۆبوونەوەمشورێك لەسەر ئەم دۆخە ناڵەبارە بخۆن، بۆیە خزمانی ژنەکە وتیان: ژن، ژنی ئێوەییە، با لە برا

ناوەندییەکەی مارەکەین و هەمیشە وەکو جارانی لێدێتەوە، مردنیش برا گەورەی هەموومانە.

ژنە و کوڕە ڕازی بوون و بوونە ژن و مێرد و ئاگردانەکە وەکو جارانی لێهاتەوە و ژیان و گوزەرانەکەش بەباشی بەڕێوە دەچوون، ماوەییەك، ئا ئەوها بەخۆشی وهەر چوارییان باوك و کوڕی بچووك و کوڕی ناوەندی و ژنەکەی ژیانیان گوزەراند.

خزمەکەی ئەو خێزانە وتی: ئەو کوڕەش لە باڵەخانەییەك کاری دەکرد، لەکاتی کارکردنیدا لە بانەکە دەکەوێتە خوارەوە، هەر ئەو کاتە گیان لەدەست دەدات و دەمرێ، قەدەریش ئەوهاییە گەر هات، گەڕانەوەی نییە.

دیسان، دوای ماتەمین و ئەو کارەساتە، هەردوولا کۆبوونەوە بڕیاریاندا: ئەو ژنە لەکوڕە بچووکەکە مارە بکەن، ژنە لە کوڕە بچووکەکە مارەکرا و بوونە ژن و مێرد.

خزمەکەیان وتی: ژنەکە هێندە چەقاوەسوو ببوو، شەرمی شکابوو هێندە مارە بکرێ و ببێتە ژنی ئەم و ئەو، هەروەکو کوردەواری خۆمان دەڵێ: جاش پۆلیسێك بوو هەر مەپرسە.کابرا وتی: خزمەکەم بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و وتی: ڕۆژێکیان بۆ سەردانی ئەو خزمەم چووم، کە تەماشام کرد ئەوە ئەو ژن و

مێردە مەرافە[91] و شەڕە جنێویانە، کە کوڕە چاوی بەمن کەوت و لەبەر شەرمی من ژنەی داییە بەر شەق و چەند چەپەرۆکێکی لێدا. ژنەش دەرپەڕی لەبەر حەوشە دانیشت و بەگریانەوە دەیووت: خۆ من جندە[92] نیم.

پاشان وتی: جێکێشینە[93] هەمووتانم فێرە گ...کردن، ئێستاش لێمدەدەن.

* * *

گەمژەیی کوڕێك

لەو هەولێرە کەڵەمێرد و پیاو باشی ئەوتۆی هەبووە، ناوبانگیان بە پیاوەتی و پیاوباشی و بوێری دەرکردووە، زۆر کەس خۆزگەی خانەزای ئەو پیاو ماقوڵانە بوونە.

دەڵێن:چەند کەسانێك لە نێو بازاڕی هەولێردا بانگی کوڕێکی کالفام و گەمژە دەکەن دەڵێن ئەوا دینارێك گەر توانیت شەقازللەییەك لەوێ پیاوێ بدەی (بۆ گەمژەکە پیاوەکە دەستنیشان دەکەن).گەمژەکە دینارەکە وەردەگرێ و دەچێ یەك شەقازللە لە کابرای ماقوڵ دەدا.

---

[91] - مەرافە: شەڕوهەرا

[92] - جندە: قەحبە

[93] - جێکێش: گەواد

پیاوماقوولێ: کاکە، بۆ ئەو کارەت کرد، چ گوناهم هەیە؟

گەمژەکە: نەخێر، ئەمانیٚ دیناریٚکیان پیٚدام تا ئەو کارە بکەم.

پیاوماقوولێ: هەی گەلحۆ، من نیم، ئەها ئەوەتانیٚ(ئامـاژەی بۆ کوڕیٚکی چەتوون و سلسارو لاژك کرد)گەمژەکە هیٚندە کالفام بوو، چوو شەقازللەییەکی خیٚواندە پیاوە خراپەکە.

پیاوە خراپەکەش تا هیٚزی هەبوو خەنجەریٚکی لیٚگیر کرد. جا پیاو ماقوولەکـە دەیـووت: حـەیف نییـە هـەر قـەومیٚك پیـاو خراپیٚکـی نەبیٚ.

* * *

مردنی کوڕێك

مامۆستا مەلا خالید فەرمووی:

کوڕێك لەسەرە مەرگ بوو گیانی دەسپارد و خزم و خۆیش دەوری دابوو، باوکەکە وتـی: کوڕی خۆم لەخوای گەورە پتر گومان نابەم، تا بچمە لای تکا و نزا و سکالاّت بۆ بکەم، هەر خـوا بەخشـندەیە، بۆ تۆ زۆر غەمگین و خەفەتبارم.

کوڕە مرد و لەنیٚو گۆڕیان نا و خەلکەکە دەگریان، باوکەکـە وتـی: کوڕی خۆم نازانم ئیٚستا چـۆن وەلامـت دایتـەوە و ناشـزانم ئـەوان چییان پیٚ ووتووی، بۆیە دەلیٚم: خوایـە هـەر مـافیٚکم لەسـەر ئـەم

کوڕەم هەیە ئەوا بەخشیم، خودایە ئەتۆش بەسۆز و ڕەحمەتی خۆت بیبەخشە.

لە باوکەکەیان پرسی: ئەو کوڕەت بەرانبەر تۆ چۆن بوو؟

ئەویش وتی: کە ڕۆژ بووبێ هەرگیز لە پێشەوەی من نەبووە، شەوانیش هەر من لە دواوە بوومە، نەچۆتە بانێك من لە ژێری بم، من لە نزمێك دانیشتووبم، ئەو لەبەرزایدا دانەنیشتووە، بۆیە دەڵێم: خوایە من لیێ ی ڕازیم، ئەتۆش خواییە ڕۆحی بەرزەفڕی بە بەهەشت شادکەی.

جا مامۆستا مەلا خالید دەیووت: ئا، ئەوەیە کوڕ، بزانن چۆن ڕێز و حورمەتی باوکی خۆی گرتووە، خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆشدەوێ کە تەقدیر و ڕێزی باوکی خۆیان دەگرن، بە عەبدی زاهید و جاهیدیان لەقەڵەم دەدا.

* * *

گریانی پیاوێك

یەکێك سوێندی خوارد وتی: ڕۆژێك بەلای گۆڕستانێك ڕێم دەکرد، بینیم پیاوێك لەسەر گۆڕێك زۆر بەگوڕ و تێنەوە دەگریێ و هاوار دەکات.:

منیش چوومە لای و هەندێ دڵنەواییم کرد، پاشان پێمووت:

+ کاکە ئەوە کوڕتە؟

-نەخێر.

+ئەی باوکتە؟

-نەخێر.

+ئەی براتە؟

=نەخێر براشم نییە.

+ ئەی خزمتە؟

= نەخێر.

+ ئەی خێرە ئەوها بەجۆش و خرۆشەوە بۆی دەگریێی؟

ئەویش وتی: کاکە من و ئەو زۆر ناحەز و دوژمنی یەکتری بووین و خوێنی یەکترمان فڕ دەکرد، لێ گریانەکەی من لەسەر ئەو شیعرەییە کە لەسەر ئەو گۆڕە نووسراوە، ئێستا زانیم دونیا چ نییە و فانی یە.

لەسەر کێڵی گۆڕەکە نووسرابوو:

دڵخۆش مەبە پاش ئەو

ئەو پێش تۆیە بەچەند شەو

تۆش دەمری وەکو ئەو

کە مردیشی خۆزگەت بەو.

* * *

قاز چۆن ئاشكرا بوو؟

عەوللاّی كوڕی مام عەباس چەندی بلّێی قسەخۆش و نوكتەزان و بە سەلیقە بوو: ئەو وتی:

لەخزمەت مامۆستای گوندی بووم، مام سۆفی هاتە ژووریّ و سلاّوی كرد و دانیشت، مام سۆفی وتی: مامۆستا ووردە ووردە قازەكانم لەكورتی دەدەن و هەر جارەی قازێك نامێنیّ.

مامۆستا وتی: سۆفی كەریم لە قسەكانت وادیارە یەكێك لە گوندی مرخی لێیان خۆشكردییە و دەیدزیّ.

سۆفی: بەخوای مامۆستا هەر واشە.

مامۆستا: شەو وەرە دیوەخان ، ئیشەللاّ دزەكەی ئاشكرا دەكەم.

سۆفی: بریا وابایە مامۆستا، دلّم دادەكەوت.

بۆ شەویّ خەلّكەكە ڕوویان لەدیوەخانیّ كرد، مامۆستاش تەشریفی هێنا، منیش لەتەك سۆفی كەریمی دانیشتبووم.

مامۆستا: بەلایەنی حەنەكەوە[٩٤] وتی، پێم سەیرە پیاو هەیە قاز دەدزیّ و پەڕەمووچەكەی لەسەر سەری دیارە.

مامۆستا لەكاتی قسەكردنیدا چاوانی دەگێڕا، لەپڕ مەغدیدی قورمساغ دەستی بۆ سەری برد.

---

[٩٤] - حەنەك: سوحبەت

خەڵکەکەی دیوەخان تەنگیان پێ چنی و دانی بە دزییەکەنا و وتی: تا ئێستا چوار قازم دزییە و خواردوومە، ئەگەر مام سۆفی کەریم گەردەنم ئازادکا، گەر نا ئەوە پارەکەی پێ دەدەم.

* * *

مەڕەکە چۆن مردار بۆوە؟

پێش دیوەخان سیخناخە بوو لە خەڵك، عەلۆی شوان بەڕاکردن دەهاتە لای خەڵکەکە.

وتی: مام خدر وەرە با بڕۆین مەڕەکە مردار بۆوە.

مام خدر: عەلۆ بزانم مەسەلە چی یە؟

عەلۆ: هەر هێندەم بینی مارێك هات و بە مەڕەکەتییەوەدا و بەرخەکەی پێش خۆی پەلەقاژ بۆوە.

خەڵك پرسیان: بەرخەکە بۆ؟

عەلۆ: شیری گوانی مەڕەکەی دەمژی، ئەو پێش دایکی پەلەقاژ بۆوە، وەرن بۆ خۆتان بزانن وایە یان نە.

* * *

کۆرە

یەکێك گێڕاییەوە وتی: لەگەڵ هاوڕێییەکم دەچووینە گوندێك و بە پا رێمان دەکرد لەرێگادا ڕووبەری پیاوێك هاتین سواری

گوێدرێژێك ببوو، چاوەكی خۆی بە پارچە كالاێك[٩٥] بەستبۆوە دیاربوو برادەرەكەم دەیناسی، پاش چاك و چۆنی و ئەحواڵ پرسین پێ ی ووت:مام جەرگۆ ئەگەر دەرمانەك بۆ چاوت بڵێم چۆنە؟

مام جەرگۆش وتی: وەڵلاً، كاكە زۆر مەمنوونی جەنابتان دەبم.

ئەویش وتی: یەك لێوان[٩٦] ماست و دوو كەوچك ئارد و سێقالۆچە و پێنج شەش مێرو و هەندێ قەرسەقول[٩٧] بخەنە نێو دەفرێكەوە و جوان بیكوتە پاشان بیخەرە سەر چاوت و باوەڕ بكە هەر زوو چاك دەبێتەوە.

هاوڕێیەكەم وتی: مام جەرگۆ، لە كەرەكە دابەزی و تڕێكی گەورەی كرد و وتی: ئەوەش حەقی جەنابتان، گەر چاكبوومەوە ئەوا حەقەكەشتان گەورەتر دەبێ.

برادەرەكەم وتی: كاكە هێندە پێكەنین ئاو لە چاوانم دەخوڕاییەوە..

* * *

---

[٩٥] - كالاً: قوماش

[٩٦] – لێوان: پەرداخ

[٩٧] - قەرسەقول: پیسایی گوێدرێژ

وەکو مریەمی

مام عومەر ڕەشە، خەڵکی گوندی تەلەلخێمی گەورە بوو، پیاوێکی خواناس و مەشرەبخۆش بوو، خەڵکی گوند زۆریان خۆش دەویست و ڕێزیان لێدەنا.

خێزانی ناوی پلکە(مریەم) بوو هەروەها خوشکیشی ناوی پلکە(مریەم) بوو جا گەر ئافرەتێك چاکو چۆنی دەگەڵ بکردایە، مام عومەر دەیووت: وەڵلاّ، وەکو مریەمت حیساب دەکەم، تا ڕۆژێکیان ئافرەتێك هەر بەلایەنی سوحبەتەوە پێ ی ووت: مام عومەر کام مریەم خوشکت، خێزانت.

خەڵکەکە کردیانە پێکەنین.

ژێدەر: لە کتێبی شەوچەرەی دیوەخانیش، هەندێ لایەنی گەشاوەی ئەو مام عومەرەم ئاماژە پێداوە(یادی بەخێر).

* * *

کەر تۆپیوە

دوو هاوڕێ هەبوون، زۆر یەکدیان خۆشدەویست، هەر بۆ گاڵتە جنێویشیان بەیەکتری دەدا، ڕۆژێکیان دوو منداڵی یەك لە برادەرەکانی چوونە لای و وتی: هەی سەی لە سەی نە ئەوە چۆنە هاتینە؟

یەك لە منداڵەکان تەمەنی هەر دوو ساڵ دەبوو، وتی: دەڵێن کەرێك تۆپیوە لەبەر هەندێ هاتووینە. کابرا وتی: وەڵڵا حەقی خۆم لەدەستی خۆم..

* * *

مەلا صالح گۆزەپانکە

خەڵکەکە ماتڵی[98] باران بارین بوون، هەر دوعا و نزا دەکرا بەڵکو باران بباری، یەکێك هاتە خزمەت مامۆستا مەلا ساڵح گۆزەپانکە لە مزگەوت شێخ نوورەدین لەشاری هەولێر مامۆستا فەرمووی:

ئەرێ باران باریوە یان نە؟

کابرا وتی:

وەڵڵا، قوربان لە مەلا قەرە و حەسەن بەگ، گوندی گۆم بارانەکی باش باریوە، خەڵکەکەی خەنی کردووە.

کابرا ناوی گوندی گۆزەپانکەی نەهێنا.

مامۆستا: ئەدی لە گۆزەپانکەی؟

– : وەڵڵا قوربان نەباریوە.

---

[98] - ماتڵ: چاوەڕوانی

مامۆستا ، تووڕەبوو وتی: هەی ئالچاغ، دیارە گۆزەپانکە کەپریان لەسەر هەڵداوە.

* * *

شەیتان

لەخزمەت جەنابی مامۆستادا بووین، یەکێك پرسی: مامۆستا پرسیارەکم هەیە.

مامۆستاش فەرمووی: بێژە.

کابرا وتی: قوربان، شەیتان ژنی هەیە؟

مامۆستا وتی: وەللاّ، کاکە لەو زەماوەندە ئامادە نەبوومە.

ئامادە بووان کردیانە پێکەنین.

* * *

مام کێخوا

خەڵکەکە لەماڵی کێخوا دانیشتبوون، باس لە ژیان و گوزەرانی دەکرا، هەر کەسێ دەردە دڵی خۆی هەڵدەڕشت، شەو داشکا و یەکێ وتی: وا باشە من بڕۆم، هەستاوە و وتی: مام دوعا بە کێخوا لە بری(مام کێخوا بە دوعا) .

بووە پێکەنینێك خەڵکەکە کەوتنە سەر گازەرەی پشتان.

* * *

حەمید خرپ

دوو برا هەبوون لە گوێر زۆر سلسار[٩٩]، سەلیتە و لاسار[١٠٠] و قۆشمەباز بوون، خەڵکی ئەوێ خۆیان لێ دوورە پەرێز ڕادەگرتن، لە ژیانی خۆیاندا سەریان بە فەرزی خوای دانەگرتبوو، ڕۆژێک مامۆستا مەلا ئیسماعیل بانگی حەمید خرپ دەکا و پێ ی دەڵێ: کوڕە حەمید تۆ کوڕێکی باشی و شەرمە بۆ تۆ نوێژ نەکەی(بەقەد و باڵای دا هەڵگووت) بەڵکو بێتە ڕاوێ، حەمیدیش سەری خۆی شۆڕ کردبۆوە و سەری دەلەقاند، زۆریش ڕیزی لە جەنابی مامۆستا دەنا.

حەمیدیش وتی: مووڵلا، ئەمن دەزانی نوێژ، نوێژ دەکا، لەبەر خاتر ئەتو.

هەر ئەو دەمێ چووە چایخانەکە، هەر لەوێ دەستنوێژی هەڵگرت و بەرماڵێکی گەورەی هێنا و لەسەر شەقامی ڕاخست... خەڵکەکەش سەیریان دەکرد و ئەولا و ئەولای شەقامیش ماشێن ڕاوەستا بوون، چاوەڕێ ی ئەوە بوون کەی نوێژەکەی بەکۆتا دێت، جارێ بە ١٠ خولەک نییەتی دەهێنا و دەستەکانی بەرز

---

[٩٩] - سلسار: بێ شەرم

[١٠٠] - لاسار: شەڕاوی

کردبۆوه، خەڵکەکە کردبوویانە چەپڵەڕێزان و ماشێنەکانیش بە هۆرن لێدان ببووە گۆڤەندێك هەر مەپرسە.

نوێژەکەی کاتژمێرێکی خایاند، ڕووی لە خەڵکەکە کرد، وتی: نوێژکردن ئەوهایە، هەر ئەو نوێژە ئەوەل و ئاخری هەموو نوێژان بوو تا مردن.

* * *

مزگەوتی خانەقا و قۆندەرە دزین

پاش ئەوەی نوێژی عەسرکرا، مامۆستا مەلا شەریف چۆوە حوجرەی مزگەوت و خەڵکەکە سەردانی دەکرد، پاش عەسران وەکو نەریتی خۆی لە حوجرەکان چایە لێدەنرا و دەخورایيەوە.

مامۆستا فەرمووی: نازانم قۆندەرە چۆن دەدزرێ، پێم سەیرە؟

یەکێك لەوێ دانیشتبوو وتی: مامۆستا حەز دەکەی بزانی چۆن دەدزرێن؟

مامۆستا فەرمووی: ئەرێ وەڵڵا.

کابرا، هەڵساوە سەرپا و جەمانییەکەی ڕاخست و ئەوەی قۆندەرە[١٠١] هەبوو لە حوجرەکە، بگرە قۆندەرەکەی مامۆستاش

---

[١٠١] - کەوش:قۆندەرە

هـەر هـەمووی خستە نێوجەمانییەکـەوە لـەکۆڵ خـۆی نـا و وتی:ئەوها مامۆستا.

لێیدا و ڕۆیشت.. مامۆستا و ئەوانـەی لـە حوجرەکـەدا بـوون هـەر وایان دەزانی ئەوە وەکو نمایشێکە. نـەخێر کـابرا هـەر هـەمووی بردن و نەگەڕاییەوە.

خەڵکەکە بە ناچاری چوونە دوکانـەکانی تـەك مزگەوتەکـە و هـەر یەکە قۆندەرەییەکیان کڕی، کردیانـە پێکـەنین و گوتیـان: وەڵڵا بابە ئەو بەزمە خۆشە!

* * *

پاڕانەوە لە خوا

مـەلا فـەتاح گێڕایـەوە وتـی: نوێـژی بـەیانیم کـرد و دەسـتم بـۆ ئاسمان بەرز کردەوە ووتم: خوایە بۆ خۆت ئاگاداری هیچمان نییە بەو بەیانییـە بیخۆین و یـەك فلوسیـشم لەگیرفانێـدا نییـە، تـۆش خوای منی لە خەزێنەشت کەم نابێتەوە ئەگەر دوو وەرەقە دۆلارم بۆ بنێری.

مەلا فـەتاح بـەردەوام بـوو وتـی: لـەماڵ هاتمـە دەر بێمـە شـار، لەشەقامی سەرەکی دەسـتم بـۆ ماشێنەکان بـەرز دەکردەوە،ئـێ ئەوە خوایە یەکێك بۆم ڕاگرێ، لێ بێسوود بوو، بۆیە بەخـەمناکی و بەپا ڕێم کرد سەیرم کرد وەرەقەیەکی دۆلار دیـارە، دەسـتم بـۆ

بەرد هەڵمگرتەوە و چەندهەنگاوێکی تر ڕۆیشتم، وەرەقەییەکی دیشم بەرچاو کەوت و ئەویشم هەڵگرتەوە، بۆیە بەپا هەنگاوم دەنا بەڵکو ئێ هەندێکی تر بدۆزمەوە، نەخێر هەر ئەو دوو وەرەقەیە بوو، بەخۆم ووت: هەی بێ ئەقڵ خۆت داوای دوو وەرەقەت کرد، وەللاّ لە خۆشیانا شاگەشکە بووم، ووتم: خودایە کەس لەبیر ناکەی زۆر شوکور.

* * *

کەبابستان

کاتی خۆی خزمێکمان هەبوو، تەرکی دونیای کردبوو، هەموورۆژێ خەریکی قورئان خوێندن و نوێژکردن بوو، هێندە پیاوێکی باش و لەخواترس بوو، سوێندت بەسەری دەخوارد. خۆی گێڕاییەوە وتی:

ڕۆژێکیان چوومە هەولێرێ لەدەوری قەلا دەخولامەوە، لەپڕ بۆنی کەباب کاسەی سەری جۆشدام، هێندەم حەز چووێ لەحەژمەتان ئۆقرەم لێبڕا، دوایی هەر بەخۆم وت:

کوڕە پیاو شەرم لەخۆت ناکەی هێندە تامەزرۆی کەبابی، ڕوو بە ڕووی پۆلیسێك هاتم، ووتم: واباشە شەقازللەییەك لەو بدەم بۆ ئەوەی بەندم بکەن تا کەبابەکە لەبیر خۆم بەمەوە، بۆیە تا گرتم

شەقازللەیەکم لە پۆلیسەکەدا، پۆلیسەکە سەیرێکی کردم و وتی:
برۆ کەباب بخۆ، بۆ لەمن دەدەی؟
هەر ئەوەندەی ووت و رۆیشت.
پاشان بەدوای کەوتم ووتم: قوربان داوای لێبووردن لە جەنابتان دەکەم، بۆم دەرکەوت تەنها خوای گەورە بەندەی خۆی دەناسێ، کەسیش بەدینداری خۆی نەنازێ.

★ ★ ★

تارای بووك

پیاوێك گێڕاییەوە وتی: لەگوندی پیرێژنێك هەبوو، بەتەمەن و بەساڵاچوو بوو خزمی خۆمانبوو، هەر جارەی بمیبینایە دەمی دەجولا و وورتەی دەهاتێ و منیش دەمووت: بەخوای لەوانەیە بەتەمەنی کاری لێ نەکردبێت، تا رۆژێکیان لێم پرسی : پوورە ئایش بۆ دەبینم هەر لەبەر خۆوە قسە دەکەی؟
وتی: رۆڵە با بۆت بگێڕمەوە.
ووتم: فەرموو.
وتی: منداڵ بووم، لەگوندی یەکێکیان بە بووك دەبرد، منیش لەگەڵ بووك بووم تاراییکی سووری جوانیان هێنا، ماڵی بووکێ تا دەهات سیخناخە دەبوو لەخەڵك، هێندەی نەبرد وتیان: تارای

بووکێنی دزراوە، کێ بردوویەتی، کەس نەبوو، تا یەکێ لەژنان وتی: ئایش تۆ لێرە بووی دیارە تۆ بردووتە؟

منیش سوێندم بەقورئانێ خوارد کە من نەمبردووە.

منیان دایە بەر چەپەرۆکان، هاواری خوام کرد، لەناکاو قەلێك قیژاندی لەحەوشەکە ، لەسەر درەختێ هەڵنیشت، تارا سوورەکەی بەقاچان گرتبوو فڕێ ی داییە حەوشەکە.

خەڵکەکە بەم دیمەنە تاسان و منیان ماچ کرد، بەڵگەی بێ تاوانی منی سەلماند، منیش لە خۆشیانا شاگەشکە بووم و کە گەورە بووم، ئەو هۆنراوەم هۆنییەوە.

تارا بۆ من وەفایە

ئەوەی دەیلێم ئەوهایە

ڕاستگۆیی و دەستپاکی

شوکرێکە لەلای خوایە

قەل سەلماندی بۆ هەمووان

منی هەژار بێ خەتایە

پوور ئایش وتی:

جا ڕۆڵە من هەموو جارێ دەیلێمەوە، کە خوای گەورە حەیای منی پاراست و شوکرانەی بۆ دەکەم، دەزانی پاش ئەوڕووداوە

خەڵکی گوندی ڕێزیان لێدەنام و کە گەورەش بووم، منیـان داییـە وەلی ڕەحمەتی.

* * *

مەلاژن و گۆشت

مەلاژن بە مامۆستا سولەیمانی ووت: مەلا زۆرم حەز لە گۆشتە، بۆ بەیانی ناچیتە شار هەر نەبێ هەندێ گۆشت بکڕی و بۆ خۆمان بیخۆین.

بۆ بەیانییەکەی مامۆستا بەرەو شار کەوتە ڕێ، تەنها یەك دیناری شك دەبرد.

پرسی: کیلۆی گۆشت بەچەندە؟

گۆشت فرۆش: بە دوو دینارە.

مامۆستا: باشە بایی دینارێك گۆشتم بەرێ.

کـاورای گۆشـت فـرۆش گۆشـتەکەی بـۆ کێـشا و خـستییە نێـو زەرفێکەوە، لە ڕێگا گۆشتەکەی دانا و مەندیلەکەی ڕێکخست، لـە پڕ قەلێ دەنووکی تێگرت و فڕانـدی. مامۆسـتا واقـی وڕمـا (واقـی وڕما: حەپەسا) و دۆشداما و خەفەتی خوارد، لەدڵی خۆیدا وتـی: تازە هـەر گۆشـتەکە نـەبوو، بـا سـەرێ لەجـەنابی مامۆسـتا مـەلا ئیسماعیل بدەم و گەر داوای لێکردم ئەوا نیـوەڕۆ لـەلای ئـەو نـان دەخۆم.

که ئێواره گەڕاییەوە، مامۆستا بینی ئەوا مەلا ژن وا چێشتی ئامادەکردووە و بە ساوەر و گۆشت خوانی ڕازاندۆتەوە.

مەلا پرسی: مەلا ژن ، ئەو گۆشتە چی یە؟

مەلاژن: مەلا ئەوا لەحەوشەی ماڵێ دوو قەل کردیانە شەڕو پێکدادان، یەکیان زەرفێکی لە دەنووکی بوو، لەدەمی بەربۆوە، منیش کە سەیرم کرد ئەوە نیو کیلۆ گۆشت دەبوو، دەتووت تازە سەربڕاوە، ووتم: خوا دای بۆیە منیش کردوومەتە ئەو چێشتەی وا دەیبینی.

مەلا وتی: مەلاژن، زەرفەکە ماوە؟

مەلاژن هەستا زەرفەکەی بۆ هێنا.. مەلاش کە بینی هەمان زەرفە کە ئەو گۆشتی تێکردبوو، مەسەلەکەی بۆ مەلاژن گێڕاییەوە، ماشەللاکاری خوای چەند جوانە.

* * *

ئارد لێکردن

یەکێك وتی: خزمێکمان هەیە چەندی بڵێ ی چەقاوەسوو هەژگ[١٠٢] و سلسارە، بەخۆی گێڕاییەوە وتی: ڕۆژێکیان بارە گەنمێکم بردەئاش، وەکو چووم بینیم ئەوە سێ ئافرەتیش وا

[١٠٢] - هەژگ: کەیف پێ نەهاتن

لەوێ سرەیان گرتووە، یەکێك لەو ژنانە زۆر چاومەست بوو ڕەشتاڵە ناسك، خزمەکەم وتی:دڵم بۆی لێیدا مرخم لێ ی خۆشکرد.. یاپش یاپش لێ ی چوومە پێش وچاك و چۆنیم دەگەڵ کرد و کەیفسازبووم و هەرامەم هەستا، ژنەکەسەیری کردم و لەمن سەگتر بوو، بە پێکەنینەوەوتی: برا جاریێ باراش لێنەکراوە ئەتو تیرۆگت حازر کردییە.

ژنەکانی ئەوێ کردیانە پێکەنین و وتیان: کچێ ڕووت ڕەشبێ ئێرەشت کردە بەزمی خۆت..

* * *

کونە بەبۆ

دەڵێن: ڕۆژێکیان کونە بەبۆی موسڵ چووە بەغدا بۆ داخوازی کردنی کچی کونە بەبۆی بەغدایێ بۆ کوڕەکەی خۆی.

پاش بەخێرهاتن و چاك و چۆنی لە یەکتری، کونەبەبۆی بەغدا وتی: زۆرمان پێخۆشە، بەڵام مەرجمان هەیە.

کونەبەبۆی موسڵ : فەرموون بێژن.

کونەبەبۆی بەغدا: ئاخر، مەرجەکەمان هێندێ قورسە.

کونەبەبۆی موسڵ:ئەمربکە، بەسەرچاو.

کونەبەبۆی بەغدا: مەرجەکەمان سەد گوندی کاولە.

کونەبەبۆی موسڵ: زۆر سانایە.

کونەبەبۆی بەغدا: چۆن سانابیە !

کونەبەبۆی موسڵ: گەر خوا تەمەنی قازی موسڵ درێژ بکات، ئەوە هەر زۆر ئاسانە، چونکە لەسایەی سەری قازی، خەڵکەکە وا کەوتوونەتە ویزەی یەکتری چەند ساڵێکی تر ئەوها بڕوا ئەوا نەك سەد گوندی کاول، بگرە بەهەزارانت پێشکەش دەکەم.

* * *

بەڵێن دان

یەکێك سوێندی خوارد وتی: ڕۆژێکیان دەگەڵ هاوڕێیەکم ڕێم دەکرد لەناکاو بیرم بۆ شتی چوو، دەبێ جێ بەجێ ی بکەم..

وتی: منیش بە هاوڕێییەکەم ڕاگەیاند کە کارێکی بە پەلەم هەیە دەبێ بەجێ ی بگەیەنم، تۆ لە شوێنی خۆت بمێنەوە زۆرم پێناچێ دەگەڕێمەوە لات، هاوڕێییەکەم بەڵێنی پێدام کە شوێنەکە بەجێ ناهێڵێ تا دەگەڕێمەوە.

بەردەوام بوو وتی: کە گەڕامەوە کارەکەم چێ کرد، هەر لە خەیاڵم نەبوو بگەڕێمەوە لای هاوڕێیەکەم و بە هەندیشم وەرنەگرت.

لەدڵی خۆمدا ووتم: ئێستا ئەو برادەرە ڕۆیشتووە، بۆ بەیانییەکەی بەهەمان ڕێگا ڕێم دەکرد لەپڕ هاوڕێیەکەم کەوتە

بەرچاو لەهەمان شوێن، کە من دوێنێ ڕوخسەتم لێ وەرگرت کە دەگەڕێمەوە، ئەویش بەڵێنی دا کە لە شوێنەکە بمێنێتەوە.

کە بینیم سلاّوم لێکرد و چاك و چۆنیمان کرد، پێموت: هاوڕێ، لێرە چی دەکەی؟

ئەویش وتی: ئەی دوێنێ من و تۆ بەیەکەوە نەبووین، ووتت لێرەبە و ئێستا دەگەڕێمەوە، منیش بەڵێنم پێدای کە نەبزووم و تا دێیتەوە، بۆیە من لە دوێنێوە هەر لێرەم.

منیش ووتم: توخوا، گاڵتە مەکە!

ئەویش وتی: خوا ئاگادارەچۆنی دەڵێم ئەوهایە.، بۆیە داوای لێبووردنم لێکرد گەردەنم ئازاد بکات.

ئەویش وتی: برام بەڵێندان گەلێ گەورەییە، یەك لە خاسیەتەکانی مرۆڤی موسڵمانە، ئەگەر ساڵێکیش بوایە من ئێرەم بەجێ نەدەهێشت، خوا کردی هاتییەوە. لێ، جارێکی دی پابەندی قسەکانی خۆتبە و لەسەرت دەنووسرێ.

* * *

ئافرەت

دەڵێن: ئافرەت وەکو کۆت و زنجیر وایە، با پیاوان سەرپشك بن لەو کۆتەی کە دەیخەنە مەچەکیانەوە.

* * *

پاشا و بەڵێن

دەگێڕنەوە دەڵێن: لە ڕۆژگارێکی کۆندا پاشایێك هەبوو، ساڵێ دوو ڕۆژی کردبووە نەریت یەکیان بە ڕۆژی خۆشی ئەویتریان بە ڕۆژی غەمگینی، خەڵکی لە ڕۆژی خۆشیدا هەرچی خۆزگە و ئاواتیان هەبوایە ئەو پاشایە بەبێ پرس و ڕا بۆی جێ بەجێ دەکردن، جا زۆر کەس خۆی ئامادە دەکرد کە ئەو ڕۆژە بێت، خوازیارەکانی خۆی پێشکەش بە پاشا بکات و بۆ ئەوەی ڕایی بکرێن، لەو ڕۆژەدا خەڵکی بەگشتی دەیانکردە گۆڤەند و هەڵپەڕکێ و خوانیماڵی پاشا تا خۆرئاوا بوون بەهەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەییەك دەڕازاییەوە و خەڵکی لە هەموو لایێکی وڵات ڕووی تێدەکرد.

لەڕۆژی غەمگینی پاشادا، ئەو شارە هێندە ڕەشپۆش دەبوو کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد وورتەی لەدەم دەربێت و یا بزەییەکی بێتێ، خەڵکی خۆی لەماڵ حەشار دەدا، شارەکە ماتەمینی دەپۆشی.

دەڵێن: لە ڕۆژی غەمگینی دا، پاشا بەچەندین ئاژدان[١٠٣] و یاساوڵ[١٠٤] و حەسحەس لە کۆچە و کۆڵان و شەقامەکانی شاردا

---

[١٠٣] - ئاژدان: ئینزیبات

[١٠٤] - یاساوڵ: حەرەس، پاسەوان

دەگەڕا، خۆ ئەگەر یەکێکی بینیبا.. فوری دەکرا سەر و بێ باس و خواس و بەبێ هیچ هۆییەك سەری پەلدەدرا، خەلکی هەموو خۆزگەییەکیان هاتنی شەو بوو، چونکە کەشەو دادەهات، ئەوا ئەو یاساییە کاری پێنەدەکرا و یاساغ دەبوو، ئیتر خەلکی بۆیان هەبوو قسە بکەن، پێبکەنن، نان بخۆن، ئاو بخۆنەوە، بجوولێنەوە، کەیفساز بن، هاتووچۆ بکەن، سەردانی یەکتری بکەن، یانی وەکو جاران ڕۆح دەگەڕاییەوە جەستە و هێمنی و ئارامی بۆ خەلکەکە دەهاتەوە و فەرامۆشی دەخستە دڵ و دەروونی خەلکان.

بۆیەدەلێن: ڕۆژێکیان پاشا لەگەل دارو دەستەکەی لەگەڕان بوو، ئەو ڕۆژەش ڕۆژی غەمگینی بوو، ڕێبوارێك ڕێ ی دەکرد ، پاشا فەرمانی دا ئەو ڕێبوارە بێنن، کابرای ڕێبوار هاتە خزمەت جەنابی پاشا.

پاشا: کابرا نازانی ئەو ڕۆژە ڕۆژی غەمگینی یە؟ چۆن زاتی ئەوەت کرد فەرمانی من بشکێنی و بە هەوەسی خۆت بێ ی و بچی؟

ڕێبوار: قوربان جەنابی پاشا، باوەڕ بفەرموون نەمزانی ئیمڕۆ ڕۆژی غەمگینییە.

پاشا: چۆن نەتزانی، کەست بەدی کرد لە ڕێکردندا؟

ڕێبوار: نەوەللاّ ، قوربان جەنابی خاوەن شکۆ.

پاشا:ئادەی سەری پەلدەن.

ڕێبوار: قوربان، بمبەخشە، هەندێ ڕاسپاردەم لەلایە گەر قبول بفەرموون بیدەمەوە خاوەنەکەی

پاشا: جا، چۆن ڕێتپێدەم گەر نەگەڕاییەوە ؟

ڕێبوار: قوربان، خاوەنشکۆ، بەڵێن بێ بگەڕێمەوە.

پاشا: دیارە تۆ پیاوێکی لاژەی[١٠٥] ، کام لاژک[١٠٦] ئەوەی قبولە، تەنها بەڵێن و بەس.

ڕێبوار: قوربان، من، دەهۆم هەیە نە هەپە دەزانم چی یە.

پاشا: باشە، مادام تۆ هێندە موکڕی من فیلم گەرەکە.

ڕێبوارەکە بەم دەم و دەستە و بەم حاڵە کەفیل لەکوێ بێنێ، بەسەرەتاتکێ ئەم لاو ئەو لای کرد و چاوی بە کوڕێکی جوامێر و جوانخاس لەنێو پاسەوانەکان کەوت.

ڕێبوارەکە وتی:

قوربان، جەنابی خاوەنشکۆ، ئەم بوێرە دەکەمە کەفیل تا دەگەڕێمەوە.

پاشا: ها کوڕە پاسەوان تۆ چی دەڵێ ی؟

---

[١٠٥] - لاژە: ساویلکە

[١٠٦] - لاژک: بێ هۆش

پاسەوانەکە: قوربان ، من ئامادەم.
پاشا: کوڕە پاسەوانە قەرەول، ئاخر گەر نەگەڕاییەوە لەسەرت دەدەم.
پاسەوانەکە: قوربان،پاشگەز نابمەوە لە بەڵێنی خۆم، گەر نەگەڕاییەوە مافی خۆتانە سەرم پەلدەن.
پاشا فەرمانی دا ڕێبوارەکە ئازاد بکەن، با بزانین مەسەلەکە بەچی دەگا.
پاش چاوەڕوانییەکی کەم، ڕێبوارەکە بەخێرایی و هەلە پەلە[١٠٧] خۆی گەیاندە خزمەت پاشا و وتی: پاسەوانەکە ئازاد بکە و من لەژێر فەرمانی بەڕێزتانم، ئامادەم بۆ بڕیاری بەڕێزتان.
پاشا: کوڕە کابرا، چۆن گەڕاییەوە، ئەی نازانی من لە سێدارەت دەدەم و مردن لە ڕێتە.
ڕێبوار: قوربان ، جەنابی خاوەنشکۆ، خۆم بۆ مردن هاتووم، تا بەڵێنەکەم بێتەجێ.
پاشا: ئەی تۆ قەرەول چۆن لەمردن نەترسای؟
پاسەوانە قەرەولەکە:قوربان، ئەو ڕێبوارە لەنێو ئەو ئاپۆرە پاسەوانانە منی دەست نیشان کرد، منیش کە سەیریم کرد سیما

---

١٠٧ - هەلەپەلە: خێرا

و ڕوخساری بەپیاوی گزنی و مۆش[108] ناچیٚ، بۆیە ئەو پیاوە سازشت[109] لە خوێنی من ناکا.

پاشا کە ئەم جوامێرییەی لەم دوو کەسە بینی کە هەردووکیان خاوەن بەڵێنی خۆیانن و سەلماندییان پیاوی قارەمان و بەوەفان و مانەندییان نییە، بڕیارید: لەهەموو دەڤەری وڵات جاڕ بدریٚ ئیتر ڕۆژی غەمگینی باوی نەما، هەموو ڕۆژێک ڕۆژی خۆشی خەڵک و وڵاتە.

* * *

ژن خوازی

کوڕێك هەبوو لە گوندی تا بڵێی تەڕلان[110] و جوانخاس[111] ، هەر بەشازادان دەچوو، بەڵام چەندی بڵێی بیٚ ئەقڵ و لاژك و لاژە بوو. ڕۆژێکیان باوکی پێیووت: ڕۆڵە دەچینە فلانە گوند خزمێکم لەویٚ یە کچێکی چاومەست و تابانی[112] هەیە، بۆتی دەخوازین، بەڵام بەمەرجیٚ کە چووین دانیشتین، وورتەت لەدەم دەرنەییٚ؟

---

[108] - مۆش: بێقیمەت

[109] - سازشت: مساوەمە

[110] - تەرلان: ئەنیق

[111] - جوانخاس: وەسیم

[112] - تابان: بریقەدار

کوڕەکە بەڵێنی بە باوکی دا قسە نەکات و قڕ و قپ لێی دانیشێ.
دایك و باوکی کوڕەکە چوونە گوندەکە و سەردانی ماڵە خزمەکەیان کرد و مەسەلەکەیان بۆ ماڵە خزمەکە درکاند.
ماڵی کچەش کە سەیریان کرد کوڕە کوڕێکی قۆز و جحێل و جوانە، ڕەزامەندیان دا کە کچە کچی خۆیانە، بە جل و بەرگی خۆییەوەپێشکەشی بکەن.
چایەیان هێناو لەپێش دایك و باوك و کوڕەیان دانا. دایك و باوکەکە چایەی خۆیان خواردەوە، کوڕە چایەکەی نەخواردەوە، چونکە کەوچکی تیا نەبوو، باوك و دایکی کوڕە چاویان بۆ دەتروکاند و سەریان بۆ دەلەقاند کە چایەکە بخواتەوە. کوڕەش نەیدەوێرا بڵێ کەوچکی تیا نییە، بە مەرجی قسە نەکردن هاتبوو، لە پڕێکا دایکی کچە بە کوڕەکەی ووت: ڕۆڵەگیان چایەکەت بخۆوە.
کوڕەکە وتی:
کە کەوچك نەبێ، ئێ خۆ بە هەرامەم تێکی نادەم
بووەپێکەنین و زانیان کوڕە گەمژە و کەم ئەقڵە ، پاشگەزبوونەوە لە پێدانی کچەکەیان.

* * *

رژدی

ا ساڵانی پەنجاکانیش گەر لە گوندی یەکێك دوو قاتر[١١٣] و مانگا و چەند سەر مەڕێکی هەبایە، خۆ ئەوە بە خرێول[١١٤] و هەبوون ناو دەبرا، لەلایەن خەڵکی گوندی رێز و حورمەتی لێدەگیرا، ئاخافتنەکانیشی بەهەند وەردەگیران، مام سادق گێڕاییەوە وتی:

لە گوندەکەی ئێمەدا دوو دەوڵەمەند هەبوون، کە دەهاتنە دیوەخان، ئامادەبووان لای سەرێ ی دیوەخانیان بۆ چۆڵ دەکردن.

ڕۆژێك باس هات و باس ڕۆی، چۆن خەڵك دەوڵەمەند دەبێ؟

مام سادق بەردەوام بوو وتی: ئێمەدانیشتوو بووین ئەم دەمەتەقێیە لە نێوان دوو خزمی دەوڵەمەندی گوندی ئێمە بەرپا بوو: دەوڵەمەندی یەکەم نێوی حەمەبۆر بوو، دەوڵەمەندی دووەم نێوی حەمەسەلیم بوو.

حەمەبۆر:حەمەسەلیم تۆ چۆن دەوڵەمەند بووی؟

حەمەسەلیم:بەیانیان نان وچا.

حەمەبۆر: ئەی نیوەڕۆ و شێوان؟

---

١١٣ - قاتر: هێستر

١١٤ - خرێول: دەوڵەمەند

حەمەسەلیم: هەر نان و چا.

ئەوجا حەمە سەلیم لە حەمەبۆری پرسی: ئەی تۆ مام حەمەبۆر؟

حەمەبۆر: کاکە بەیانیان نان و چا، نیوەڕۆیان بە خەیاڵەوە سەروپێچك.

حەمە سەلیم: ئەی باشە نانی شێوان؟

حەمەبۆر: حەمە سەلیم دیارە پیاوێکی بێ هۆشی؟

حەمە سەلیم: بۆ چی؟

حەمەبۆر: کوڕە، ئەگەر نیوەڕۆ سەروپێك بخۆی، ئێواران چیت پێ دەخورێ.

کردمانە پێکەنینێك بەس خوا بەخۆی بزانێ.

* * *

سەفەر بۆ پردێ

دەڵێن: پیاوێك نەخۆش دەکەوێ و سەردانی دکتۆر دەکا، لە نۆرینگە چاوەڕێ دەبێ تا نۆرەی دێ، دکتۆر فەحسێکی ووردی بۆ دەکا و پێ ی دەڵێ: کاکە، دڵت زۆر لاوازە و ترپەکانی بێ هێزن.؟

نەخۆش: چار چییە دکتۆر؟

دکتۆر: ئاسانە، دەبێ چەند مانگێك توخنی ژنەکەت نەکەوی.

نەخۆش: ئەوە مانای چی یە؟

دکتۆر: کاکە، لەکاتی جووتبووندا دڵت دێتە لەرزین و خراپە بۆ دڵت بۆیە دەبێ پارێزی بکەی.

نەخۆشەکە هاتەوە ماڵ و قسەکانی دکتۆری بۆ ژنەکەی گێڕاییەوە، وتیشی: دکتۆر ئەوەشی پێووتم کە هەر جارێ ئەوکارە بکەوی حسێبکە بەپێیان دەچییە پردێ و ئەوەندە ماندوو دەبی.

کابرای نەخۆش زۆر خۆی لەم کارە دەپاراست، تا شەوێکیان ژنەکەی پێ ی ووت: پیاوەکە، خۆ چەند مانگە ئەوە سەفەرت نەکردووە، بۆ سەفەرێك نەکەین بچینە پردێ.

کابرا زۆری پێخۆش بوو وتی: دەی با بڕۆین.

پاشان ژنەکەی پێ ی ووت: پیاوەکە لە پردێ چی بکەین، ئەی نەگەڕێینەوە؟

پیاوەکەش وتی: بەرێ وەللاّ ئافرەت .

ئەم کەین و بەینەیان دەمێك بوو نەکردبوو، زۆر پێ ی کەیفساز بوون، لێ پیاوەکە ماندووبوونی پێوە دیار بوو.

ژنەکە پاش چەند کاتژمێرێ وتی: ئەرێ پیاوەکە سەفەرێکی دیکەیش نەکەین؟

پیاوەکە وتی: ژنێ، لێم گەڕێ، بەخوای تاقەتی قوشتەپەشم نەماوە.

* * *

گوێی خۆم دەگەزم

دیوەخان سیخناخە بوو لە خەڵك، قسە و باس لەسەر هەموو شتیّ دەکرا، پیاوێکی بەتەمەن وتی:

خەڵکینە هەر کەسیّ دینارێکم باتیّ، شەرتبیّ گۆی خۆم بگەزم.

خەڵکەکە وتیان: مام عومەر جا چۆن گویّ دەگەزریّ؟

مام عومەر وتی: لە پێش چاوی هەمووتان من گەزەی لیّ دەگرم.

مام مەجید تازە مووچەی فەراشی قوتابخانەی وەرگرتبوو، وتی: هەی هەزار جار، ها ئەوەش دینارێك، بەڵام ئەگەر نەتگەست دەبیّ نیو دینار دانیّ ی.

مام عومەر توومەز ددانەکانی تاخم بوون، ددانی خۆی نەبوو، کەسیش درکی بەوە نەکردبوو چووەتە لای ددانساز و بۆ خۆی تاخمێکی سازداوە، بۆیە ددانەکانی دەرهێنا و بەدەستی ددانەکانی گرتن و گەزەی لە گویّ ی خۆی دا.

بووە پێکەنین، خەڵکەکە وتیان: وەڵلاّ گرەوەکەی بردەوە.

ئەوجارەیان مام عومەر وتی: خزمینە ! چاوی خۆم دەگەزم.

بووە پیکەنین و گۆڤەندێك هەر مەپرسە.

وتیان: مام عومەر، جا چۆن چاو دەگەزریّ؟ددان دەرهێنان حلێب نییە.

وتی: قبول مە، بێنن دینارەکی.

کەس دیناری نەدا..عەباس وتی: با بێشە بکەین.

وتیان: وەللاّ، قسەی عەباسە، یەللاّ کوڕینە پارەی دەربهێنن.

یەك وتی: ئەوە دوو دەرهەم.

یەکێکی تر وتی: ئەوە روبعێك.

یەکێکی دی وتی: ئەوە درهەمێك.

یەکیٚ تر وتی: ئەوە نیو دینار.

ژمارديان: مام عومەر ئەوە هەژدە درهەم، دینارەکە دوو دەرهەمی کەمە.

مام عومەر وتی: بەخوای یەك دیناری تەواو نەبیٚ، رازی نابم.

وتیان: کاك مەجید دەتۆش دوو دەرهەمان دانیٚ.

وتی: کاکە هەر ئێستا دینارێکم دۆڕاند.

وتیان: ئاخر، مام عومەر رازی نییە، قەی چی دەکا، خۆ کوفر نییە با ئەو دوو دەرهەمەشی لەگەڵ نەبیٚ.

مەجید وتی: بەخوای خواردەنیە! بەڵام ها ئەوەش دوو دەرهەم.

مام عومەر پارەی هەژمارد نیو دینار و روبعێك و دوو دەرهەم و دەرهەمێك و دوو دەرهەم، راست دەکا دینارێك.

بە هێمنی و لەسەر خۆ خستییە نێو گیرفانی، دەستی بۆ چاوی برد و دەریهێنا و گەزەییەکی لیٚ دا، تومەز چاوەکەشی شووشە بوو.

خەڵکەکە هێندە پێکەنین، لە پڕ یەکێ بابیەکی لێ بەربوو، تا بەیانییەکەی گۆڤەندێك بوو هەر هەمووان کەوتووبوونە سەر گازەرای پشتان، خۆشییەکە لەوەدا بوو، کەس نەی زانی کێ بوو ئەو بایەی لێ بەربوو.

* * *

کوڕە دزەکە بگرن

مام حاجی ئەحمەد بە(ئەحمەدە رەش) دەناسرێ، قسە خۆش و بەسەلیقە و مەشرەبخۆشە خەڵکی گوندی دیبەگەییە، وتی: من هەرزەکار بووم، جارێکیان خزمێکمان بە نێوی مام سمایل سەردانی کردین و بە باوکمی ووت:حەمەڕەش، با ئەو بەزمەت بۆ بگێڕمەوە، وتی:زستانێ من و زرێخ و هەردوو کوڕەکەم خۆمان خستبووە ژێر جەواڵێك. شەو راکشا، منیش فوێکم لە چراییەکە کردوو تمراندم [115]،مەبەستم ئەوە بوو بە نهێنی خۆم بگەیەنمە لای زرێخۆکێ.

بە ئاسپایی دزەم بۆ کرد دەستم بۆ قاچەکانی درێژکرد.کاکی خۆم زرێخۆکێ سەلیتە کردییە بەزمێك و هاواری کوڕەکانی کرد، کوڕە بگەنە فریام ئەوە دزە.

---

[115] - تمراندن: دامرکاندنەوە، کوژانەوە

کوڕەکانی لەخەو زراند و دەیان ووت: دایە دزەکە بۆ کوێ رایکرد، وەللاّ، دایکی ئەوها و ئەوها لێدەکەین.

جا، حەمەڕەش، منیش چاوەکانم نووقاندبوون وام پیشان دەدا کە خەوتوومە و نوقەم لەخۆ بڕی بوو.

* * *

گوندی کانی مانگا

لە حوجرەی مزگەوت چەند کەسانێك لە خزمەت مامۆستا دانیشتووبوون مەلا هاتە ژووریّ و سەلاّوی کرد.

پاشان مامۆستا فەرمووی: جەنابتان خەڵکی کوێن؟

مەلایەکەش دەمی تێك ئالاّ و وتی: قوربان من مەلایان نگای کانی ئەحمەدم.

لەجیاتی بڵێ: من مەلا ئەحمەدی کانی مانگامە.

* * *

کەری تۆپی

دەڵێن: لە یەکێك لە گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێردا، ماڵی شێخ و ماڵی مەلا بەرانبەر یەکتر بوون لە گۆڕەپانێکدا، شێخ ماکەرەکەی دەتۆپێ و بە دەروێشەکان دەڵێ: ئادەی بڕۆن لاشەکەی بەرانبەر ماڵی مەلا فڕێ دەن.

دەروێشەکانیش شەوێ درەنگ لاشە ماکەرەکە لەپێشماڵی مەلای گوندی دادەنێن.

مەلا بۆ نوێژی بەیانی بەرەو مزگەوت بەڕێکەوت، سەیری کرد ئەوا کەری ماڵی شێخی تۆپیوە و لەبەردەم دەرگای ماڵیان فڕێ دراوە، شێخیش تەماشا دەکا بزانێ مەلا چ دەڵێ؟

مەلا هاوار دەکات دەڵێ: یا شێخ، تا ماکەرەکە لە ژیان بوو نەتدەنارد، تا تۆپاندت ئەوجا...

شێخ کردییە پێکەنین و وتی: مەلایینە قسەتان حازرە.

* * *

یا زەراق !!

پیاوێك لە گوندی هەر دەیگوت: یازەراق..تا جارێکیان مەلای گوندی پێ ی ووت: مام حەسەن، ئەتۆ چی دەڵێ ی؟

وتی: دەڵێم یا زەراق.

مامۆستا فەرمووی: مام حەسەن، یازەراق نییە، یارەزاقە[١١٦].

چەند جارێکی پێگۆتەوە تا لەبیری نەچێ..بۆ بەیانییەکەی مام حەسەن هاتە لای مامۆستا وتی: لەبیرم کرد مامۆستا مەلا، نەهی خۆم و نە هی تۆ نازانم چی بوو.مامۆستا وتی: یارە....

---

[١١٦] - رەزاق: لەناوە جوانەکانی خودایە

مام حەسەن نەیهێشت مامۆستا قسەکە تەواو بکا وتی: وەبیرم هاتەوە یا زەراق.

مامۆستا فەرمووی: خوای گەورە دەزانێ نیەتت چی یە، بڕۆ هەر یازەراقەکەی خۆت بڵێ.

* * *

خشڵی بەهەشت

لە حوجرە لەخزمەت مامۆستادا بووین، فەرمووی: خزمینە! چوار شت وەکو خشلی [117] بەهەشتە.

یەك: شاردنەوە و نەدرکاندنی قەزا و کارەسات

دوو: شاردنەوە و نەدرکاندنی نەبوونی و دەستکورتی

سێ: شاردنەوەو نەدرکاندنی خێر و بێر و سەدەقە

چوار: شاردنەوە و نەدرکاندنی نەخۆشی و ئێش و ئازار

* * *

شێتەکەی مەهاباد

پاش نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، خەڵکێکی لە رادەبەدەر ئاوارەی کوردستانی رۆژهەڵات بوون، هەندێکیان خرانە نێو کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان و هەندێکیش بەهۆی ئەم و ئەو خۆی لە

[117] - خشل: کەنز، گەنجینە

شار و دێهاتەکان حەشاردا، هاوڕێییەکی خۆم گێڕایەوە وتی: من و خانەوادەکەم لە شاری مەهاباد جێگیربووین، بمرم بۆ خەڵکی مەهاباد، ئای چەند بەڕێز و قەدرگرانن، باوەڕبکە تا دەمرم منەتباری خاك و خۆڵی ئەو شارە قەشەنگ و ڕەنگینەم ئێستاش دڵم بۆی لێدەدا، بەقوربانی هەر هەموویان دەبم.

هاوڕێیەکەم بەردەوام بوو وتی: لەمەڵبەندی شار گۆڕەپانێك هەبوو پێی دەوترا چوارچرا مەکۆی[118] قارەمانان بوو، هەر لەو گۆڕەپانە چەندین شۆڕشڤان و سەرکردە لەسێدارە دران، بەتایبەتیش پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێبازەکانی. گەر کارێکم نەبوایە ئەوە پەژموودە دەبووم و بەرەو چایخانەکە ڕێم دەکرد و هەر لەوێ دادەنیشتم و چاییەو کۆفیم[119] هەڵدەقوڕاند، بەسەدان هاوڕێی باش و خواسم ناسی و پەیدا کردن هەرگیز من لەیادیان ناکەم هەر هەموویان ئازیزانی منن.

ڕۆژێکیان یەکێ لەتەك من دانیشتبوو وتی: ئەو شێتەی دەیبینی ها لەوبەر شەقامەکە؟

وتم: بەڵێ، لێم دیارە.

وتی: بەخوای شێت هەر شێتە.

---

[118] - مەکۆ: مەقەر، بارەگا

[119] - کۆفی: قاوە

وتم: چاڤا.

وتی:با شتێکت بۆ بگێڕمەوە، بەسەرهاتی منە لەگەڵ ئەو دینە[120].

وتم: بفەرموو..

وتی: کاکی خۆم، خۆ دەبینی چ زەلامێکە[121]، کە چاوم پێدەکەوت ئاگر دەبەنم هەڵدەگیرسا، هێندە سۆزم بۆ دەجوولا بەس خولا[122] بزانێ، تا ڕۆژێکیان دەگەڵ خۆم بردمەوە ماڵ و پاك شۆردم، دەستەجلێکی جوان و خاوێنی خۆم دەبەری کرد و چێشتێکی پوختە و بەلەزەتیشم دەرخواردا.

وتم: خودا خێرت بنووسێ و یاخوا بێ وەی بی.

وتی: کە سەیرم کرد ئێرەی پێخۆشە، گەر لێی گەڕێم ئەوا ئێرە بەجێ ناهێڵێ، بۆیە پێم وت: جا ئێستا کاتی عەسرە بابڕۆین بۆ خۆمان لە چایخانەکە کە ڕینیشین[123] و چایە و دیمشەلەیك بخۆینەوە، هاا چی دەڵێی؟.

شێتەکە وتی: ئەدی، دەستەك براژنێ نەگێم؟

---

[120] - دین: شێت

[121] - زەلام: پیاو

[122] - خولا: خودا

[123] - ڕینیشین: دانیشین

وتم: با، با کە هاتینەوە تومەز مرخی لەژنەکەم خۆشکردبوو، بەخۆم وت وەللاّ بابە تەڕ خێرت نەکرد، بۆیە دەڵێم شێت هەر شێتە.

برادەرەکەم وتی: پێموت تۆ خێرێکی گەورەت کردووە، خوای گەورەش هەمیشە دەبێتە پشتیوانی ئەو کەسانەی سۆز و رەحمیان بۆ کەسنی ترە، پێشمووت: ئەی پێغەمبەر(د.خ) نافەرمووێ: الصدقة تدفع البلاء و تزید من العمر.

وتی: مەبەست چی یە لەم فەرمایشتە؟

وتم: دەفەرمووێ(خێرکردن دەبێتە ڕەتکردنەوەی کێشە و گرفت و نەخۆشی و تەمەنیش زیاد دەکا)

* * *

پیاهەڵدان بە ژن

یەکێك گێڕاییەوە وتی: لە گوندی خۆمان خزمێکمان هەبوو زۆر دەوڵەمەند بوو هێندە سەروەت و سامانی هەبوون بەمن و تۆ هەژمار نەدەکران، ژنێکی هەبوو زۆر رێزی لەو کەسەی دەگرت بەسەر دارەکەی بڵێ: تۆژنەکی جوان و ژیرت هەس

خۆم چەندین جار گەر هەلم بۆ ڕەخسابایە ودەمزانی ژنەکەی گوێ ی لە قسەکانی منە، بەقەد و بالاّی ژنەکەیم هەڵدەدا، هێندەی

پێنەدەچوو دیارییەکی بۆ ڕەوانە دەکردم زۆر جاریش پارەی بۆ دەناردم دەچوومە هەولێرێ بۆ خۆم ڕامدەبوارد.

لە دیوەخانی خزمەکەمان دانیشتووبووین، یەکێك وەژوور کەوت وتیان: ئەوە جەفحەری شایەرە و شیعری سەیر سەیری هەن، خانەخێ بەخێرهاتنێکی گەرمی کرد، باس و خواس پەلی هاویشت تا گەییە فرە ژنی.

خزمەدەوڵەمەندەکەمان وتی: جەفحەر[١٢٤] دەی ئازابە باسی ژنانم بۆبکە.

چاوێکی گێڕا بزانێ خانم دیارە، کە بۆی دەرکەوت لەماڵ نییە، ئەوجا وتی:

توخوا گەورەم وا باس دەکەم گوێگرە

چەند خۆشە ژنان بۆت بگرن سرە

گەر بۆت لوا تا چواران

جا کچی گوندبێ یا شاران

بیانگرە باوەش و ئامێز

ئەوەی جوانە و ئەوەی بە پێز

هەر شەوەنازدارێ

بۆت بێتە ڕاوێ

---

[١٢٤] - جەفحەر: جەعفەر

ژنان دەرمانی دەردانن

هەناسەی دڵ و گیانن

یەك ژنی بەڵا و دەردە

ڕەزا قورسە وەك بەردە

ئەوەی سپیە و ئەوەی زەرد

با بیهێنێ پیاوی مەرد

لە دیوەخانێ بووە پێکەنین، خێزانی خزمە دەوڵەمەندەکەم هاتە ژوور وتی: چی یە خێرە ئا ئەوها پێدەکەنن؟

مێردەکەی وتی:وەرە گوێ بگرەبزانە جەفحەر چۆن چۆن باسی فرە ژنی دەکا پێم دەڵێ: بیکە بە چوار.

ژنەکە وتی: جەفحەر وایە، حەز دەکەی ژنم بەسەر بێنی؟

جەفحەر وتی: بەخوای خانم، حەدم چی یە؟

یەکێك وتی: ئەی ئێستا نەتووت:

ژنان دەرمانی دەردانن

هەناسەی دڵ و گیانن

خانم: ئەوها ! !.

جەفحەر وتی: من بەسەردارەکەی تۆم ووتووە

ئەوەی دوو ژنە

جەرگی کون کونە

ئەوەی سێ ژنە

ماڵی پڕ دوژمنە

ئەوەی چوار ژنە

دەستی لە هێنی منە

خزمەکەم وتی: ئەی ڕووت ڕەشبێ، کەی ئەوهات ووت.

جەفحەر وتی: خانم من مەدحی تۆم کردووە

خانم وتی: چۆن؟

جەحفەر وتی: ووتم

ئەوەی یەك ژنە و تاکە

هەمیشە خاوێن و پاکە

خانم ژنێکی چاکە

بۆیە ئاغا بێباکە

نازدارە هەر ئەوە ژن

خانم زەردەخەنەی دەهاتێ و بە جەفحەری ووت: دیارییەکی باشت پێدەدەم.

ئەوەی ئەو مەسەلەیەی گێڕاییەوە وتی: پاش چەند ڕۆژێك شایەرەکەم بینی پێمووت: هااا خانم دیارییەکەی چی بوو؟

وتی: دوانزە دینار و کراسێك.

* * *

مام ئاغای قەلاتێ[٧]

دەڵێن: کاتی خۆی خەڵکی قەلات ئاویان بە پشتان یا بە تێرك[١٢٥] لە هێستریان دەخست و بۆ کاری ڕۆژانەی خۆیان بەسەریان دەخس.

یەکێك لە پیاو ماقوڵانی ناو قەلات بە مامئاغا ناوبانگی هەبوو بەخۆی گێڕاییەوە وتی:

هەموو ڕۆژێ بەیانیان خانەزاکەمان[١٢٦] بە سواری هێستر ئاوی بۆ دەکێشاینەوە، لە گەڕانەوەی کە گوێم لە دەنگی پێ ی هێسترەکە دەبوو، دەمووت: ئۆخەی ئەوڕۆش بێ ئاو نەبووین . هەر خۆی وتی:

جارێکیان هێسترەکە لە کاتی هێنی ئاوەکە لە عەتەبەی پێش دەرگادا ساتماێك دەکا لاقی دەشکێ، ئێمەیش بەیتارمان هێنا و ماوەیەکی خایاند تا لاقی چاك بۆوە.

جا هەر جارێ ئاویان پێکێشابایەوە، لە نك عەتەبەکە هەڵوەستەیەکی دەکرد، وەکو بڵێی دەیزانی، ئا لێرەدا لاقی شکاوە.

هەر خۆی دەیووت، مەبەستم مام ئاغایە:

---

[١٢٥] - تێرك: لە مشەما دروست دەکرا بۆ ئاوکێشان

[١٢٦] - خانەزا: خادیم

..ڕزگە هەر کەسێ هەڵەیەکی بکردبایە، ئا وەکو ئەو هێسترە
ۆوەستەیەکی بۆ بکردبایە، تا جارێکی تر هەڵە نەکاتەوە.

* * *

ترپەکەی پردێ

دەڵێن: پیاوێك هەبوو لە گوندێکی نزیك پردێ دەژیا نێوی ئەحمەدە کۆر بوو، هەموو بەیانییەك کە دەهاتە پردێ دوو سنووق تەماتەی دەگەڵ خۆی دەهێنا و هەر زوو لەوێ ی دەفرۆتن و پاشان بارهەڵگری دەکرد.

دەڵێن: ڕۆژێکیان هەروەکو جاران فەردەی بار دەکردن لەناکاو باییەکی لێبەربوو، خەڵکەکە کردیانە پێکەنین و بووەبەزمێکی خۆش، ئەو ئەحمەدە لەخۆی تەریق نەبۆوە و بە چاوێك سەیری خەڵکەکەی کرد و وتی:

بەسەری ئێوە، ئەو بارانە لە قاتریش بارکەی قاتریش دەترێ(ئازایەتی خۆی پیشان دا).

* * *

تۆبەکردنی پیاوێك

یەکێك گێڕاییەوە وتی: خزمێکم تۆبەی کردبوو، نوێژ و ئیتاعەتێکی ڕێکی دەکردن، ڕۆژێك پێکەوە چووینە سەر مەزاری

پیاوچاکێك، ئێمە لە پاڕانەوە دابووین، ژنێك خۆی لە خزمەکەم سووی.

ئەویش سەیرێکی منی کرد و وتی: توخوا ئەوش خەتای منە.

* * *

نەخۆشەکە چۆن چاك بۆوە

یەکێك گێڕاییەوە وتی:خزمێکمان هەبوو، زۆر هەبوون و دەوڵەمەند بوو، دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە هات، چەندین دکتۆری شارەکانیان پێکرد، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو پیاوە لە کورتی دەدا و باری تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو.

بۆیە لە گوندی، خانەوادەی ئەم خزمەم وتیان: پارە بۆ ئەو ڕۆژە نەبووبێ بۆچی باشە؟ هەر زوو پارە و پولیان کۆکردەوە و هەرچی ڕاپۆرتی دکتۆرەکانی هەولێر و شارەکان هەبوون خستیانە ناو زەرفێکەوە و بەفڕکە بەرەو ئەلەمانیا بەڕێکەوتن.

ئازادی کوڕی هەر جارەی دەیووت: بابە، ئێستا دەچینە ئەلەمانیا پزیشکی زۆر باش و پسپۆری هەن، هەر بەتەماشاکردنی ڕوخساری نەخۆشەکە دەزانن چ نەخۆشی هەیە و زوو چارەی دەکەن.

لەفڕکە دابەزین وبەرەو هوتێلێك چوون، پاش پرس وباس، بەهیممەتی کوردانی ئەوێ، دکتۆرێکی پسپۆری بەناوبانگیان

وەدەست کەوت کە ئافرەتێکەزۆر نەخۆشی درم و کۆشندەی چاککردۆتەوە.

ئافرەتە پزیشکەکە پرسی: خەڵکی کوێن؟

ئازاد: خەڵکی هەولێرین، کوردستانی عێرا.

-نەخۆشەکە تەمەنی چەندە؟

+تەمەنی ٥٠ساڵە.

-لە کەییەوە نەخۆش کەوتووە؟

+ساڵێك دەبێ، بەو دەردە دەناڵێ.

ئافرەتە پزیشکەکە، پشکنینێکی وورد و بە دیقەتی بۆکرد نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند.

وتی:هەر ئێستا برۆن وێنەی سینگ و پشتی بگرن ئەشیعەکە بۆ من بێننەوە.

داواکاری پزیشکەکە جێ بەجێ کراو گەڕاینەوە لای پزیشکەکە.

پزیشکەکە وتی:

ئەوا ئەو دەرمانانەم بۆ نووسیووە، با بیخوا پاش سێ ڕۆژی تر وەرنەوە.

پاش سێ ڕۆژ چوونەوەسەردانی نۆرینگە و هەمدیس پزیشکەکە چەند دەرمانی بۆ نووسی و وتی: پاش سێ ڕۆژی تر وەرنەوە.

ئا بەم جۆرە چەند جار سەردانی دکتۆرە ئافرەتەکە کرا و ئەویش هەر جارەی دەرمانی پێویستی بۆ دەنووسی.

ئازاد وتی: ڕۆژێکیان پاش گەڕانەوەمان لەلای پزیشك، باوکم وتی: ئازاد زۆر برسیمە و حەز لە گۆشت دەکەم.

ئازاد وتی: باشە بابەگیان لەڕێگای خۆمان لۆقەنتەیەکی[127] جوان و گەورە هەیە، هەر لەوێ دادەنیشین و تا چێشتێکی بەلەزەت بخۆین.

ئازاد وتی: کە گوێم لە باوکم بوو حەزی لە گۆشتە، لەخۆشیا شاگەشکە بووم چونکە گەر بڵێم لەوەتەی نەخۆشە دەمی بەزادی نەکەوتووە درۆ نییە، بۆیە لە لۆقەنتەکە دابەزین و باوکم وتی:ئازاد پێی بڵێ با یەك شیش گۆشتم بۆ بێنێ.

گۆشتەکە هات و باوکم بە تەوحەوە خواردی، وتی: ئازاد با دووی تریش بێنێ، بۆیە بە چێشتپەرەکەم ووت: دوو شیشی تریش بێنە، باوکمئەویشی عافییەت کرد.

پاش سێ ڕۆژان چووینەوە نۆرینگەی دکتۆر و دکتۆریش هەمدیس پشکنینی بۆ کردەوە و حەپەسا، واقی وڕما بوو، وورتە وورتەی دەهاتێ، وتی: باوکت تەندروستی زۆر باش بووە ئەو ماوەییە چی خواردووە؟

---

[127] - لۆقەنتا: چێشتخانە

ئازاد وتی:باوکم سالێکە نازانێ نانخواردن چی یە.

دکتۆرەکە سەری دەلەقاند، دۆشداما بوو، پاشان وەبیرم هاتەوە ووتم: دکتۆرە، کە جاری پێشوو لەسەردانی جەنابتان گەڕاینەوەهوتێل، باوکم حەزی لە گۆشت بوو، چووینە چێشتخانەییەك لەوێ سێ شیش گۆشتی خوارد.

دکتۆرەکە پرسی، باشە، چێشتخانەکە دەزانی لە کوێ یە؟

ووتم: بەڵێ لە ڕێگای خۆمانە.

دکتۆرەکە وتی: با بڕۆینە چێشتخانەکە، منیش دەگەڵ ئێوە دێم.

ئازاد وتی:من و باوکم و دکتۆرە هەر بە ماشێنی ئەو چووینە چێشتخانەکە ، بینیم ئەوا دکتۆرە زۆر شپرزە بووە.

هەر هێندەم زانی چەندین ماشێنی پۆلیس ئابلووقەی چێشتخانەکەیان دا و خاوەن و شاگردەکان و ئەو کارمەندانەی لەوێ کار دەکەن هەر هەموویان دەستگیر کرد.

ئازاد بەردەوام بوو وتی: من بەو کارە سەرم سوڕما و هەستم بە دڵ گرانییەك کرد.

دکتۆرەکە وتی:ئێوە بڕۆنەوە هۆتێلی خۆتان، پاش هەفتەییەکی دی وەرنەوە سەردانم.

ئازاد وتی: لەسەر بڕیار و ڕاسپاردەی دکتۆرە پاش هەفتەییەك چووینەوە سەردانی و هەر لەدوورڕا بە پێکەنین و قسەی خۆش پێشوازی لێکردین و دانیشتین.

دکتۆرەکە وتی: ئازاد دەزانی باوکت دووچاری نەخۆشییەك ببوو هەرگیز دەرباز بوونی نەبوو، چونکە دەبواییە گۆشتی مرۆڤ بخوا ئەوجا چاکدەبۆوە، لەو لۆقەنتەی کە ئەو گۆشتەی خواردبوو، ئەوە گۆشتی ئادەمیزاد بوو، ئێستا باوکت وەکو پیاوێکی تەندروست باشە، هەر بۆیەش منئاگاداری پۆلیسم کردەوە کە ئەو چێشتخانەیەی باوکت گۆشتی لێ خواردییە، مایەی گومانە، پۆلیسیش لێکۆڵینەوەی لەسەر مەسەلەکە کرد، گومانی من ڕاست دەرچوو، خاوەن چێشتخانە و کارمەندان دانیان بەوە دانا کە هەر مرۆڤێکی قەڵە و نێرە حەیتە و زرتە زەلام بهاتایە چێشتخانەکە و بچووبایە ئاودەست، هەر لەوێ دەستیان لە هەوکی دەنا و سەریان پەڵ دەدا و گۆشتەکەیان دەفرۆشتە خەڵك، جا بڕۆنەوە هەولێر، خوای گەورە شیفای بۆ باوکت هێنا و قەدەریش ئەوهایە.

* * *

خێری تێدایە

مامۆستا مەلا بەخۆی گێڕاییەوە وتی: ڕۆژێك پیاوێك هاتە لام لە ئوتاق دانیشت، چاك و چۆنی دەگەڵم کرد و وتی: مامۆستا هاتووم

رابێژی بکەین، بەوەی بژێو و گوزەرانیم باش نییە بەڵکو ئێ خوای گەورە ئاورێکم لێباتەوە هەرچەندە برام زۆر دەوڵەمەند و بازرگانێکی گەورەییە، لێ یارمەتیم نادات، پێم دەڵێ برۆ کارێك بۆ خۆت بدۆزەوە، منیش دەست بۆ زێڕ بەرم دەبێتە زبڵ و خاشاك[128].

مامۆستا وتی: منیش پێموت: سپێدە شەوسو وەرەوە لام خوا فریادرەس بێ، تەماشای کتێبان دەکەم و نووشتەکت بۆ دەنووسمەوە.

بەیانییەکەی هاتەوەسەردانیم، شەویەکی[129] شڤاری[130] دەبەر خۆی کردبوو، پێموت: کاکە هەموو کتێبەکان، باس لە خۆڕاگری و ئارام گرتن دەکەن و بۆ خۆت هەر ئەستەغفیوڵڵا بکە بۆ تۆ خێری تێدایە و دەستکەوتتدەبێ.

مامۆستا وتی:دوای ماوەییەك هاتەوە لام پێموت: ها، چ خێرەت وەدەست کەوت؟

ئەویش وتی: ئەرێ وەڵڵا، خێرم وەدەست کەوت، لێ بە گەوادی.

مامۆستا وتی: منیش پێکەنیم، ووتم: چۆن بە گەوادی؟

---

[128] - خاشاك: پاشماوە

[129]- شەوی: کراس

[130] - شڤار: درێژ

وتی: مامۆستا، براییەکەم چووبووە سەفەر، شەو بە هەلم زانی خۆم لەسەر دیواری ماڵیان ئاودیو کرد و بۆ دزی و گزی چووم، کە سەیرم کرد ئەوا خوان ڕازاوەتەوە و پیاوێکی تێکسمڕاوی چوارشانەی نێرە حەیتەی وا دەگەڵ براژنم دەست لەملا نیّ یە، دەنگی ماچ و مرچیان دەگەیشتە بەر گوێم.

لە ناکاو لە دەرگا درا، براژنم بە دۆستە ئەلواتی[١٣١] یەکەی گووت: ئەوا مێردمە با لە نێو ئەم سەنوقە حەشارت دەم و خۆت کڕکە بە فێڵێك دەربازت دەکەم.

مامۆستا وتی: پێمووت: پاشان چی ڕووی دا؟

کابرا وتی: دەرگا کراییەوە و براکەم هاتە ژوورەوە، منیش بە ئاسپایی ئحمێکم کرد و سلاوێکم لێکردن، هەر هێندەم زانی ئەلواتییە دۆستەکەی براژنم لە نێو سنوقەکە پەژما، منیش ووتم: خێری تێدایيە.

براکەم وتی: مەسەلە چی یە؟

منیش ووتم: ئەوا پیاوێکی سەرمەست و سلسار و لاژك بۆ گزنی و دزی هاتبوو، لیّ منیش قۆلبەستم کرد لە نێو ئەو سنوقە بەندم کردووە. براژنەکەم بەو قسەیەی زۆر دڵخۆش بوو، بە ئاسپایی پیّ ی ووتم: پاداشتی ئەو ڕەفتارەت دەدەمەوە.

---

[١٣١] – ئەلواتی: خانم بازی

کابرای ئەلواتیم دەرهێنا و دوو شەقازەللەم لێگیر کردو وەدەرمنا و ووتم: خێرڕوو جارێکی دی بۆ دزی کردن نەیەیتەوە، کابرای ئەلواتی بەڕاکردن تیَ ی تەقاند و هەلاَت.

منیش بۆ ماوەییەك لەلایان مامەوە و براکەم سەد دیناری پێدام و دەستخۆشی لێکردم.

بەیانییەکەی براژنەکەم بانگی کردم و وتی: مادام تۆ هێندە پیاو دەرچووی بگرە ئەوا هەزار دینار.

مامۆستا وتی: دەبوایە ڕادەستی پۆلیسی بکەی.

ئەویش وتی: مامۆستا، ئەگەر ڕادەستی پۆلیسم بکردایە ئەوە یەك فلوسم وەچەنگ نەدەکەوت، خێرەکە لە گەوادیەکە دابوو.

* * *

حەجەکی ترم بە مل داهات

یەکێك بۆ خۆی گێڕاییەوە وتی: دراوسێیەکم هەبوو، ژنێکی جوان و ژیکەلەی هەبوو، دەستم دەگەلی تێکەلکردبوو، هەر جارەی بلواییە بۆی شۆڕ دەبوومەوە و بۆ خۆمان تێر دەسلەملانێمان دەکرد.

ڕۆژێکیان بیرم کردەوە تا کەی من ئا بەو جۆرە سەرەڕۆبم و با خۆم لەو شتە قێزەونە دوور بخەمەوە، خۆ من جحێل نیم تازە پێڕابگەم بۆیە بڕیارمدا: تۆبە بکەم و ڕوو لە مالی خوا بکەم و

فەرزی حەج بەجێ بگەیەنم، هەر بۆیەش چوومە لای دۆستەکەم و پێمووت: بڕیارمداوە واز لەو شتە ناشیرینە بێنم و تۆبە بکەم بچمە حەج و هاتوومە گەردەنم ئازادکەی.

ژنە دۆستەکەی وتی: گەردەنت خۆش و ئازابێ.

کابرا وتی: تۆبەم کرد و چوومە حەج و فەرزی خوام بەجێ گەیاند و هاتمەوە بە حاجی، حاجی بانگ دەکرام، تۆبەکەم سالێکی خایاند، لەدڵی خۆمدا ووتم: بابچم سەردانی کۆنە دۆستەکەم بکەم و لە ئەهواڵیان بپرسم، تومەز دۆستەکەی لە دووڕا بینی ئەوا حاجی کۆنە برادەری وا بەرەو ماڵی ئەو دێ، بۆیە دەرپێ ی خۆی دانا و بەڕاکردن بەسەر درەختی حەوشەکە هەڵزنی و خۆی هەڵکرد و خۆی مەلاس دا .

حاجی کۆنە دۆست هاتە حەوشە و بەدەنگێکی بەرز سلاوی کرد.

ژنە کۆنە دۆستی حاجی لەسەر درەختەکە وەلامی داییەوە: وەعەلەیکوم حاجی بەخێر بێ ی.

حاجی تەماشای کرد، ئەوائافرەتەکە لەسەر دارەکەیە و هیچی لە پێ ی نییە، کۆش و هەرامەی لەو گۆڕەییە، حاجی سەرێکی لێ بادا و وتی: وەرە خوارێ، حەجەشکەشم بەمل داهات.

* * *

جوان پۆشی

لەیەکێکیان پرسی: ئەریٚ بۆ خۆت پۆشت ناکەی، قژ و ڕیشت جوان جوان ناکەی؟

ئەویش وتی: لەپای چی!

وتیان: خۆ هەر هەر نەبیٚ ژنان با سەیرت بکەن.

ئەویش وتی: ژنانی ئێمە، لە ئێمە زێتر کەسیان ناویٚ، ئێمەش چاومان لە ژنی کەس نییە

* * *

قەڵا و منارە

دەڵێن: چەند کەسانێك ڕێك دەکەون سەردانێکی شاری هەولێر بکەن و لە نزیکەوە چاویان بەهەولێر بکەویٚ چونکە هەرگیز ڕێیان بەقەڵا و منارە نەکەوتوو بوو.

ئەو چەند کەسە دێنە هەولێر و سەیری قەڵاکە دەکەن، یەك لەوانە بەدەنگێکی بەرز دەڵیٚ: هەی هینەکەم بەقەڵاتان هەولێرییەکان، کە ئاوڕ دەداتەوە دەبینیٚ ئەوا چەند هەولێرییەك بەدواوەی ڕێدەکەن.

ئەویش دەڵیٚ: دەی دەی منارەکەش بە قینگم.

* * *

پیاو ماقووڵ

مەلای گوندی دەیفەرموو: سێ کەس هەمیشە پیاو ماقووڵ و لە چاوان بەرزن و مامەندیان نییە:

یەك: سوارچاکی ئازا و بوێر.

دوو: ڕەوانبێژی لە ئاخافتندا.

سێ: پاکوخاوێنی و بژوین و بۆن خۆش.

* * *

شێر دەچێتە بەهەشتێ

خەڵکی گوندی زۆربەیان لە دیوەخان دانیشت بوون، ئەبولەی مام سمایلیش سەرچۆپی قسانی گرتبوو، هێندە زۆر بڵێ بوو، ئامادەبووانی گێژ کردبوو.

مام مەلا هاتە گۆ و وتی: ئەبولە مەیکە مەیدانی خۆت، لێگەڕێ با خەڵکەکە قسان بکەن، کاکە دەیکەمە سڕە بۆقسە کردن، دەی لەتیف لەتۆوەدەست پێ بکەین:

لەتیف وتی:جارێکیان لەخزمەت مامۆستای گوندی بووم. مامۆستا مەلا فەرمووی:عەدۆ بۆوا کەمدووی دەجارێ هەگبەکەت والاّ کە بزانم چی تیایە.عەدۆش وتی: مامۆستا، وەللاّ چ هەگبەم نینە.

مامۆستا: کوڕم مەبەستم، قسان بکە بزانم چت لەبارە!

عەدۆ:مامۆستا پرسیار بکەم؟

مامۆستا: ئا، دەی فەرموو.

عەدۆ: مامۆستا شێر دەچێتەبەهەشت؟

مامۆستا: هەر ووس بە ووس، هەی یەغنیش.خەڵکەکە کردیانە پێکەنین.

* * *

مامە پیرە بەپارە قسەی دەکرد

دەگێڕنەوە دەڵێن: چەند هاوڕێییەك بڕیاریان دا پێکەوە بۆ ڕاوشکار بچن، هەر بۆ ئەم مەبەستە وڵسات و کەلوپەلی پێویستیان بۆ ئەو گەشتە تایبەتییە ئامادەکرد.

دەگەڵ گەزەنگی بەیان خوافیزییان لەماڵەوە کرد و بۆی دەرچوون، بەرەو چیا و کێوەکان هەڵزنان، هەر جارەی لە شوێنێ ...ەی خۆیان دادەنا و دەیانکردە هەوارگە، تا وای لێهات ئەو ئازووقەی کە بۆ گەشتەکەیان تەرخان کردبوو بە پایان هات، بۆیە بارگەیان تێکنا و لە گوندێك بوونە مێوان، چەندین شەو لەو ماڵە مانەوە، یەك لە هاوڕێیەکان سەیری کرد کەیخودا و قسەرۆیوی خانەوادەکە[132] وورتەی لەدەم نایەت، تەنها بە هێما کردن پاکارەکەی[133] بەردەست و خزمەتی دەکرد لێ ی تێدەگەیشت.

---

[132] – کەیخودا: ردێن سپی

[133] - پاکارە: بەردەستی کوێخاکە

شەو ڕاکشا، دۆدمانەکە[١٣٤] خاڵی بوو لە خەڵك و میوانەکانیش لێ ی خەوتن، ئەو هاوڕێییەی کە سەرنجی مامەپیرەی دابوو پێ ی سەرسام ببوو، لێ ی چووە پێش بە مامە پیرەی ووت: هۆ کاك، لەوەتەی ئێمە میوانی جەنابتانین تەماشا دەکەم زۆر نەوێژ[١٣٥] و کەمدوون، حەز دەکەم بزانم هۆی چییە؟

مامە پیرە هاتە دووان و وتی: ڕۆڵە من قسە بە لیرە[١٣٦] دەکەم، گەر لیرەت هەیە ئەوا قسانت بۆ دەکەم، گەرنا بڕۆ لێی بنوو.

میوانەکە وتی: قوربان قسەتان بە چەندە؟

مامەپیرە: هەر قسەییەکم بەیەك لیرەییە.

کابرای میوان دەستی بۆ گیرفانی برد و لیرەییەکی لەپێش مامە پیرە دانا، مامەپیرەش دەستی بۆبرد و خستییە نێو گیرفانییەوە. وتی: گەر دونیا هەور بوو، تۆش لە شوێنێك بووی بەمیوانی، نەکەی بڕۆی. گەر وەدەریان نای هەر نەڕۆی و لێ ی دانیشە تا کەش و هەوایەکە خۆش دەکا ئەوجا رابەزە[١٣٧].

مامە پیرە ئەمەی ووت و کڕوکپی لێکرد.

---

[١٣٤]- دۆدمان: دیوەخان

[١٣٥]- نەوێژ: قسەنەکردن

[١٣٦]- لیرە: پارە و دراوی ئەوسا

[١٣٧]- رابەزە: هەستە بڕۆ

میوانەکە وتی: مامە، تەواو قسەت نەما؟
مامەپیرە: گەر لیرەییەکی دی دەبەخشی، ئەوا قسەییەکیترت بۆ دەکەم.
میوانەکە دەستی بۆ گیرفانی برد و لیرەییەکی دی دەرهێنا و دایە دەست مامە پیرە.
مامەپیرە لیرەکەی وەرگرت و خستییە نێو گیرفانییەوە جا وتی:
رۆڵە تا لێت نەپرسن، سەربەخۆ وەڵام مەدەرەوە.
ئەمەی ووت و لەدوان کەوت.. کابرای میوان قەیرێ[١٣٨] داما و تێراما و بیری کردەوە خۆ ئەو دوو قسەییە پەندێکی گەورەن، بۆیەدەستی بۆ گیرفانی برد تەنها یەك لیرەی ماوەتەوە ئەویشی دەرهێنا و خسنتییە نێو لەپی کەیخوداکە.
مامەپیرە وتی: کوڕا من، تا لە شتان نەکۆڵیتەوە، هەڵمەچوو، تووڕە مەبە ترەختانی[١٣٩] بۆ مەکە و بڕیارمەدە.
میوانەکە وتی: مام کوێخا، پارەم پێ نەماوە، نەوەك قسەی ترم لێت دەکڕی.

[١٣٨] - قەیرێ: بڕێ
[١٣٩] - ترەختان: پەلە و خێرا

مامەپیرە وتی: منیش بەبێ پارە قسان بۆ کەس ناکەم، ئەوانەی بەتۆم فرۆتن گەر درووغی[١٤٠] بۆ نەکەی و گەمژە و چەتوون نەبی، پێویستە ئەو پەندانە لەبەر داتاشی و بە ئاوی زێڕ بیانووسیتەوە.

میوانەکەهێدی هێدی ئۆخژنی[١٤١] دەهاتێ و دڵی گەرم دادەهات و کەیفساز دەبوو هەرچەندە ئەو پارەی هەبوون نەما، لێ نیگەرانی پێوە دیار نەبوو، جا بەرەو جێ و پێنگانی خۆی چوو، هەر بیری لەم سێ پەندە دەکردەوە.

سپێدە کە لە خەو ڕابوون، ئاسمانی گوند بە هەورێکی ڕەش داپۆشرابوو، هاوڕێیەکان وتیان: ماڵەکە لێمان وەرەس بووینە، تا نەبووەتە تەمتوومان و بەفرباران، با بڕۆی دەرچین. ئەوەی کە شەو قسەکانی لە مامەی پیرە کڕیبوون، وتی: خزمینە، من ناڕۆم، هەر ئەمشەو ئەو قسەییەم بە یەك لیرە کڕیوە گەر هەورێکی ڕەش ئاسمانی داگرتبوو نەکەی بڕۆی، تکا دەکەم ئێرە با جێنەهێڵین.

هاوڕێیەکان وتیان: ئێمەدەڕۆین، تۆش ئازادی.

هاوڕێیەکەیان وتی: من ناڕۆم و لێرە دەمێنێمەوە.

بۆیە هاوڕێیەکان خواحافیز بوونیان لەماڵەکەو هاوڕێیەکەی خۆیان کرد و بۆی دەرچوون... هەر ئەو ڕۆژەی بووە بەفرانبارانێك کۆچە

---

[١٤٠] - درووغی: درۆ، باقرۆ

[١٤١] ئۆخژن: هەست بەخۆشی

کۆڵانەکان بە بەفرداپۆشی و ڕێ و بانەکان بە بەژنی مرۆ بەفر نست، کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد بۆ ساتێکیش سەری لە ئۆتاق[١٤٢] دەربێنێ.

کاوڕای میوان هەر چەندە خۆی بە مۆش[١٤٣] و هەژگ دەهاتە بەرچاوان، لێ ناچار بوو ئەو زستانەی لەو ماڵە بەسەر برد.

پاش بەکۆتا هاتنی زستان و توانەوەی بەفر لە کێو و وەرزاخەکان[١٤٤] دا،ئەوجا کابرا خواحافیزی لە خانەخێیەکەی کرد و زۆر سوپاس و منەتباریان بوو، داوای لێبووردنی لێ کردن بەوەی ئەو ماوە دوور و درێژەی لەلای ئەوان مابییەوە.

پاش دێروژوانێکی زۆر بۆ حەوانەوە و ئیسراحەت کردن لە شوێنێکی زەمەند[١٤٥] و ڕێژاوێکی[١٤٦] زەنوێر[١٤٧] بۆی دانیشت و هەر بیر و ڕێژگاوی لای خانەوادە و هاوڕێییەکانی بوو. پاشان بۆی دەرچوو، لە ڕێگادا وەکو ڕمووزن[١٤٨] چەند لاشەییەکی بە بەرچاو

---

[١٤٢] - ئۆتاق: ژوور

[١٤٣] - مۆش: بێقیمەت

[١٤٤] - وەرزاخ: ڕێگای سەخت

[١٤٥] - زەمەند: گیای پڕ

[١٤٦] - ڕێژاو: جۆگەی ئاو

[١٤٧] - زەنوێر: سازگار

[١٤٨] - ڕمووزن: جنۆکە

کەوت لێیان چووە پێشەوە کە سەیری کردن، ئەوا هاوڕێ و خزمەکانی خۆییەتی کە لە گەشتەکەدا لەگەڵی دابوون، وڵساتەکانیشیان لەبەر سەرما و سۆڵ و بەفر ڕەق بوونەتەوە و هەڵەمووت و هەڵدێراوون، ئەو دیمەنە ئۆغرمێك[149] بوو جەستەی مرۆی دەهێناییە لەرزین.

وای لەو پیاوە کرد تا دەمانێکی زۆر گریا و چەمپەری[150] بۆ کردن و شیوەنێکی دابەست، خەنیمەکانیشی[151] گەر گوێیان لێبواییە دەهاتنە گریان و فرمێسکیان بۆ دەڕشت.

پاشان زۆر شوکرانەی خودای گەورەی کرد و کەلوپەلی هاوڕێییەکانی هەڵگرتنەوە و خستییە سەرباری ولاغەکەی باخێوی[152] لیێ کرد.

ڕێ ی کەوتە شارێك، هەر لەوێ هەندێ کەلوپەلی فرۆتن بەرەو خانی شار ڕۆیی، ولاخەکەیان بۆ داکرد و خۆیشی ژوورێکیان بۆ تەرخان کرد و چەند شەوێك لەو خانە مایەوە، شەوێك لە شەوان لە ئۆتاقی تەنیشت ژووری خۆی گوێ ی لە تەپەتەپی پێیان و

---

[149] - ئۆغرم: کارەسات

[150] - چەمپەرە: شینی ژنان

[151] - خەنیم: دوژمن

[152] - باخێو: لێ ی خوڕی

هاتووچۆی قەرەباڵغی دەبوو پێدەچوو دەنگی پیٚ ی زەلامی نێرە حەیتە و لەندە هوورِ بن.

لەبەر خۆییەوە وتی: من چ حەقم هەیە، پەیوەندی بە منەوە نییە، بۆ لێیان بێمە وەرام.

شەوسو، یاساوڵ و ئاژدان و قەرەولەکانی پاشای شار گەمارۆی خانەکەیاندا، خەڵکەکەی ئەوێندەرێیان هەر هەمووی کۆکردنەوە و وتیان: خەزینەی پاشا دزراوە، دەبیٚ بزانین کیٚ دزیوییەتی، خەڵکەکە هەر هەمووی حاشا و مادوللاّ[١٥٣] یان لیٚ کرد.

کاورِایەکە دەیزانی لە تەنیشت ژووری ئەو خەڵك بە شەوێکی درەنگ هاتووچۆیان بۆ دەکرد، لیٚ لەبەر ئەوەی مامە پیرە پیٚ ی وتووبوو: تا لێت نەپرسن نەیتە وەڵام، خۆ ئەو قسەییەی بە لیرەییەك کرِی بوو، بۆیە لە دڵی خۆیدا وتی: تا لێم نەپرسن، نایەمە وەڵام.

گەورەی جەندرمەکان لە دوورِا چاوی بەو کاورِایە کەوت و تیٚ ی خورِی و بانگی لای خۆی کرد و پیٚ ی ووت: کورِە، کابرا تۆ هیچت نەبینیوە، هیچت نەبیستووە ئەو چەند رِۆژ و شەوەی لێرەی؟

---

[١٥٣] - حاشا و مادوللاّ: ئینکارکردن

کابرا قەیرێ ڕاوەستا ئەوجا وتی: قوربان، هێندە دەزانم درەنگانێ شەو لە تەنیشت ژوورەکەی من تەپەتەپ و هاتووچۆییەکی قەوغا[154] هەبوو لێ نزانم چی یە و چی بووە و چی کراووە!

گەورەی جەندرمە فەرمانی دا هەر زوو ژوورەکە بشکنن چوونە ژوورەکە و کە سەیریان کرد تۆنێلێکی قووڵ و دوور و درێژ لە نێو ژوورەکەدا هەیە، کە خۆیان خزاندە نێو تۆنێلەکە تەژی بوو لە تەلیسی پڕ لە پارە و پوول و خشڵ و زێڕ دەریان هێنا و خەڵکەکەیان دەستبەسەر کردن.

فەرماندەکە زۆر سوپاسی کابرای کرد و داوای لیکرد دەگەڵ خۆی بیباتە خزمەت جەنابی پاشا، مەسەلەکەیان بۆ جەنابی خاوەنشکۆ گێڕاییەوە بەوەی ئەو کوڕە جوانخاسە و جوامێرە بووە هۆی ئاشکرا کردنی ئەو ناماقوڵییە و دزییە.

پاشا وتی: کوڕم، خەڵکی کوێ ی، کەی هاتییە ئەو وڵاتە و کەی لە خانەکەودا بووی، بۆچی هاتی، چۆن... چۆن ئەوە چەندین پرسیار بوو پاشا لە کابرای دەکردن، ئەویش زۆر بە حورمەت و ئەدەب و ملکەچی یەوە وەڵامی جەنابی پاشای دەدایەوە،

---

[154] - قەوغا: ئر

دەیزانی ئەو پرسیار و بەرسڤانە[١٥٥] دەبنە هۆی ژیانێکی ئاسوودە و شایستە و کامڕەوای[١٥٦] یەغباڵی[١٥٧].

پاشا بە ئەوانی دەرباری ووت: دەمەوێ چاکەی ئەو جوامێرە بدەمەوە، بڕۆن هەر ئێستا لە کاخ دا ژوورێکی بۆ تەرخان کەن و گەرماوی بۆسازدەن و بژوێنی بکەن و دەستە پۆشاکێکی شایستەی دەبەرکەن، چونکە ئەو تۆلازە تا ماوەییەك دەبێتە میوانی من.

ئا بەم جۆرە، کابرا دەگاتە ئاوات و ڕۆژانە بە خزمەت جەنابی پاشا دەگات و لە دەربار قسەی خۆش بۆ یەکتری دەکەن. تا دەهات کابرا دڵخۆش و کەیفساز دەبوو، بەوەی یەغباڵی ئیقباڵە و لەپڕێك بووەتە کوڕێك.

چەند ساڵێك ئا ئەوها لە دەربار و خزمەت پاشا و ژیانێکی شایستە بەسەر دەبات، ڕۆژێکیان دڵی بۆ کۆزو زارۆك و خانەوادە و خزم و کەس وکاری لێدەدا، نیگەران دەبێ و ووردە ووردە هەتەران دەکا،خەمباری و دڵتەنگی بە ڕوخسارییەوە دیار

---

[١٥٥] – بەرسڤ: وەڵام، وەرام

[١٥٦] - کامڕەوا: بەئاوات گەیشتوو

[١٥٧] - یەغبال: بەخت

بوو بۆیه پاشا لیٚ ی پرسی: خزم، دەبینم پەریشان دیاری، چی بووه؟

ئەویش وتی: قوربان جەنابی خاوەنشکۆ، تا دەمرم منەتباری جەنابتانم، ئەو ڕێز و شکۆمەندییەی لەمنت ناوه، لەمنێکی هەژار و خاکسار و خانەکۆل هەرگیز بەدەم وەسف ناکریٚ، تا ڕۆژی قالوبەلا[158] ، ڕێز و حورمەتم بۆ مەقامی بەڕێزتانه.

مەقامی عالی جەنابتان ئاگادارن، ئەوا چەندین ساڵه لەماڵ و خانەوادەکەم پچڕاوم و دوورکەوتوومەتەوه، گەر ڕێم پێبدەن بگەڕێمەوه ماڵباتی خۆم فەزڵێکی گەورەییه و لە گەورەیی و مەزنی جەنابتان خۆشحاڵم و ئێوه وەکو باوك و برای منن و بوونەته فریادڕەسی من.

پاشا وتی: من خۆشگوزەرانی تۆم مەبەسته، گەر هێنده بە تەوح و پەریشانی ئەوا فەرمانمان دا زۆر بە شکۆمەندییەوه خەڵات بکریٚ ی.

کابرا خەڵات کرا، بە چەندین قەرەول و جەندرمەوه بەڕیٚ کرا.

کوڕه درەنگانیٚ شەو گەیشتەوه زێد و گوندی خۆی.

---

[158] - قالوبەلا: قیامەت

لەدڵی خۆیدا وتی: بەو شەوە درەنگە، بۆماڵەوە هەراسان بکەم، نا واباشترە بەسەر وارشی[159] ماڵەوە هەڵگەڕێم، کە ئاوا بوو بەرەو ژووری خۆی بەڕێکەوت، لە پەنجەرەی ژوورەکە و لەبەر ڕۆشنایی لالە[160] دا دیتی کوڕێکی جحێل و هەرزەکار لەگەڵ خێزانەکەی دەستلەملانێیە، زۆر تووڕەبوو دەیویست خەنجەرەکەی دەربێنێ و هەردووکیان بکوژێ، لێ قسەی مامەپیرەی وەبیر هاتەوە، لە دڵی خۆیدا وتی: نەکەی ئەو کارە ئەنجام بدەی.

بۆیە دووبارە خۆی لە شوورەی ماڵێ ئاودیو کردەوە و لە دەرگای ماڵەوەی دا ، کە سەیریان کرد ئەوە کوڕەکەی خۆیتیان بووەخۆشییەك هەرمەپرسە، لەگەڵ قیژە قیژ و هەلهەلەی ژنان خەڵکی گوندی وەخەبەر هاتن و بەرەو ماڵەکە کەوتنە ڕێ، بزانن مەسەلە چی یە.

کە بینیان کوڕەی ماڵ هاتووتەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکرا و بووە گۆڤەند و شاییەك هێندە کەیفساز بوون، بەوەی کوڕەی مردوو زیندوو بووەتەوە چونکە ئەو گوندە ئەوێ ساڵێ بە سۆراخی ئەو کوڕانەدا چووبوون کە کاتی خۆی بۆ گەشتەکە ڕۆیشتوو بوون، لاشەی هاوڕێیەکانیان هێنا بوونەوە، تەنها لاشەی

---

[159] - وارش: شوورە

[160] - لالە: چرا، لامپا

ئەو نەبێت، چونکە هەروا دەزاندرا کە هەڵدێرابێت ، یان گورگ لاشەکەی خواردبێ، ئەو دەمانێش پرسە و ماتەمینیان بۆ هەمووان گێڕابوو، هەر بۆیەش بە دیتنی کابرا خەڵکەکە دڵخۆش و گەش ببوون.

کابرا لە کەیبانۆی[161] پرسی: ئافرەت ئەو هەرزەکارە کێ یە وا لە ماڵەوە ئەو سەر و ئەو سەر دەکا؟

خێزانەکەی وتی: ئای لەوە، ئەوە کوڕا خۆتە، بزانە چۆن گەورە بووە و بووەتە لاو.

شەوسو، خەڵکەکە بەتێکڕا ڕوویان لە کوانوو[162] کرد، بۆ گوێگرتن لە سەربووردەی ئەو کابرایە.

لەدیوەخان، کوڕە سەربووردەی خۆی لە ئەوەلین جارە تا گەڕانەوەی بۆ نێو گوندە بۆ خەڵکەکە گێڕاییەوە.

پاشان وتی: تا لە ژیان ماوم و تا دەمرم، من دەبێ منەتباری ئەو مامەپیرەبم، کە ئەو قسانەی پێ فرۆتم، یارۆ[163] گەر ئەو نەبوایە هەنووکە منیش لەژێر گڵ دا دەبووم.

مام کوێخاوتی:

---

[161] – کەیبانۆ: هاوسەری پیاو

[162] - کوانوو: دیوەخان

[163] - یارۆ: گەلۆ، خزمینە

خزمینـه، ئـەوە قـەدەری خودایـە، بـا هـەمووان شـوکرانەی بـۆ بکەین تکا و نزاکەی ئێمەی قبوڵ کرد و کوڕەکـەمان بەسـەلامەتی گەڕاییەوە.

* * *

خەڵاتی گۆڕستان

دەگێڕنەوە دەڵێن: ئەنگورەی[١٦٤] شەوێکی زسـتان و باوبـاران و سەرما و سۆلەکی ئەوتۆ بوو، ئەوەی بوێر و جوامێر نـەبوا، زاتـی ئـەوەی نـەدەکرد بـەرەو دودمـان[١٦٥] بکەوێتـە ڕێ. ئـەیٚ شـەویٚ دەیجوور و تاریکستانێك بوو سـۆمای چاوانیش توانـای نـەبوو لـە کۆچە و کۆڵانان خەڵك لێك جیا بکاتەوە.

مام قەرەنی کـەیخودای[١٦٦] گونـدی بـوو، سـیگارەی دەرهێنـابوو، هێدی هێدی تووتنانی دەخستە نێوی، بەترووکەی چاوان سـەیری مـام سـەعیدی دەکـرد وا بـەنهێنی مێـوژان دەخاتـە دەمییـەوە، وەنەبوو هەنـدیٚ مێـوژان بدابـە مـام قـەرەنی، مـام قـەرەنی ڕووی لـەمام سـەعید کـرد و وتـی: کـاکی خـۆم بـڕیٚ مێـوژم بـەریٚ جا

---

[١٦٤] - ئەنگورە: سەرەتای تاریکی شەو

[١٦٥] - دودمان: دیوەخان

[١٦٦] - کەیخودا: گەورە و پیاوماقوڵ

مێوژەکە بەئاشکرا بخۆ، لەوەی باشترە بە دزە دزە دەیخەیتە دەمتەوە.

مام سەعید دەستی خستە بەری شەلوارییەوە و مستێ مێوژی دەرهێناو لە پێش مام قەرەنی دانا وتی: دەزانم ناهێڵی بە سانایی لە قورگم بچێتە خوارێ!

مام قەرەنی وتی: دەڵێن مێوژ بۆ پیاوی زۆر هانان[167] باشە و ووزە بەخشە بۆ جەستەی مرۆ.

لەو قسە و گۆڵمەزە[168] دابوون، عەلۆ قسە گەرم هات و سلاوی کرد و دانیشت، هێندەی‌نەبرد کەدە کاڵەك دز و سمەشەل و کەریم چاورەش وەژوور کەوتن، ووردە ووردە تا دەهات دیوەخان قاوغا[169] و تەژی دەبوو لە خەڵك.

مام قەرەنی وتی: ئەرێ، بۆ دەروێش کەزی شۆڕ دیار نییە، بڕۆن بیهێنن با نەختێ سەربووردەی خۆی بۆمان بگێڕێتەوە.

وتیان:سەرمایە و بارانە.

– لەوانەیە نها بەخۆی بەدیار بکەوێ

– ئا، لەماڵ ناحەجمێ.

---

[167] - زۆرهان: پیری پەککەوتە

[168] - گۆڵمەز: هەرا

[169] - قاوغا: قەڵەباڵغ

دەیناسین، ئێستا بەترەختان[١٧٠] دێ.

لەو مقۆ مقۆیەدابوون، دەروێشی کەزی شۆڕ وەژوور کەوت و گورگە بۆریش خۆی خزاندە دیوەخان، گورگە بۆر نێوی عوبێد بوو لەبەر ئازایی و بوێری ناویان نابوو گورگە بۆر.

مام سەعید وتی: یاللاّ، کوڕینە، کێ مەردی مەردانە، کێ بەدەست و ددانە، کێ ئازا و قارەمانە، کێ زەردی زەردانە[١٧١] ئەو دەسرۆکە بباتە گۆڕستان و لەسەر گلکۆی مام حەمەد بچەقێنێ، دوو دیناری پێدەدەم.

کەس متەقی لێوە نەهات، لێ یەکێ وتی: گەر باران نەبووایە من دەچووم.

یەکێ تر وتی: ئەدی ئەو سەرمایە، تاریکستانە.

مام سەعید وتی: ئاخر منیش دەزانم باران و سەرمایە، شەوێکی دەیجوورە بۆیە وا دەڵێم، جا بۆ خۆی بچێتە شار و کەباب و فیسۆن بخوا، کەوشێك بکڕێ، لەشار بگەڕێ ئەوجا با بێتەوە.

یەکێ وتی: وەڵلاّ، دەوێرم و ناترسێم، لێ پێم شەرمە.

کەزی شۆڕ: مرخی لە دوو دینارەکە خۆشکرد بوو، وتی: من دەچم.

---

[١٧٠] - ترەختان: بەپەلە

[١٧١] - زەردی زەردان: دووپشك

وتیان: دانیشە، ئەوە لەشان و باهوی تۆ ناوەشێتەوە.

گورگەبۆر وتی: من ئامادەم.

مام سەعید وتی: نا، نا، تۆ مەڕۆ.کەزی شۆڕ وتی: دیارە ژێوان بوونەتەوە، گەر نا مەرج چی یە من دەچم و هەر زووش دەگەڕێمەوە.

وتیان: ئەگەر گیرۆدەی کێشەییەك بوویت، ئێمە ئەوسا چی بکەین؟

وتی: خوێنی خۆم لەسەر خۆم، ئەوە خەنجەر کێ حەددی ئەوەی هەیە خۆی لە بالاّم بسوێ.

کەزی شۆڕ دەسرۆکەکەی برد و بۆی دەرچوو.

مام قەرەنی پیاوێکی ژیر و خەواس[172] و مەگیزە بەرز بوو وتی: کوڕینە! دەترسێم تووشی جەخارێ[173] بین چونکە ئەو پیاگە هێندە بەدەستوبرد و جوامێر نییە زۆر لاژگە، گەر پەسندی بکەن با بەدزە دزە بۆی دەرچین بزانین چی دەکات.

ئامادەبووانی دیوەخان قسەکەی مام قەرەنیان بەباش زانی بۆیە پێکرا و خۆ حەشاردان بەدوای کەزی شۆڕ کەوتن.

---

[172] - خەواس: شارەزا

[173] - جەخار: کارەسات

کەزی شۆڕیش لەدڵی خۆیدا دەیووت: دەروێش چیت گەرەکە، ئەوا دوو دینار و بڕۆ لێدە لە کەباب و سیفۆن و وەرەوە لە دیوەخان لێ ی پاڵدەوە و حسێب بۆ کەس مەکە.

دەروێش گەیشتە گۆڕستان و بەدەنگی بەرز هەر دەیووت: ئەللاّ، ئەللاّ بۆئەوەی ترس لەخۆی دەرکا، چووە سەر گۆڕی مام حەمەد پشتا و پشت بۆی دانیشت و خەنجەری دەرهێنا و دەسرۆکی دانا و تاهێزی هەبوو خەنجەری لە شەلواری خۆی گیر کرد و لە گڵکۆکەی[١٧٤] چەقاند دەیویست هەڵسێتەوە هەرچەندی کرد بۆی نەکرا، خەڵکەکەش هەر کەسێ خۆی لە پەسیووی[١٧٥] کێڵێك مەڵاس دابوو ، مام قەرەنی زانی گەر کار وابڕوات ئەوە دەروێش ڕۆحی دەردەچێ بۆیە بەپەلە و خێرا خۆی گەیاندە لای [illegible]ێش، مام قەرەنی سەیری دەروێشی کرد وا چۆکی دەلەرزێ و دەگریێ، خەنجەرەکەی لە گڵکۆکەدادەرهێنا و پێ ی ووت: هەی گەمژە لەبری خەنجەرەکەت لە دەسرۆکەکە بچەقێنی لە شەلواری خۆت چەقاندووە.

خەڵکەکە کردیانە پێکەنین و دەروێشیان بە چواردەستە هێناوە و یەك هەفتە کەوتە جێ و نەخۆش کەوت.

---

[١٧٤] - گلکۆ: قەبر

[١٧٥] - پەسیوو: پەنا

مام قەرەنی و مام سەعید هەر یەکێ دیناریکیان پێ دا و بە زۆری ڕەوانەی شاریان کرد و وتیان:

تۆ کارەکەت ئەنجام دا، ئێمەش لە بەڵێنی خۆمان پەشیمان نابینەوە.

* * *

کورتەك و شەلوار

مەجیدی مام سالح پیاوێکی قسەخۆش و نوکتەباز و بەسەلیقە بوو، لە نێو خزماندا مەحبوب بوو خەڵکەکە خۆشیان دەویست.

بۆ خۆی گێڕاییەوە وتی: ڕۆژێکیان هاتمە شاری و سەردانی ماڵی عەریف محەمەدی پوورزام کرد، هەر لە ماڵە وان فراوینم خوارد، باس و خواس هاتە سەر ئەوەی مرۆ هەمیشە بەجل و بەرگەوە جوانە و کەسایەتی تایبەتی هەیە، عەریف محەمەد بێ سێ و دوو وتی: ستی کورتەك و شەلوارێ بەڕادان دەدەم.

ستی خێزانی گوتی: وەڵلاّ، ئەوە دەبەرت نەکرد.

بووە مشتومڕو سۆدەرێك[١٧٦] نەبێتەوە، ئەو دەیووت: دەیکرم.

ئەویش دەیگووت: نایکرێ.

مام مەجید وتی: کاکە بە چ حاڵێ تا توانیم ئاشتیان بکەمەوە.

---

[١٧٦] - سۆدەر: گۆبەند، فیتنە

عەریف محەمەد لەسەرخۆ و بەهێمنی وتی: ساڵێکی دی دەیکڕم.

ستی خێزانی وتی: باشە، باش خوا کەریمە لەبۆ ساڵێکی دی.

مام مەجید وتی: کاکە، هێندە پێکەنیم کەوتمە سەر گازەرەی پشت، بە محەمەدم ووت: پوورزا مادام هێندە خدرۆك[177] و قەرەواشی[178] بۆ قسان دەکەی؟ هەر ووس بە ووس(یادیان بەخێر هەرسێکیان لە ژیان نەماون)

* * *

تەڕ مێردیان کرد!!

مام کەریم بەتەمەن هەندێ گەورە بوو، نەوێژو نیزدین بوو، سێ کچی جوانکیلە و نیانی هەبوون، لێ زوبانیان تەترەی دەکرد، پیتی(ك)یان لێدەبووە(ت) بە کاکەیان دەگووت: تاتە، ڕۆژێك مام کەریم بە کچەکانی خۆی وت:

ئەوە پیاوێك بۆ خوازبێنی دێت، دەمتان بگرن قسان نەکەن.

داخوازیکەر هات و کچەکانی بینی سەیری جوانی و قەد و بالآیانی کرد و ڕەزامەندی خۆی پیشان دا، لەناکاو مشکێك وەدەرکەوت.

کچە بچووکەکە گوتی:

ئەها مشت!

---

[177] - خدرۆك: لەژن ترسان

[178] - قەراوش: خزمەتکاری ژن

ناوەندییەکەش گوتی:

چووە تونیێ!

ئەوەی گەورەش گوتی: وەللاّ مێردی خۆم ترت، چ دەنتم نەترد!

* * *

کفر ئەحمەد

دەڵێن پیاگەك[179] هەبوو نێوی کفر ئەحمەد بوو، هێندە ناشوکور و ناڕەحەت بوو، بۆیێ بە کفر ئەحمەد ناوبانگی لە دەوروبەرەکە پەیاکردبوو.

ئەو ئەحمەدە ڕۆژێك بەرەو کێوێك هەڵدەزنێ، هێندە ماندوو دەبێ ئارەقە لەهەموو لەشی دەچۆڕاییەوە، دەستی بۆئاسمان بەرز کردەوە ، لە خوا پاڕاییەوە وتی:

خوایە، قاترێ، پیرەکەرێ، ئەسپێ، بەڵکو سواری بم و ئەو ماندوو بوونەم دەحەسێتەوە خۆ کوفر نابێ.

هەر کە لەکێوەکە وەسەرکەوت بینی ئەوا کاوڕایێك بەرانبەر جوانییەك دانیشتووە، تومەز ئەسپەکە زابوو ئەو جوانییەی ببوو، نەختێ لەگەڵ کاوڕایەکە ڕینیشت و پاشان کاوڕا بە

[179] - پیاگ: پیاو

ئەحمەدی‌ووت: هۆ کاك گەر بەزەحمەتی نەزانی ئەو جوانییە ێز بگرە تا لەو کێوە لێژ دەبینەوە.

کفرئەحمەد وتی: خوایە من داوای وڵساتێکم[۱۸۰] کرد کە سواری بم، نەك وڵساتەکە سواری من بێ.

دەڵێن: ئەو کفر ئەحمەدە هەر نزا و دوعایێکی بکردباییە، ئەوە نزا و دوعاییەکەی ئاوەژۆ دەبۆوە، نەدەوێرا دوعای باش بکات نەوەك بەخراپ دەربچێ.

* * *

کەواکەی پوورە هەمین

لەژێر سێبەری مزگەوتەکەی لای خۆمان، خەڵکەکە سیخناخە بوون بەهارێك بوو دەشت و دەر و دۆڵ و شێو و کێو ئەوها بەگژوگیا ڕازابۆوە، ببووە دیمەنێکی دڵڕفێن و یانی سەوزاییەك بوو هەر ماشەڵڵای دەویست، ئەو دیمەنە تابلۆ ئاساییە خۆی لە خۆی دا مژدەبەخشی ساڵێکی پڕ بەپیت و بەرەکەت بوو، خەڵکەکەی هێندە بەختیار و دڵخۆش بوون، هەمووانی هێنابۆوە جۆش و خرۆش، گەر بڵێم پیر و جحێڵی ئەو گوندە هەر هەموویان پۆشاکی بژوێن[۱۸۱] و جوانیان پۆشیبوو، ئەو جل و بەرگانەی تەنها

---

[۱۸۰] - ولسات: قاتر، ئەسپ، ئاژەڵ

[۱۸۱] - بژوین: خاوێن

لەسالاًندا بۆ ڕۆژانی جەژن، ڕۆژانی سەفەر، ڕۆژانی زەماوەند هەڵدەگیران و لەبەرخۆ دەکران، باقرۆ نییە.

لە دووڕا یەکێك بەدی کرا، یاپیش یاپیش بەرەو ڕووی خەڵکەکە ڕێ ی دەکرد، پاش سلاًو و چاکوچۆنی، بەسەرهاتێکی سەیری گێڕاییەوە وتی: هەر ئێستا لەو دۆڵە گۆڤەندێك بوو، ئای کاکەبرا چۆندەهۆڵ دەکوترا، زووڕنا لێدەدرا، گۆرانی دەچڕا باوەڕ بکەن ناتوانم بەزار وەسفی بکەم.

خەڵکەکە بۆ گێڕانەوەی ئەو سەربووردەیە گوێیان قولاًغ کردبوو، ساڵح وتی: منیش لێیان چوومە پێش، کەسەیرم کرد ئەوانە خەڵقی لای خۆمان نین پێدەچوون غەوارەبن، سلاًوم لێیان کرد، ئافرەتێکی تۆلاز[١٨٢] و سەلار[١٨٣] و زیبا[١٨٤] و چاوگەشی ئەبرۆ کەوانی سپی وەك بەفر حەسیبەیێك بوو سپی سپی سیگارەی لەدەمی بوو مژی لێدەدا، لە گەردنی دووکەڵەکە دیاربوو، یانی جوانی ئەوها نەبووەو نەم بینیووە، چاوێکی لەمن کرد و بانگی کردم، وتی: کاکە خۆش هات.

---

[١٨٢] - تۆلاز: گەنج، لاو

[١٨٣] - سەلار: جوان

[١٨٤] - زیبا: بۆ کچی جوان

جگارەییەکی پێدام و چاییەکی بۆ هێنام، جار جاریش بەدەستانی هێمای بۆ بەشداربووان دەکرد: هەی دۆی[١٨٥] دەکردن بۆ چوونە نێو شایی و ڕازیکردنی کوڕ و کچەکان، کەواکەی ئەو ئافرەتە سەرنجی ڕاکێشام، هەمان ڕەنگ و زەراوی کەواکەی هەمینی خێزانم بوو، واهاتە ڕێژگاوم[١٨٦] دەبێ کەوای ئێمە نەبێ؟ هەر بۆیە کەوتمە هەتەران[١٨٧] و دڵواپەس بووم، هەر بە ئەنقەست جگەرەکەم بە ئەسپایی بۆ لای دامێنی کەواکە برد و سووتاندم و کونێکم تێکرد، من و ئەو ئافرەتە پێکەوە دەمانڕوانییە ئەو گۆڤەند و شاییە.جوانی ئەو ئافرەتە منی مەست و حەیران کردبوو.

مەجید وتی:

باشە، گەر وایە، بۆ کەس لە ئێمە گوێ ی لەو دەهۆڵ و زوڕنایییە نەبووە؟

مستەفا وتی:

قابیلە، کاک سالح درەو دەکا!

---

[١٨٥] - هەی دۆ: واتە کچینە وەرنە نێو شایی دەستی کوڕان بگرن و هەڵپەڕن

[١٨٦] - ڕێژگاو: خەیاڵ

[١٨٧] - هەتەران: هەزیان

ئەحە وتی: باشە، نەتپرسی ئێوە کێن و خەڵکی کوێن، لە کێوە هاتوون، چۆن ڕێتان بەو ناوە کەوتووە، ئارا[188] دوورکەوتوونەتەوە؟

ساڵح وتی: خۆئەو پرسیارانەی ئێوە دەیکەن، ئەمانەش هەر هەمان پرسیار بوون کە منی سەرسام کردبوو.

عومەر وتی: یاللاّ کوڕینە بابڕۆین بزانین ئەو سەروبەندە چەش.

عەلی وتی: کاکە هەتا پێڕادەگەین، لەوانەیە گۆڤەندەکە بەکۆتا هاتبێ.

مەلای مزگەوت وتی: زۆرسەیرە باوهەوایێکی بێگەرد، ئێمەش ئاگامان لەم بەزم نەزمە نەبێت.

ساڵح وتی: مامۆستا درۆناکەم سوێند بەسەری جەنابتان چۆنی بۆ هوون دەگێڕمەوە، ئەوهام بینیووە.

مامۆستا وتی: نا، نا، کاک ساڵح بەهەڵە نەچی، مەبەستی من جەفەنگ[189] نییە بەئێوە، لێ بۆ ئێمە گوێمان لەو هەرایە نەبووە.

عەبدوللاّ عەباس بەزەردەخەنەیێکەوە وتی: لەوانەیە پەرچووبێ.

مامۆستا وتی: سنج[190] و ئاکاری ساڵح هەڤۆل[191] نییە من باوەڕی پێدەکەم.

---

[188] – ئارا: بۆچی

[189] - جەفەنگ: قەشمەری

سالّح وتی: لەم وەرزاخانەدا[192] هێندە پەژموودە بوومە توانای قسەکردنم نەماوە.

عەلی وتی: ئەو هەرزەگۆیە[193] فرەرێژەی ناوێ.

مامۆستا وتی: باشە، سالّح بۆ کەوای ئەو ژنەی کە چایە و جگەرەی پێدای سووتاندنت.

سالّح وتی: من گومانم بۆ لەمە چێتر دەچێ!

مامۆستا وتی: یانی چۆن؟

سالّح وتی: مامۆستا هەر ئێستا لەگەلّ عەبدوللاّ عەباسی برای ئەحمەد رێبوار و عومەر و فەقێ خدر دەچینە مالّی ئێمە بزانم کەواکەی هەمینە خێزانم نەی داوە بە ئافرەتێ، بزانم ماوە یان جێ ی سووتانی جگەرەکەی پێوە دیارە.

پاش کەمێك هەر چوار کەسەکە هاتنەوە و کەوای نوێ ی پوورە هەمینیان دەگەلّ خۆ هێنابوو. لەپێش چاوی خەلّکی وتی: ئەو هاورێیانەم لەگەلّ بووە لەنێو سەنووقەکە دەرم هێناوە وا لەپێش

---

[190] - سنج: ئەخلاق

[191] - هەڤۆل: دەروون نزم

[192] - وەرزاخ: کێوی سەخت

[193] - هەرزەگۆ: زۆربلێ

چاوی هەر هەمووتان کەواکە والا دەکەم با هەموومان سەیری بکەین بزانین چۆنە.

کە کەواکە والا کرا، جیّ ی سووتانی جگەرەکەی پێوە دیار بوو.

سالح وتی: باوەڕ بکەن، منیش وەکو ئێوە ئەوا جاری یەکەمینە سەیری دەکەم و چونکە هەمین دەلیّ: کەواکەم نەداوەتە هیچ ئافرەتێك و هێشتاش دەبەر خۆم نەکردووە، بۆیە دەلێم: ئەوانە لە ئێمە چێتر[194] بوون.

چەند کەسانێك بۆ ڕاستی ڕووداوەکە چوونە هەمان شوێنی گۆڤەندەکە، بینیان ئاسەواری[195] زەماوەندەکە بە ڕوونی دیارە و بەلگە نەویستە.

کە گەڕانەوە بۆ خەلکەکەیان سەلماند کە بەلیّ ئەوەی سالح وتی، ڕاست و دوورە لە باقرۆ[196].

مامۆستا فەرمووی: پێتان سەیر نەبیّ، خۆ خوای گەورەش لە قورئانیّ دا باسی لە ئەجیندە کردووە،ئەوان مرۆڤی موسلمان و

---

[194] - لەئێمە چێتر: ئەجندۆکە

[195] - ئاسەوار: شوێنەوار

[196] - باقرۆ: درەو، درۆ

مرۆڤی فەرمەسۆنیان[١٩٧] هەس، لەوانەیە هەر ئەوان بۆ خۆیان گۆڤەندییان سازدابیٚ و لە دەشت و دۆڵە کەیفسازبن.

* * *

عەلی بەردەشانی شایەر

دیوەخان ئاپوورەی خەڵك بوو بوو، باوەڕ بکەن لەبەر دووکەڵی جگەرە و سیکار هەبوو ئاوی لە چاوان قەتیس دەبۆوە، ماشەڵڵا خەڵکەکە هێندە متوو و هۆگری جگەرە ببوون کەدەهاتی بۆ دیوەخان، هەر وات دەزانی کارگەی دروستکردنی کەرپووچە. هەر یەکە و باسی لە شتیٚ دەکرد، گەر بژنەو و ئاخێوەرەکە ئاخافتنەکانی بەجیٚ بووایە، ئەوا خەڵکەکە لە قسان دەکەوتن و گوێیان بۆ قولاغ دەکرد.

حاجی ئەحمەدە ڕەش وتی: خزمینە با سەربووردەییەکی خۆشتان بۆ بگێڕمەوە بەمەرجیٚ حەوێز زینوەیی و حەسەنی خالۆم گوێم بۆ شل کەن و قسەکەم پیٚ نەبڕن.

وتی: دەڵێن شایەرێك هەبوو، ئەمان چۆن شایەرێك، لەوانەیە هەندێکتان ناویتان بیستبیٚ، ئەویش عەلی بەردەشانی یە.

وتیان: ئیٚ، ڤێجا[١٩٨]!

---

[١٩٧] - فەرمەسۆن: کافر

[١٩٨] - ڤێجا: ئەوجا

وتی: ئەوجا دەڵێن عەلی بەردەشانی لە دوورا بەدیارکەوت بەرەو دیوەخانی میردەهات.

میر وتی:

بڕۆن ئەو کچە دۆمەم بۆ بانگ کەن.

هەر زوو کچە دۆم بە قسەی میری هاتە دیوەخان و وتی: فەرموو میران.

میر وتی:

کچەدۆم، ئەوا عەلی بەردەشانی دێ بۆ ئێرە، دەمەوێ تۆ پێش ئەوەی سلاو بکا، تۆ بەندێکی بەسەردا بڵێ و لە قسەکردنی ڕاگرە.

کچە دۆمەکە وتی:

میرم بەسەر چاوان، بزانە چی پێدەکەم.

عەلی بەردەشانی هات دەیویست سلاو بکا، کچەدۆمەکە وتی:

عەلی بەردەشانی

دوو کونم هەیە لە ڕانی

لە ئاوی دەخۆی

یان لە دانی

عەلی بەردەشانی وتی:

برۆ هەی جندە[199] ی نێکە

هەردوو کونت لێ دەکەمە یێکە

میران ئەتووش سەلام و عەلێك

* * *

کڕینی گوێدرێژ

کاك جەلال پۆڕیجە گێڕاییەوە وتی:لە گوندی پۆڕیجە خزمێکمان هەبوو بەنێوی حەمەدەمین، وتی: بەیانی دەڕۆمە شار کەرە بۆزەکەم دەفرۆشم.

کاك جەلال وتی: ئێمە و زۆربەی خەڵکی گوندی لە ژێر سێبەری دیوەخان دانیشتبووین، لە دوورا لەلای شاری پیاوێك بەسواری دەرکەوت، یەکێك لە خەڵکەکە زۆر چاوتیژ دەبێ دەڵێ: ئەوا مام حەمەدەمینە و بەخۆی و گوێدرێژەکەوە وا لەشاری دەگەڕێتەوە.

مام حەمەدەمین گەیشتە لامان و سلاوی کرد، ئەو چاوتیژە وتی: مام حەمەدەمین دەڵێ ی گوێدرێژەکەت نەفرۆت؟

مامحەمەدەمین: با، ئەوە کەرێکی ترە کڕیومن.

چاوتیژەکە وتی: نەخێر ئەوە هەر کەری خۆتە.

---

[199] - جندە: قەحبە

لەنێو خەڵکەکە بووە مشتومڕ ئەو دەی ووت: کەری تازەیە. ئەوی تر دەیووت:

نەخێر هی خۆیەتی، ئێمەش وامان مەزەندە دەکرد کە کەرەکە نوێ بێت چونکە ئەوها قەشاویشیان کردبوو، دۆڤك[٢٠٠] و سەرملیان تاشی بوو، ئالیکێکی ئەوتۆیان پێدابوو هەرگیز نەتدەناسییەوە.

چاوتیژەکە وتی:

کاکە ئەو مقۆ مقۆ و مشتومڕەی ناوێ، کەرەکە بەڕەڵاّ کەن ئەگەر بەرەو ماڵی مام حەمەدەمین ڕێی کرد ئەوە کەری جارانە.

وتیان: وەڵلاّ، ڕاست دەکا، بۆیە کەرەکەیان بەڕەڵاّ کرد، کەرەکە بەرەو ماڵی مام حەمەدەمین ڕۆیشت.

خەڵکەکە ئافەرینیان لەکابرای چاوتیژ کرد و بووە پێکەنین، مام حەمەدەمینیش هەر دەیووت:

تەڕ کەرم نەکڕی.

★ ★ ★

---

[٢٠٠] - دۆڤك: کلك

کوشتنی گورگ

باس و واسی خەڵکی ئاوایی هەر لەسەر گوزەران و پەیدابوونی گورگ و چەقەڵ و ئەو جۆرە ئاژەڵانە بوون کە زیان بەمەڕ و ماڵات دەگەیەنێت.

یەکێك دەیووت: ئەوێ ڕۆژێ گورگ لە گوندەکانی دەورووبەر چەندین مەڕ و بزنی مردار کردبۆوە.

یەکێکی تر دەیووت: هەر دوێنێ بوو لە دووڕا گورگێکم دی فیشەکێکم تێگرت.

خەڵکەکە لەو باس و خواسەدابوون، ئیسۆبەپەشۆکاوی و هەناسە سواری خۆی لەدیوەخان نا و بە تەتلەی زوبانەوە وتی: وەرن گورگ مەڕەکانی هەموو خوارد.

خەڵکەکە بە پەلە و خێرا بۆی دەرچوون، کە سەیریان کرد سێ چوار مەڕ زامدار بووە، سەرژمێرییان بۆ کردن هەر ئەوەندە بوون.

ئەحمەدەڕەش ڕووی لەخەڵکەکە کرد و وتی: من مەزەندە دەکەم ئەو گورگە جارێکی دی بگەڕێتەوە نێو مێگەلەکە.

حەسەن وتی: شتی وا نییە، وا خۆت لێمان کردووە بە عەلی شوونهەڵگر.

وتیان: باشە، چۆن دەزانی گورگەکە دەگەڕێتەوە.

وتی: گورگ نەریتێکی هەیە ئەگەر مەڕو ماڵاتی زامدار کرد مانای ئەوەیە جارێکی تر بۆی دێتەوە، چونکە لاشەی بۆگەنیش لەلای ئەو خواردنێکی بەلەزەتە.

مام حەوێز وتی: واباشە فێڵێك بدۆزینەوە.

مەحموود و شێرۆ و فەرحانی دوکاندار: دەی چی بکەین باشە.

ئەحمەدەڕەش وتی: مەڕو ماڵاتەکە لە هەوێز دەرخەین و لەنێو هۆر حەشاریان دەین و چەند کەسانێك با پاسەوانی بۆ بکەن.

وتیان: کاکە گورگ بەترسە و لەو شتانە ناگەڕێتەوە.

ئەحمەدەڕەش وتی: با من کۆتایی بەقسەکانم بهێنم، بزانن بۆچوونەکەم چۆنە ئەوجارە هوون[٢٠١] چ دبێژن، بێژن.

وتیان: کەرەمکە[٢٠٢].

وتی: لەبانی هۆرەکە[٢٠٣] کونێك دەکەین، بۆ ئەوەی گورگەکە خۆی بخزێنێتە نێوی، لە ژێر (کونەکەش واتە لە سابیتە تەڵەیەك دادەنێین و بە وەریسێك[٢٠٤] گریێ ی دەدەین، لەبان وەریس کە دەردەخەین، دەیدەینە دەست عەبدوڵڵا عەباسی خوارزام و

[٢٠١] - هوون: ئێوە

[٢٠٢] - کەرەم کە: فەرموو

[٢٠٣] - هۆر: هەوێزی مەڕ و بزن–هۆل–

[٢٠٤] - وەریس: گوریس

خۆشتان دەزانن (عەبدوللاّ چ پیاوێکی نێرەحەیتەیە، با بەهەموو هێزێکییەووە وەریسەکە ڕاککێشێ و گورگەکە قاچەکانی پێوە دەبن، ئێمەش بە بەرد و دار و بێڵ دەکەوینە سەروگێلاکی تا دەیکوژین و هەر دوو سێ کەسمان خۆمان لە پەرسێوێك مالاس دەدەین و هەر زانیمان گورگەکە بۆ هورەکە خۆی شۆڕکردەوە لێ ی بەدەنگ دێین.

مام حەوێز وتی: خزمینە بۆچوونەکەی ئەحمەدەڕەش پەسند دەکەم، قسەکەی تەواوە، تازە گورگەکە بۆنی خوێنی کردووە بێگومان دووبارە بۆ ئەو هەوارە دەگەڕێتەوە.

هەر بەوەشەوە حەسەن و ئەسعەدی مام هەینی و چەندانی دیکەش بانی هورەکەیان کون کرد و بەگوێرەی ڕێنماییەکانی ئەحمەدە ڕەش تەڵەیان ڕێکخست و وەریسەکەیان لەبان وەدەرنا و چەند جارێك تاقیان کردەوە، بۆ دڵنیابوون لە وەگەڕخستنی من و مام حەوێز و ئەحمەدەڕەش، حەسەن و ئەسعەد و ئیسۆ، عەبدوللاّ و شێرۆو فەرمان بە کۆمەڵ کۆمەڵ خۆمان لە قۆرتێك مەلاس دا.

هەر هەمووومان چاومان بۆ ئەم لا و ئەولا زیت کردبۆوە و دەممان وەك تەڵەی تەقیو داخستبوو، لە ناکاو گورگێگ پەیدا بوو

بەدەوری هورەکە دەخولایەوە تا خۆی گەیاندە بان و لەنێو کونەکە خۆی خزاندە خوارێ.

ئەحمەدەڕەش بەعەبدوللاّی وت:

ئەمڕۆ ڕۆژی تۆیە هەرچەند ئێستا شەوە بتبینم سەرم بەرزکەرەوە دەخیلت بم گورگەکە ڕانەکا.

ئێمەش هەر هەموو کردمانە هەرا و هۆریا و دەنگە دەنگ، گورگەکە دەیویست لە کوونی بانەکە دەرپەڕێ، عەبدوللاّ تا هێزی هەبوو وەریسەکەی ڕاکێشا و گورگ بەتەڵەکەوە بوو، چاوەکانی دەبریسکانەوە.

خەڵکەکەش بە بێڵو دار و بەرد کەوتنە سەر وێزەی گورگەکە و تا کوشتیان.

ئەوێ شەوێ خەڵکی گوندی لە خۆشی کوشتنی گورگەکە خەونەکەوتە چاوانیان، مەڕەزامدارەکانیشیان بەکێرد سەربڕی و دابەشکرا بەسەر خەڵکی ئاوایی و چەندین جار بە نۆڕە چایەیان لە ماڵەوە لێدەنا و دەیانهێنایە دیوەخان، تا شەبەق و کازیوەی بەیانی باس هەر باسی شەوە دۆژی[٢٠٥] گورگ بوو.

---

[٢٠٥] - دۆژ: دۆزەخ

هەرکی دەهات ئافەرینی لە ئەحمەدە ڕەش دەکرد بەوەی گزنی و هەپەیەکی باشی چێکرد، نەوەك خەڵکەکە زۆر زەرەرمەند دەبوون.

* * *

مام دێوانە

جارێکیان پیاوێکی غەوارەی نێرە حەیتە و تێکسمڕاو هاتە مزگەوت و سلاوی کرد و بەخێر هاتنێکی گەرمی لێکرا.

مامۆستا وتی: یاخوا بەخێر بێن، جەنابتان چ کارەن.

میوانەکە وتی: قوربان کار ناکەم، تەنها گەر بکرێت بۆ خۆم زەکات لێرە و لەوێ کۆ دەکەمەوە،

یەکێك وتی: یانی جەنابتان دێوانەن.

میوانەکە وتی: بەڵێ.

ئەحمەدەڕەش وتی: لەسەروسیمای جەنابتان وادیار دەکەوێ هەرگیز گوناهتان نەکردبێ.

(بەشان و باهوو و شەوکەتی مام دێوانەی هەڵدەدا)

دێوانە وتی: چۆن گوناهم نییە.

مام حەوێز وتی: گوناهەکانت چین؟

دێوانە وتی: هەر نەبێ کە لە گیاییێکم قرتاندووە و یان پام لە مێرووێ ناوە.

خەڵکەکە کردیانە پێکەنین و هەندێ زەکات و خێریان بۆ هێنا..

* * *

رۆژانی مەولوود

ئای کاکە، خۆزگەم بەوشەوانەی کە لەحوجرەی مزگەوت، یان لە دیوەخان مەولوود دەخوێندرایەوە، دەبووە خۆشی و شادییەك هەر مەپرسە.

خەڵکەکە زۆر بەجۆش و خرۆش و بەشەوقەوە ئامادە دەبوون، خواردن و خواردنەوەییەك وەچنگ بکەوتاییە ئەوا خێرا دەیانهێنایە حوجرە، چایە، قاوە، فیسۆن، پاقلاوە، داندۆك، مێووژ، قەسپ، جگەرە، ئاوی سارد و پڕ بەفر، جار نا جارێك بەسەلەوات لێدان دابەشدەکران، باوەڕ بکەندەبووە گۆڤەندێك هەر ماشەڵڵای دەویست، جەنابی مامۆستا مەلا ئیسماعیلی گوێری شیعری زۆر جوان و بەپێزی هەبوون نازناوی شاعیرییەتی(خەمبار و حەزین) بوو، عەسرێ رۆژی مەولوودی پێغەمبەر(د.خ) مەولوود خوێندرایەوە و مامۆستاش ئەم هۆنراوەی خوێندەوە کە دەڵێ:

ئەورۆ رۆژی بوونتە ئەی فەخری جوملەی عالەمین
خۆشی و شادی پڕی کرد ئاسمان و رووی زەمین
تەیر و وەحش و خاك و باوو جن و ئینسان و مەلەك
وا لەناو گشتیان بەجارێ بوو بەشادی و هەڵپەڕین

نێرگز و لاله و کولوکو عەتر و ڕەیحان و چەمەن

گوڵ هەموو پشکووت بەقوربان خونچە هاتە پێکەنین

تۆ لەگەڵ جبریل لەمەککە چووی لەبۆ قودسی شەریف

تا مووشەڕەف بێ بەنعلت بۆیێ تۆزی دابەزین

عرش و کورسی کەوتنە سجدەبیستیان تەشریف ئەکەی

حازرن بۆ پێشوازیت ئەنبیا و کەڕوبین

فتدلی ئاشکرای کرد سڕی وا گەورە و گران

هاتنە تەبریکی تۆ جەمعی مەلائیك چین چین

کەس نییە مەدحت تەواوکا ئینس و جن کۆبوویتەوە

چونکە چووی بۆ دەعوەتی حەق بووی بەفەخر ولموڕسەلین

حەق سەلامی کرد لەتۆ هەر ئەمری هەی بوو پێی وتی

جا بووە قاسید لە بەینی ئێوە جبریلی ئەمین

شاهو دەروێش حازری ماچکردنی پای موستەفان

تۆزی ژێر نەعلت بە(واللە)ی شیفایە بۆ برین

تۆ بە یەك ئیشارە مانگت کرد بەدوو لەت سەیدی

سەت سەلات و سەت سەلامی خوا لەتۆ ئەی شاهی دین

جوانی یوسف دەنگی داود حیکمەتی لوقمان ئەتۆی

چی لە ئەرز و ئاسمان بێ تاوەکو عەرشی بەرین

بەحر و بەڕ ئینسان و جن دەشت و چیا

هەر لەبەر تۆ خەڵقی کردن زاتی رەبولعالەمین

گەر ئەتوو نەبوای زەمینی چی سەماوات چی ئەکرد

هات سەدای(لولاك لولاك) لە حەیی زولمەتین

دوانزەی مانگی رەبیعە بو بەجەژنی خاس و عام

تاریکی کوفری نەما ڕۆیی لە ترسی نوری دین

هەر کەسێ مەولوودی تۆی لا گەورەبێ و خزمەتبکا

خوا نەجاتی دا لە دەستی نەفس و شەیتانی لەعین

تۆ خەبەرداری لەحاڵی ئوممەتی ماتوزەلیل

بێ بەهاوار زوو بە زوو یا رەحمەتەن لیلعالەمین

دڵ لەناو لافاوی غەم سەلبی ئەمەل باسکی شکا

چاوەڕوانین بۆ سەفینەت یا دەلیلەلحائرین

دەست بەتاڵ و پڕ گوناهو پڕ خەتا و شەرمەندەمە

گەر ئەتوو لوتفت نەبێ هاوار لە خۆمی بێ مەعین

سەد دەخالەت یا محمد کۆلەیی دەرگای تۆم

ئومەتی تۆم هەم خەمبار و بێ مایە و حەزین

* * *

مشتومڕ لە دیوەخان دا

پیاوێکی بەتەمەن گێڕاییەوە وتی: تەمەنم چەند بەهارێك دەبوو زوو زوو دەچوومە دیوەخان وەکو پاکار بەردەستیم دەکرد ئاوم دەگێڕا، چاییەم دادەنا، خوانم ڕادەخست، ئیشو کارەکانی ئامادەبووانم رایی دەکردن.

گوندەکەی ئێمە هەر هەمووی خزمی یەکتری بوون، لێ دوور ونزیك نازانم پەیوەندییەکان چۆن چۆنی بوون، هەر هێندەم زانی لەمیانەی دوو پیاو بووە ناکۆکی و مشتومڕێکی ترسناك تا گەیشتە ئەوەی لەیەك هەڵسانەوە و بووە شەڕە جنێو، خەڵکی و کەیخودای گوند نێوانیان کردن و نەیان هیچشت پەرە بسێنێ، دیوەخان هێمن و ئارام بۆوە، یەکێك بەویتری ووت: بەشەڕەفم، بەگۆڕی دایکم ئەو شەوە هەر دەتکوژم، جا بۆ کێ دەچی.

وتم: ئەو سەربووردەییەی جەنابتان، پێدەچێ حەفتا ساڵ زێتر بێت.

وتی: ئا، ئا تازە سمێڵم دەهات.

وتم: دەزانی ئەوەی بووە دەمەقاڵێ و مشتومڕیان کێ بوون؟

وتی: بەڵێ، لێ حەزناکەم ناوەکانیان بهێنم.

ووتم:ئێ ی، پاشان.

وتی: ئەوەی گەڤی کرد، کوڕێکی جوامێر و لاوچاکی گوندی بوو، شەو هاتە لای باوکم و بەباوکمی ووت: دەزانی ئەوڕۆ لەدیوەخان هەڵەییەکی خراپم کرد خۆ بەخۆتان دەزان ئەو ناحەز وخەنیمی لەگوندی هەیە دەترسم ئەو شەو بچنە سەر ئەو کابرایە و دوایی لەسەری منی ساغ کەنەوە، لەقسەکانم پەشیمانم.

کابرای بەتەمەنوتی: جا باوکم قسەکانی پەسند کرد و وتی: راست دەکەی، ژ مێژە رقیان لەو کابراییەیە، منیش دەترسم زەبرێکی لێبوەشێنن و تۆی پێ تاوانبار بکەن و دەستی بەگویان بەسەری تۆ بسڕنەوە.

کوڕە وتی: بڕیارم داوە ئیمشەو پاسەوانی لەماڵی ئەو بکەم..

باوکیشم وتی: مادام وایە منیش دێم دەگەڵیان چووم.

باوکمو کوڕە و من لە پەناگێیك لەنزیك ماڵی کابرا دانیشتین و پاسەوانی ماڵی ئەومان دەکرد.

لەپڕ و ناکاوێکدا، یەك لە ناحەزانی کابرا بەخۆی و تفەنگی دەستییەوە بەدیار کەوت و بەئەسپایی خۆی لە دیواری حەوشەی کابرای هەڵزا، باوکم و کوڕەکە تفەنگیان لێسوار کرد و وتیان: کابرا نەبزویی و لەشوێنی خۆت بووەستە.

کابرا تفەنگەکەی لەسەر زەوی دانا و ئاوڕێکی داوە باوکم و کوڕەی بینی.

وتی: بۆ خاتری خوا ئەمن کردم ئێوە نەکەن، وەللاٚ کارێکی هەڵەم کرد.
باوکم وتی: دەتویست کابرا بکوژی و لەپاشان ئەمە تاوانبار بکەی.
وتی: کە لەدیوەخان بووەشەڕە جنێو و مشتومڕ، من ئەو کێشەییەم بەدەرفەت زانی، خۆ تۆش شەڕەفت خوارد بیکوژی،
ووتم: دەچم دەیکوژم و لەسەر منیش ناشکێتەوە.
باوکم وتی: توخوا، تۆ موسڵمانی، خۆت بە موسڵمان دەزانی، خزمایەتی و ئاشنایيەتی ئەوها دەبێ، دەزانی دەبووە چ سۆدەرە و گۆبەندێك.
وتی: کاکە، تۆبە، ئێوە و خوا با ئەو مەسەلەییە تەنها بەخۆمان بیزانین.
کابرای بەتەمەن وتی:
باوکم مام کوێخای ئاگادار کردەوە و شەوی پاشتر لەسەر سوێند و خاتری کوێخا چووینە ماڵی گەڤ لێکراوەکە و هەر هەموویان یەکتریان ماچ کرد.
جا مامۆستا باوەڕ بفەرموو ئەو ناحەزانە هێندە بوونە برادەر سوێندیان بەسەری یەکدی دەخوارد (سبحان الله)بەو جۆرە ئاشت

بوونەوە و ژن بە ژنیان لەگەڵ یەکتری کردوو هەر سێکیان بوونە باپیرە، ئێستا یەکیان لە ژیان ماوە.

* * *

ئەستەغفیروللا بکەم، یان سوبحانەللا

پاش نوێژی عەسران، ئێمەمانان پەیتا پەیتا ڕوومان لەحوجرەی مزگەوت دەکرد، لەخزمەت مامۆستا مەلا ئیسماعیل دادەنیشتین و جا ئەوەی پرسیاری هەبوی دەکرد و جەنابیمامۆستاش بەپێ ی شەرع بەرسڤی پرسیارەکانی دەدایەوە.

ڕۆژێکیان صۆفی حەمەد وتی: ئەریّ، مامۆستا ئەستەغفیروللاّ بکەم یان سوبخانەللاّ؟

: سۆفی پێش ئەوەی وەلامی پرسیارەکەت بدەمەوە، با من پرسیارێك لەبرایێ خۆم بکەم!

سۆفی: فەرموو مامۆستا

مامۆستا: ئەگەر جل و بەرگت ئەوەی دەبەر خۆتی دەکەی پیس و چڵکن بوو، دەیشۆری یان بۆنی لێدەدەی؟

ئەویش وتی: بێگومان دەیشۆرم و بژوێنی دەکەم.

مامۆستا فەرمووی: کاکی خۆم، تا پێت دەکرێت ئەستەغفیروللاّ بکە، چونکە ئەستەغفیروللا وەکوئاو و ئەسپوونە، پاککەرەوەی

جەستەیە لەهەرچی گوناه وخراپەکارییەك هەر ئەویش هۆکارێکە بۆ بژوێنی و رۆح.

هێشتانەکینێ ماومانە بگەینە ئاستی سوبحانەللاّ، چونکە سوبحانەللاّ وێرد و زیکرە بۆ تەقدیس و تەبجیل و تەنزیهی ئەو خودایە، واتە بۆنی عەتری عەنناب و رەیحان و مسك وکەوسەری نێو بەهەشتە، کەی خۆمان خاوێن و پاککردەوە، دەروون و رۆح گەیشتە ئاستێك بۆ لەئامێزگرتنی زاتی خودا و تەنها و تەنها موحەبەت و خۆشەویستی هەر ئەو مەبەست بوو، ئەوجا نۆرەی سوبحانەللاّیە، کە شایانی هەموو دونیا لەئاست و بەرانبەریدا سووك و ملکەچن، خوای گەورەش هەر بەخۆی ئەرحەمولراحمینە.

* * *

فەرهەنگۆك

وشه	مانای	وشه	مانای
ئۆخژن	ئۆخەی، هەست بەخۆشیکردن	ئەنگورە	سەرتای تاریکی شەو
ئوتاق	ژوور	ئۆغرم	کارەسات
ئاژدان	یاساولّ، ئینزیبات	ئەسکورد	مل، گەردن، ئەستوکور
ئالۆش	خوراندن	ئاجیل	چەرەزات، تۆخم
ئاپوورە	قەوغا، قەلەبالغ، پر، تەژی	ئاچەر	کلیل
ئەفسوون	جادووگەری، سیحرباز	ئاورینگ	پریشکی ئاگر
ئاخێوەر	بژنەو	ئاکار	سنج، رەوشت
ئەلواتی	خانم بازی	ئارا	بۆچی
پاکار	بەردەستی کوێخا	پەلکان	پەیژە، قاندرمە
برژۆل	برژانگ، مژیلان	بۆلژن	بۆلە
پەژموودە	بێتاقەت	باسەن	تن، قینگ
پەسیو	پەنا	پیاگ	گاوڕا، زەلام، پیاو
پرزە	نەفس، دەروون	باروبوو	کۆمەك،هەرەوەزی، بێشە

بالووله	پارو، لوقمه	باژەله	سکچوون
بەدمەست	سەرخۆش	بادە	شەڕاب
باخێوم	بدوێم، قسەبکەم، بئاخفم	بادەنۆش	ئارەقخۆر
پرزوو	عەزم	پیتۆل	فەیلەسوف
پرژ	رشاندن	پەرچوو	موعجیزە
پەنام	نهێنی	پایان	تەواو
دودمان	کوانوو، دیوەخان	دڕووغ	درۆ، باقرۆ، درەو
دەیجوور	تاریك	دەسبار	موسریف، دەستبلاو
دەفر	قاپ، ئامان	دینارِ	حەکیم، زۆرزان
دۆژ	دۆزەخ	تەوهین	ئیهانە
تاراج	تالآن	ترەختان	بەپەلە، خێرا
تەلا	ئاڵتوون، زێر	تۆلاز	لاو، جحێل، گەن
تاوێر	گاشەبەرد	تەوح	حەز
تەژنە	تێنوو	تیکە	بالووله، لوقمە
تێڕك	مشەما بۆ تێکردنی ئاو	تێکسمڕاو	نێرە حەیتە، زرتە زەلام
تووك	نزای خراپ	چەنگەڵ	دارستان
چەتوون	گەمژە، گێل	چاوبەنگی	چاومەست

چەمپەرە	شینی ژنان بەنۆرە	چاڤا	چۆن
چما	بۆ، بۆچی	چووك	کێر، کلك
چەمەر	کۆت	جەخار	کارەسات
جوامێر	ئازا، بوێر، نەفس بەرز	جەفەنگ	شۆخی، گاڵتە، قەشمەری
جەردە	چەتە، چەتەوڵ	جێکێش	گەواد
حاشا و مادوللا	ئینکار کردن	حلێب	قبووڵ
خواهەر	خوشك	خاکسار	هەژار و نەبوون
خانەکۆل	بێ نەوا، بێ شوێن	خورشید	خۆر، رۆژ
خەر	کەر	خەرگ	قورِ، لیتە
خاوەر	رۆژهەڵات	خومار	چاوی جوان
خەنیم	دوژمن	خولا	خوا، خودا، یەزدان
رابەزە	هەستە برۆ	رمێن	رەواج، برەو
رمووزن	جندۆکە، ونی، لیمەچێتر	راڤکار	نێچیرڤان، راوچی
راسان	دەستهەڵبرین بۆ ترسکردن	راستاڵ	جێ ی متمانە پێکردن
رواڵ	کامیل، بالیغ	رێژگاو	خەیاڵ، ئەندێشە
زۆرهان	پیری پەککەوتە	زەنوێر	سازگار

زەمەند	گیای بەرزو پڕ	زیبا	جوانی بۆ کچ
زاهید	خواناس	زێوان	حەرەسیگۆڕستان
زارۆك	منداڵ	زلووك	دەنکە شقارتە
ژیوان	پەشیمان	کاپان	ڕێ ی تەسك
کەیخودا	ردێن سپی، قسەڕۆیو	کامڕەوا	بەئاوات گەیشتوو
کتارۆ	زەعیف، لاواز	کاخ	کۆشك
کۆز	منداڵ	کازێوە	زەردەپەڕ، شەفەق
کەیبانوو	خێزانی پیاو	گلّکۆ	گۆڕ
گۆڵمەز	هەراوهۆریا	گۆڤان	بەڵێن، شەهادە
گەواهی	شاهێدی	گزنی	فیێڵ
گومڕا	وونبوون	مزاش	نانی گەنم و جۆ
مەڕافە	شەڕوهەرا	مەگیزە	دەروون، نەفس
مژین	مێتن، مەس	مۆش	بێقیمەت
مەند	لەسەرخۆ، راوەستاو	مۆتەکە	کابووس، مێردەزمە
مەکۆ	بارەگا، مەقەر	مانەند	وەکو ، شەبیە
ملهوڕی	بێدادی، زۆرکاری	نەوێژ	کەمدووو
نێرەحەیتە	زرتە زەلام	فەراهەم	ئامادەکردن

فراوێتن	شەڕەجنێو بەشیعر	فریادرەس	یارمەتیدەر
فڕکە	باڵەفڕ، فڕۆکە، تەیارە	فەرمەسۆن	کافر، بێدین
قەرەول	زێرەڤان، حەرەس	قەوغا	قەلەباڵغ، پڕ
قۆرچی	پاسەوان	قالوبەلا	رۆژی قیامەت
قەرەواش	خزمەتکاری ژن	قەیچی	مقەست
سۆما	هێزوتین	سالووس	دووڕوو
سەردار	هاوسەری ژن	سۆدەرە	گۆبەند، فیتنە
سازشت	مساوەمە	سابیتە	بنمیچ، سەقف
سیمەن	مەنی پیاو	سەرگوم	وون، بزر
سەرمەست	سەرخۆش	سلسار	بێشەرم
ستری	دڕوو، زی، دڕك، چقڵ	سەلیتە	بێشەرم، بێ حەیا
شڤار	درێژ	شەوسوو	سبەی
شەمچە	شقارتە	شاشبەن	میزگێران
شابەز	گەورە بازرگان	شەوی	کراسی درێژ
شەوەشیر	قەرتاڵە	شۆخار	دووزمان، سیخوڕ
شاتر شایان	تەتەر، خۆشڕۆ تەرازوو	لاژگ	بێ هۆش، گەمژە

لەلە	خزمەتکاری منداڵ	لاژە	سڤیل، سادە و ساکار
لاقرتێ	هەزەلی	لەندەهوڕ	زرتە زەلام
وڵسات	ماڵات	ووڕتە	متەق
وەزەنگ	زەرەر، زیان	وەیشوومە	کارەسات
وەرزاخ	کێوی سەخت	وارکۆ	وچاخ کوێر، نەزۆك
وارش	شوورە	هەی دۆ	بانگ کردنی ئافرەتان بۆ شایی
هەرزەگۆ	زۆربڵێ	هەژگ	کەیف پێ نەهاتن
هەلەپەلە	خێراکردن، عەجەلە	هەپە	فیڵکردن
هوون	ئێوە	هەتەران	وڕێنە، هەزیان
هەرمێن	قەرەباڵغ، قەوغا	هەقۆل	بێنەفس، نەفس نزم
هاوێر هاوێر	لێکجیاکردنەوەی دایك و بێچوو	یارۆ	گەلۆ
یەغنیش	گەلحۆ	یایە	خاتوون

ناواخن

پێشەکی.................................. ٧

پیاوە گەورەکە ونهێنی...................... ٩

کەرامەتی حەزرەتی شێخ عەبدولقادر گەیلانی........ ٩

دزی لە ئارامگای شێخ عەبدولقادر گەیلانی........ ١١

مامۆستا و ئیسمی ئەعزەم..................... ١٤

مەلا شەریف و چایخانە........................ ١٨

بەرپرس دەبێ چۆن بێ......................... ١٩

کچی خۆمی دەدەمێ........................... ٢٥

دز و تفەنگ................................. ٢٧

مەولوودی پێغەمبەر(د.خ)..................... ٢٨

بوختانکردن بە ئافرەتێك....................... ٣٦

مام سالّحی تەلەلخێمی........................ ٥٢

مانگ دیتن.................................. ٥٣

فەقێ و ئیسمی ئەعزەم....................... ٥٤

شەوەشێر.................................. ٥٦

جگەرەکێشان................................ ٥٨

سەدەقەکردن................................ ٥٩

باب دەستنوێژی بشکێ ٦٢
رەحمەت لەو ٦٢
کورتان دروو ٦٣
بەردە دێمە خوارەوە ٦٤
کڕینی هێستر ٦٥
تەڵاق دانی ژنێك ٦٧
نیگارکردن لەسەر بەفر ٧١
فیتا و فیت ٧٢
هەوری ٧٣
جگەرەخواردن و سوێندخواردن ٧٤
دوعاکردن ٧٥
زمانی عەرەب ٧٦
پاشای فارس ٧٧
دزیکردن ئەوها دەبێ ٧٨
دزیکردن ٨٠
کەری ناو کۆڵانان ٨١
پەتك دزین ٨٢
دادوەری ڕێوی ٨٣

نا، تۆ خاڵم نی.. ٩١
میوان و هەنگوین.. ٩٢
ماشین و تەلیسی کا.. ٩٣
ئاخر لووسە دەخزم.. ٩٤
رزگاربوونی کۆرپە.. ٩٤
مەڕی قوربانی.. ٩٥
قورئان خوێندن.. ٩٧
جۆ بخۆ.. ٩٩
بادەنۆش.. ١٠٠
تۆبەی نەصوح.. ١٠١
دوو برایەکە.. ١٠٤
هەڵەکردنی پیاوێك.. ١٠٦
خۆزگەی فەقێیان.. ١٠٧
دەستنوێژ.. ١٠٨
دیرهەم و دینار.. ١٠٩
عیماد بۆ خۆی کوشت.. ١١٠
لەمنیان دەداو ئەتوشیان.. ١١٦
ئەقل.. ١٢٥

پیاوی باش........ ١٢٦
بەرۆژوو بوون........ ١٢٧
سێ سیفەت........ ١٢٩
تەمبەڵ خانە........ ١٣٠
نەخۆشبوونی کوڕێك........ ١٣٢
هەمووتانم فێرە........ ١٣٤
گەمژەیی کوڕێك........ ١٣٦
مردنی کوڕێك........ ١٣٧
گریانی پیاوێك........ ١٣٨
قاز چۆن ئاشکرا بوو........ ١٤٠
مەڕەکە چۆن مردار بۆوە؟........ ١٤١
کۆرە........ ١٤١
وەکو مریەمی........ ١٤٣
کەر تۆپیوە........ ١٤٣
مەلا صالح گۆزە پانکە........ ١٤٤
شەیتان........ ١٤٥
مام کێخوا........ ١٤٥
حەمید خرپ........ ١٤٦

مزگەوتی خانەقاو قۆندەرە دزین............................... ١٤٧
پاڕانەوەلەخوا.................................... ١٤٨
کەبابستان.. ١٤٩
تارای بووک.. ١٥٠
مەلاژن و گۆشت.................................... ١٥٢
ئارد لێکردن....................................... ١٥٣
کونەبەبۆ... ١٥٤
بەڵێندان.. ١٥٥
ئافرەت... ١٥٦
پاشاو بەڵێن....................................... ١٥٧
ژن خوازی... ١٦١
رژدی... ١٦٣
سەفەر بۆ پردێ..................................... ١٦٤
گوێ ی خۆم دەگەزم................................. ١٦٦
کوڕەدزەکە بگرن.................................... ١٦٨
گوندی کانی مانگا.................................. ١٦٩
کەری تۆپی.. ١٦٩
یازەراق... ١٧٠

خشلی بەهەشت............ ١٧١
شێتەکەی مەهاباد............ ١٧١
پیاهەڵدان بەژن............ ١٧٤
مام ئاغای قەڵاتی............ ١٧٨
ترەکەی پردێ............ ١٧٩
تۆبەکردنی پیاوێك............ ١٧٩
نەخۆشەکە چۆن چاك بۆوە............ ١٨٠
خێری تێدایە............ ١٨٤
حەجەکی ترم بەمل داهات............ ١٨٧
جوان پۆشی............ ١٨٩
قەڵاو منارە............ ١٨٩
پیاو ماقووڵ............ ١٩٠
شێر دەچێتە بەهەشتێ............ ١٩٠
مامە پیرە بەپارە قسەی دەکرد............ ١٩١
خەڵاتی گۆرستان............ ٢٠٣
کورتەك و شەلوار............ ٢٠٨
تەڕ مێردیان کرد !!............ ٢٠٩
کفر ئەحمەد............ ٢١٠

کەواکەی پورە هەمین............................... ۲۱۱

عەلی بەردە شانی شایەر.............................. ۲۱۷

کرینی گوێدرێژ.................................... ۲۱۹

کوشتنی گورگ..................................... ۲۲۱

مام دێوانە.. ۲۲۵

ڕۆژانی مەولوود................................... ۲۲۶

مشتومڕ لەدیوەخان دا................................ ۲۲۹

ئەستەغفیروللا بکەم یان سوبحانەللا.................... ۲۳۲

فەرهەنگۆک.. ۲۳۵

یارۆ ...
ئەوەی بەردەستتان ، بەرهەمی چەندین ساڵی پڕ لە حەز و ئارەزووی دانیشتنەکانی دۆدمان و حوجرەی مزگەوتەکانە ، لە هەر قسەیەکی جوانی ڕەونەقدار و مانادار و هەڵسوکەوتێکی شیاوی سەرنجراکێش کە بە تەوحەوە گوێی بۆ ڕاگیراوە و ناخی پێ جۆشدراوە . ئەوجا منیش هەر ئێستاونها ، والای دەکەم دەیخەمە بەر سەنگی مەحەك و دەیپژوێنم ، بە بۆن و بەرامەکەی هزر و دەروونی تەژنەتان پێدەپرژێنم .

نووسەر

٢٠٠٠ دینار

چاپخانەی ڕۆشنبیری